چاپی چواردەم

بەشێک لە پەیامەکانی نوور

# ڕابەری لاوان

بە دیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

بەشێك لە پەیامەکانی نوور

# ڕابەری لاوان

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فاروق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

تێبینی‌یەك:

ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەری بەڕێز، لــە چەند باسێکی "پەیامەکانی نــوور" پێکـهاتووە، کە ســەرجەمیان ئاراســتەی (لاوان)ی کــوڕ و کچ کراون. مامۆستا نوورسی بــۆ خــۆی لــەو پەیامانە هەڵی بژاردوون و، بەم شێوەیە بڵاوی کردوونەتەوە. (وەرگێڕ)

# وتەی یەکەم

## بسم الله الرحـمن الرحيم

"بسم الله..." سەرەتای هـەموو کـارێکی خێر و گرنگـە، بۆیـە ئێمـەش لـە سەرەتاوە باسی دەکەین و بە "بسم الله" دەست پێ دەکەین.

بزانە ئەی نەفسەکەم!

ئەم وشە پاراوە پیرۆزە هەروەك دروشمی ئیسلامە، لە هەمان کـاتدا زیکـر و ویردی هەموو بوونەوەرانیشە بە زمانی حاڵیان.

ئەگەر دەتەوێت تێبگەیت کە چ هێزێکی گەورە و بێ بڕانەوە لەم وشـەیەدا هەیە و، بزانیت چ بەرەکەتێکی مەزن ونەبڕاوەی لەخۆ گرتووە، ئەوا گوێ بۆ ئەم چیرۆکە کورتە ڕابگرە:

هـەر دەشتەکیەك بیـەوێت بـەناو دەشـت و دەر و بیابـاندا بگـەڕێت و بـە ئـازادی کارەکـانی جێبـەجێ بکـات، دەبێ بۆ ئـەم مەبەستە پـەنا بەرێتـە بـەر هۆزێکی ئەو ناوچەیـە و نـاوی سـەرگەورەی ئـەو هـۆزە بزانێـت و پشتیان پێ ببەستێ، بۆ ئـەوەی لـە زیـانی چەتـە و شـەڕفرۆش و ڕێگـران پـارێزراو بێـت و پێویستیەکانی جێبەجێ بکات. خۆ ئەگەر ئەم کارە ئـەنجام نـەدات، ئـەوا بـە تەنـها دەسـت دەمێنێتـەوە لـە بەرامبـەر چـەندەها دوژمـن و هـەزاران پێویستیی ژیاندا.

جارێکیان دوو کەس بەرەو گەشتێکی وا کە باسمان کرد کەوتنە ڕێ. یەکێکیان مرۆڤێکی لەخۆبوردە بوو، بەڵام ئەوی دیکەیان سەرکەش و لەخۆبایی بوو.

یەکەمیان پەنای بردە بەر سەرۆك هۆزێك.. بەڵام دووهەمیان ئەمەی نەکرد و گوێی پێ نەدا..

ئیتر هەر یەکەیان بە لایەکدا ڕۆشتن.

یەکەمیان کە دەگەیشتە هەر جێیەك و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە دەیانزانی سەر بەو هۆزەیە، ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت و بۆ خۆی دەحەسایەوە، خۆ ئەگەر یەکێکی چەتە و ڕێگری پێ بگەیشتایە، ئەوا دەستەڵات و هێزی ئەو خێڵە دەبوو بەهۆی ئەوەی دەست نەخرێتە ڕێی. بەم شێوەیە و بەوپەڕی ئازادی و نەترسانەوە گەشتی خۆی تەواو کرد و کارەکانی بەجێ هێنا.

بەڵام کابرای سەرکەش و یاخی، ئەوەندە ناخۆشیی تووش بوو کە لە باس کردن نایەت. بە درێژایی گەشتەکەی لە ترس و بیم و خەفەت و سوالکردندا بوو. بەو جۆرە، خۆی زەلیل و ڕسوا کرد.

ئەی نەفسی سەرکەشی یاخیبووم!

چاك بزانە کە تۆ ئەو ڕێبوارەیت..

ئەو بیابانە پڕ لە مەترسی‌یەش ئەم دنیایەیە..

هەروەها باش بزانە کە "هەژاری" و "بێ دەستەڵاتی"ی تۆ سنووریان نی‌یە و، دوژمنەکانت تابڵێی زۆرن و پێویستی‌یەکانی ژیانیشت لەبن نایەن.

کەواتە پەنا بەرە بۆ خاوەنی ڕاستەقینە و کاربەدەستی هەتاهەتایی ئەم دەشت و بیابانە، بۆ ئەوەی دوور بیت لە سەرشۆڕی و پاڕانەوە بەرامبەر بوونەوەران و، ترست لە هیچ ڕووداوێکی سامناك نەبێت لە ڕێگاتدا.

بەڵێ، وتەی "بسم الله" گەنجینەیەکی گەورەی وایە کە "هەژاری" و "بێ دەستەڵاتی"ی مرۆڤ بە میهرەبانی‌یەکی گەورە و دەستەڵاتێکی هێندە نەبڕاوە و بێ کۆتاییەوە پەیوەست دەکات کە جڵەوی بوونەوەرانی هەر لە گەردیلەکانەوە تا گەلەستێرەکان لە دەستدایە. بە شێوەیەك کە ئەو "هەژاری" و "بێ دەستەڵاتی"یەی مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەیەك کە دەبن بە تکاکار و، نزا و پاڕانەوەیان لە دەرگانەی خواوەندی بە دەستەڵات و میهرەبان و شکۆمەنددا گیرا دەکات.

بەڵێ، هەر کەسێ هەڵسوکەوت و کاروباری شەو و ڕۆژی "بە ناوی خوا"وە ببات بەڕێوە، وەکو سەربازێك وایە کە هەموو کاروبار و هەڵسوکەوتێکی بە ناوی یاسا و دەوڵەتەوە ئەنجام بدات و بەو هۆیەوە بەرەوڕووی هەموو مەترسی‌یەك ڕابووەستێت، چونکە بە ناوی یاسا و دەوڵەتەوە دەدوێت و کارەکانی ئەنجام دەدات.

لە سەرەتاوە وتمان: هەموو بوونەوەران بە زمانی حاڵیان دەڵێن "بسم الله".
ئایا ڕاستە وایە؟

بەڵێ، گومانی تێدا نی‌یە کە ئەگەر تۆ کەسێکت بینی خەڵکی دەدایەبەر و دەیبردن بۆ مەیدانێك و هەندێ کاروباری جۆراوجۆری پێ جێبەجێ دەکردن، یەکسەر بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کەسە بە ناوی خۆیەوە ئەم کارانە ناکات و توانای زۆر کردنی لەو هەموو خەڵکە نی‌یە، بەڵکو سەرباز و فەرمانبەرێکی دەوڵەتە و، بەهۆی هێز و دەستەڵاتی دەوڵەت و بە ناوی یاساوە ئەو کارانە جێبەجێ دەکات و، پشت بە پادشا و فەرمانڕەوایەك دەبەستێت.

هەروەها هەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا کارەکانیان "بە ناوی خوا"وە جێبەجێ دەکەن، تەنانەت بچووکترین تۆوی درەخت، بە "ناوی خوا"وە چەندەها درەختی گەورە و کۆڵی قورس لەسەر سەریان هەڵدەگرن..

هەروەها هەر درەختێك كە "ناوی خوا" دەبات، دەستەكانی لە میوەی زۆر و ڕازاوەی گەنجینەی بەزەیی و میهرەبانیی خوای گەورە پڕ دەبێت و، بەوپەڕی ئاسایی و ڕێزەوە پێشكەشمانی دەكات..

هەروەها ڕەز و باخ و بێستانەكانیش كە "ناوی خوا" دەبەن و پەنا دەبەنە بەر دەستەڵاتی بێ سنوور و نەبڕاوەی خوای گەورە، ئەوا خواردەمەنیی جۆراوجۆر و بەتام و لەزەتیان تێدا پێدەگات..

هەروەها ئەو ئاژەڵە بەپیت و پڕ سوودانەی وەك بزن و مەڕ و مانگا و حوشتر، هەر یەكەیان كە "ناوی خوا" دەبات، گوانی دەبێتە كانییەك و شیری لێ هەڵدەقوڵێت. بەم چەشنە و بە "ناوی ڕۆزیدەر"ەوە خاوێنترین و باشترین خۆراكمان پێشكەش دەكات..

هەروەها ڕەگ و بنەچەی هەر ڕووەك و درەخت و گیایەك بە "ناوهێنانی خوا" بەردی ڕەق و تەق دەسمێت و بە تاڵە مووە ئاوریشمییەكانی كونی دەكات! بەم جۆرە و "بە ناوی خوای میهرەبان"ەوە هەموو كارێكی گرنگ و هەموو شتێكی گرانی لە ڕێدا بۆ ئاسان دەبێت.

بەڵێ، كاتێ كە درەخت لق و پەلەكانی لەناو هەوادا بڵاو دەكاتەوە و بەروبوومەكانیان لەسەر هەڵدەگرێت.. كاتێ جێی لق و پەلی ڕەگەكانی لەناو بەردی ڕەق و تەقدا دەكاتەوە تاكو ئەو ڕەگانە خۆراكی پڕسوود لەناو چینەكانی زەویدا كۆ بكەنەوە.. كاتێ گەڵای تەڕی درەخت دەتوانێت بەرامبەر گڕەی گەرما خۆی ڕابگرێت و بمێنێتەوە..

هەموو ئەمانە و جۆرەهای تری وەك ئەمانەش، زللەیەكی توند و تیژن بەسەر دەموپلی ماددییە هۆپەرستەكان و، هاوارێكی گەورەیە لە دژیان و، پەنجە بە چاویاندا دەكات و دەڵێت: ڕەقیی ئەو بەردانە و گڕەی بەهێزی ئەو گەرمایە بە سەربەخۆیی و ئارەزووی خۆیان كار ناكەن، بەڵكو هەموویان

فەرمانی خوایەکی تـەنیای دانـا و زانـا جێبەجێ دەکەن، بـە شێوەیەك ڕەگـە وردە ئاوریشمی‌یەکان وەك: "عەسای مووسا" بەردە ڕەقەکان لـەت دەکـەن و فەرمانی: ﴿فَقُلْنا اضْرِبْ بعصاكَ الْحَجَـــرَ﴾ (البقرة: ٦٠) جێبەجێ دەکـەن.. هـەروەهـا گەڵای تەڕی درەختـەکانیش وەکـو ئەندامـەکانی ئیبراهیم پێغەمبەر - دروودی خوای لەسەر بێت - ئایەتی: ﴿يا نارُ كُـــوني بَـــرْداً وسَـــلاماً﴾ (الأنبياء: ٦٩) دەخوێنن!

جا لەبەر ئەوەی کە هەموو شتێك لە بوونـەوەردا بـە زمـانی حـاڵ دەڵێـت: "بسـم الله" و، ئەمەشـی بۆ دەبێـت بەهۆی دەستکەوتنی جۆرەهـا نیعمـەت و پێشکەش کردنی بە بوونەوەرانی تر، ئەوا دەبێ ئێمەش هـەموو کارێکمـان "بـە ناوی خوا"وە بێت:

بەخشینمان "بە ناوی خوا"وە بێت..

وەرگرتنمان "بە ناوی خوا"وە بێت..

هـەروەها "بـە نـاوی خـوا"وە دەستی لـەخوا بێ ئاگایـان بگێڕنـە دواوە و لێیان وەرنەگرین کاتێ کە "بە ناوی خوا"وە شتان نابەخشن!

پرسیار:

هـەر کەسـێك کـە دەبێـت بـە هۆکـاری ئـەوەی نیعمـەتێکمان دەسـت بکەوێت، هـەردەم لــە پاداشـتیدا ڕێـزی لـێ دەگریـن. ئـەی ئایـا خـاوەنی ڕاستەقینەی ئەم هەموو نیعمەت و ڕۆزی‌یە زۆرانە چیمان لـێ داوا دەکات؟

وەڵام:

ئەو نیعمەت بەخشە ڕاستەقینەیە، لە بەرامبەر ئەم هـەموو جـۆرە نیعمـەت و ڕۆزی‌یە زۆرانەوە، داوای سێ شتمان لـێ دەکات:

یەکـەم: یـاد و نـاوی خـوا بـردن (الذکـر).. دووهـەم: شـوکر و سـتایش (الشکر).. سێ‌هەم: بیرکردنەوە لە گەورەیی ئەو خوایە (الفکر)..

کە لە سەرەتاوە "بسم الله" دەکەین، ئەمە "زیکر"ە..
کە لە کۆتاییدا "الحمدلله" دەکەین، ئەمە "شوکر"ە..
کە لە نێوان "بسم الله" و "الحمد لله"شدا بیر لـە دەستەڵات و موعجیزەی خوای میهرەبان دەکەینەوە لەو نیعمەتانـەی کـە هـەر یەکـەیان موعجیزەیـەکی توانستی خوای تاك و بێ وێنەیـە و، دیارییەکـە لـە دیارییـەکانی میـهرەبانیی فراوانی ئەو خوایە.. کاتێ بیر لەمانە دەکەینەوە، ئەمە "فیکر"ە.

بەڵام ئایا ئەو کەسەی کە دیارییەکی پادشای بە سەربازێکیدا بـۆ هـاتووە چەندە بە بێ عەقڵ و نەفام دادەنرێت گەر لە بریی سوپاسی پادشا، پێڵاوی ئـەو سەربازە ماچ بکات؟

ئایا ئەو کەسەی کە هەمیشە لە شـان و بـاڵی "هۆکارەکـان" دەخوێنێـت و تەنـها ئـەو هۆکارانـەی خـۆش دەوێـت، نـەك نیعمـەتدەر و ڕۆزی بەخشـی ڕاستەقینە، هەزار هێندەی ئەو کابرایە گەوج و گەلحۆتر نییە؟!

دەسا ئەی نەفسەکەم!

ئەگەر ئامادە نییت و ناتەوێ وەك ئەو مرۆڤە گێل و گەلحۆیە بیت..

ئەوا:

"بە ناوی خوا"وە ببەخشە..

"بە ناوی خوا"وە وەربگرە..

"بە ناوی خوا"وە دەست بە هەموو کارێك بکە..

"بە ناوی خوا"وە کارەکانت بەجێ بهێنە.

والسلام.

# چۆن دواڕۆژمان ڕزگار بکەین؟!

(ئەمەی خوارەوە گفتوگۆیەکە لەگەڵ چەند کەسێك لەو لاوانەی کە هاندان و هەوا و ئارەزوو لە هەموو لایەکەوە کەمەندکێشیان دەکات، بەڵام هێشتا ژیریی خۆیان لەدەست نەداوە).

هەندێ کەس لە لاوان داوایان کرد "پەیامەکانی نوور" دەستی یارمەتی و فریاگوزارییان بۆ درێژبکات و، وتیان:

- بەرامبەر بەم هەموو تاقیکردنەوەی: ورووژاندن و، هاندان و، لەخشتەبردنەی گاڵتە و گەپ و، هەوا و ئارەزووی دنیا، کە لەم ڕۆژگارەدا گەمارۆیان داوین، چۆن دەتوانین دواڕۆژی خۆمان بپارێزین و ڕزگاری بکەین؟

منیش بە ناوی کەسێتیی مەعنەویی "پەیامەکانی نوور"ەوە وەڵامم دانەوە و وتم:

- "گۆڕ" لە بەرچاوی هەموو کەسێکدایە، کەس لاریی لێ نییە و، هەموومان - بێ چەند و چۆن - دەڕۆینە ناوی!

چوونەناو گۆڕیش سێ ڕێی هەیە:

*ڕێی یەکەم:* ڕێیەکە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوەی کە "گۆڕ" دەرگایەکە لەسەر چەندین باخچەی دڵڕفێن و جیهانی فراوانی باشتر و جوانتر لەم دنیایە، بۆ ئیمانداران، دەخرێتە سەرپشت.

*ڕێی دووهەم:* ڕێیەکە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوەی کە "گۆڕ" دەرگای بەندیخانەیەکی بەردەوامە بۆ ئەوانەی کە هەرچەندە باوەڕدارن بە دوارۆژ، بەڵام لە گومڕایی و خراپکاریدا ڕۆچوون و پێیان لێ ڕاکێشاوە.

ئەوانە بیروباوەڕیان بەرامبەر بە "بوون" و "ژیان" چۆن بووە، هەر بەو چەشنەش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کەواتە بەو پێیە و لەبەر ئەوەی بە داخوازیی باوەڕەکەیان (کە بە دوارۆژ بوویانە) ڕەفتاریان نەکردووە، ئەوا لە بەندیخانەی تاکە کەسیدا بەند دەکرێن و لە هەموو خۆشەویستانیان دوور دەخرێنەوە و دادەبڕرێن.

*ڕێی سێهەم:* ڕێیەکە ئەو گومڕایانە دەیگرنەبەر کە باوەڕیان بە دوارۆژ نییە. دەبینن "گۆڕ" دەرگایەکە بەرەو ڕووی "نەبوون" و لەناوچوونێکی یەکجارەکی کراوەتەوە. "گۆڕ" - لە بەرچاوی ئەو کەسەدا - قەنارەیەکە خۆی و هەموو خۆشەویستانی لەناودەبات.

ئەمە پاداشتی باوەڕنەکردنیەتی بە دوارۆژ.

ئەم دوو بەشەیان ئاشکران و بە چاو دەبینرێن و پێویستیان بە هێنانەوەی بەڵگە نییە. چونکە مادەم "ئەجەل" بە پەردەی پەنهانی غەیب داپۆشراوە و، "مردن"یش هەموو دەمێك دەتوانێت پێمان بگات و بەسەرمان بکات و، بێ جیاوازی کردن لە نێوان پیر و لاودا بەردەوام لە ئەستۆی مرۆڤ دەدات و ملی دەپەڕێنێت، ئەوا مرۆڤ - کە بوونەوەرێکی لاوازە - هەمیشە ئەم کێشە و مەسەلە سامناکەی لە بەرچاودایە و دەیبینێت و، بێ هیچ گومانێکیش بە دوای شتێکدا دەگەڕێت کە لەو پەتی قەنارەیە ڕزگاری

بکات و، دەرگای تاریکی گۆڕی بۆ بگۆڕێت بە نوورێکی پرشنگداری ئەوتۆ کە بەسەر جیهانێکی نەمر و چەندین باخچەی پڕ لە گوڵزار، لە جیهانی نوور و بەختەوەریی هەمیشەییدا، بکرێتەوە.

بێ گومان ئەم مەسەلەیە مەزنترین کێشەی مرۆڤە، تەنانەت لە هەموو دنیا گەورەتر و مەزنترە.

دەرکەوتنی ئەم ڕاستی‌یە - ڕاستیی مردن و گۆڕ - بەم سێ ڕێگایەی باسمان کردن، سەد و بیست و چوار هەزار لە هەواڵدەرە ڕاستگۆکان ڕایدەگەیەنن، کە پێغەمبەرانی نازدارن - درووودیان لەسەر بێت - و ئالآی تەسدیقی خۆیشیان هەڵکردووە، کە موعجیزەکانیانە..

هەروەها سەد و بیست و چوار ملیۆن لە ئەولیا و پیاوچاکان ئەم هەواڵە دەدەن و تەسدیقی هەواڵی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە دەکەن و دەیسەلمێنن و، لە ڕێی چێژ و بینینی تایبەتیی خۆیانەوە شایەتی لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دەدەن..

هەروەها چەندەها زانای خاوەن لێکۆڵینەوەی لەژمارەبەدەریش، ئەم هەواڵە ڕادەگەیەنن و بە بەڵگە عەقلی و گومانبڕەکانیان - کە دەگەنە پلەی "علم اليقين" - ئەو هەواڵەی پێغەمبەران و پیاوچاکان بە لە سەدا نەوەدونۆی پلەکانی چەسپاندن، دەچەسپێنن[1] ئەوەتا هەموویان بڕیار دەدەن و دەڵێن:

"ڕزگاربوون لە ئیعدامی هەتاهەتایی و، دەربازبوون لە بەندیخانەی تاکەکەسی و، گۆڕینی مردن بە بەختەوەریی هەمیشەیی، تەنها بە ئیمان و گوێڕایەڵیی خوای گەورە دەبێت".

بەڵێ، ئەگەر کەسێ ڕێگایەك بگرێتەبەر و گوێ بە قسەی هەواڵدەرێك نەدات کە هەواڵی بداتێ مەترسی‌یەکی سامناك لەو ڕێیەدا هەیە، با ڕێژەی

(١) یەکێك لەو زانایانە - وەك هەموان دەیبینن - پەیامەکانی نوورە. (دانەر)

هاتنەدیی ئـەو مەترسـی‌یەش لـە سـەدا یـەك بێـت، ئایا ئـەو دڵەتەپی‌یەی کـە لـە چاوەڕوانی کردنی ئەو مەترسی‌یەوە سەری تێدەکات سـەروزیادی ئـەوە نی‌یـە کە خەو و خۆراکی لەلا بیزری؟

خۆ ئەم هەواڵەی ئێمـە لێـی دەدوێـین هەواڵێکـە سـەدان هـەزار ڕاستگۆی تەسدیق کراو کـە لـە سـەدا سـەد ڕاسـت دەکـەن، ڕایدەگەیـەنن و هـەموو بـە یەکدەنگ دەڵێن:

گومـڕایی و سـەرسـەختی، مـرۆڤ دەگەیەنـە سـێدارە و بەندیخانـەی تاکەکەسیی هەمیشەیی گۆڕ، وەك لە بەرچاودایە. ئیمان و خواپەرستیش، بـە دڵنیاییەکی سەد لە سـەد، دارەکـانی سێدارە لەسـەر ڕێـی مـرۆڤ لادەدەن و، دەرگای بەندیخانەی تاکەکەسییش دادەخەن و، گۆڕیش دەکەن بە دەرگایـەك کە بەسەر ڕووی چەندین کۆشك و تەلاری ڕازاوە و ئاوەدان بـە بەختـەوەریی هەمیشەیی و پڕ لە چەندین گەنجینەی پڕاوپڕ و نەبڕاوە، دەکرێتەوە..

ئەوەش بزانـە کـە ئـەوان لەگـەڵ ڕاگـەیاندنی ئـەم هەواڵـەدا، بەڵگـەکانیان پێشکەش دەکەن و شوێنەوارەکانیشی دەردەخەن.

ئێستا ئەم پرسیارەتان ئاراستە دەکەم:

ئایا هەڵوێسـتی مرۆڤی هەژاری بێ نەوا، بە تایبەتی موسـڵمان، بەرامبـەر بەم مەسەلە مەزن و سامناکە چی‌یە؟

ئەگـەر مرۆڤـێ لـە ئیمـان و خواپەرسـتی بـێ بـەش بێـت ئایـا هـەموو دەستەڵاتداریی دنیا، بە هـەموو خۆشـی و تامێکیـەوە، دەتوانێـت دڵەتـەپێ و نیگەرانیی ئەو لاببات کە هـەموو چرکەیـەك چاوەڕێـی نۆرەی خۆیـەتی تـاکو بڕواتە ناو گۆڕەکەیەوە؟

ئنجا پیری و.. نەخۆشی و.. بەڵا و موسیبەت و.. مردنی ئەم و ئەو لەم لا و لەو لادا.. هەموو ئەمانە، دڵـۆپ دڵـۆپ ئەو ئازارە دەچۆڕێننە ناو دەروونی هەموو مرۆڤێکەوە و، هەمیشە بە چارەنووسە بێ گومانەکەی هەڕەشەی لـێ دەکەن. بێ هیچ گومانێك دۆزەخێکی مەعنەوی لەناو دڵی ئەو گومڕا و نەفامانەدا دادەگیرسێت و بە بڵێسەکەی هەڵیاندەقرچێنێت، با لـە ڕواڵەتیشدا تام و لەزەتی خۆشی و جوانیی دنیا بچێژن. تەنها "بێ ئاگایی"یە کە مەستی کردوون و نایەڵێ هەست بەو ئازارە بەسوێیە بکەن.

جا مادەم ئیمانداران و گوێڕایەڵانی خوای گەورە، ئەو گۆڕەی بەرچاویان بە دەرگایەك دەبینن کە لە ڕووی چەندین باخچەی بەختەوەری و ناز و نیعمەتی هەمیشەییدا دەکرێتەوە، بەهۆی ئەو بڕوانامەیەی کە چەندین گەنجینەی نەبڕاوەیان دەست دەخات و قەدەری خواوەند – بە شایەتیی ئیمان – پێی بەخشیون..

مادەم ئیمانداران و گوێڕایەڵان بەو چەشنە دەڕواننە گۆڕ، ئەوا هەموو یەکێکی ئەوان لە هەموو چرکەیەکی ژیانیدا هەست بە لەزەتێکی ڕاستەقینە و چێژێکی ڕۆحیی قووڵ دەکات و، چاوەڕوانە یەکێك بانگی بکات و پێی بڵێت: "وەرە بلیتەکەت وەربگرە"..

ئەو چێژە ڕۆحی‌یە بە چەشنێکە ئەگەر بەرجەستە ببێت، وەك بەهەشتێکی مەعنەویی لـێ دێت بۆ ئەو ئیماندارە، بە چەشنی "تۆو" کە شێوەکەی دەگۆڕێت و دەبێت بە درەختێکی بەرجەستەی مەزن.

مادەم وایە.. ئەوا ئەو کەسەی کە بە هاندانی هەڵەشەیی و هەرزەیی لاوی و، لەبەر لەزەتێکی کاتی و ناڕەوای ئاوێتەی ئازار و هاوچەشنی هەنگوینی ژەهراوی، واز لەو تام و چێژە ڕۆحی‌یە بێگەردە دەهێنێت، ئەوا دادەبەزێتە ئاستێکی گەلێ نزمتر لە هی ئاژەڵ. تەنانەت ناشتوانێت بگاتە

ئاستی مولحیدانی بیانی و بە وێنەی ئەوان وابێت، چونکە هەر کەسێکی ئەوان گەر باوەڕی بە پێغەمبەری ئازیزمان نەبێت ﷺ لەوانەیە باوەڕی بە پێغەمبەرانی تر هەبێت. خۆ ئەگەر باوەڕی بە هەموو پێغەمبەران نەبێت، لەوانەیە باوەڕی بە خوای گەورە بێت. گەر ئیمانی بە خوایش نەبێ، لەوانەیە خاوەنی هێندە ڕەوشتی جوان و بەرز بێت کە کەمالاتی مرۆڤانەی پیشان بدەن..

بەلام موسلمان تەنها بەهۆی ڕێنمایی ئەم پێغەمبەرە ئازیزەوە ﷺ پێغەمبەرە بەرێزەکانی تری ناسیوە و، باوەڕی بە خوا هێناوە و، کەمالاتی مرۆڤانەی زانیوە..

کەواتە هەر موسلمانێك واز لە پەروەردەی پیرۆزی ئەو سەروەرە بهێنێت و گوێڕایەڵیی نەکات، ئەوا دان بە هیچ پێغەمبەرێکی تردا نانێت، بەلکو لەوانەیە ئینکاریی خوای گەورەیش بکات و ناشتوانێت پارێزگاریی بناغەکانی کەمالاتی مرۆڤانە لە ڕۆحی خۆیدا بکات. چونکە ڕەگ و بنچینەکانی ئەو ئایینە و بناغەکانی ئەو پەروەردەیەی کە پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ هێناویەتی، ئەوەندە تەواون و هێندە چەسپاو و ڕەگداکوتاون کە هەر کەسێ پشتیان تێ بکات و وازیان لێ بهێنێت هەرگیز ڕووناکی و کەمالی مرۆڤانەی دەست ناکەوێت، بەلکو بڕیاری نوشوستیی یەکجارەکیی لەسەر دەردەکرێت. چونکە ئەم پێغەمبەرە ﷺ سەردار و دواهەمینی هەموو پێغەمبەرانە و، پێشەوای هەموو گرۆی مرۆڤایەتییە لە هەموو ڕاستییەکاندا، بەلکو مایەی شانازیی هەموویانە. وەك لە ماوەی چواردە سەدەی ڕەبەقدا بە جوانی ئەمەی چەسپاندووە.

کەواتە ئەی ئەو کەسانەی کە خۆشی و لەزەت و جوانیی دنیا لە خشتەی بردوون!

ئەی ئەوانەی کە هەموو تەقالایەکیان بۆ دابینکردنی ژیان و پاشەڕۆژی دنیایانە و خەمی بۆ دەخۆن!

بەدبەختینە!

ئەگەر دەتانەوێت لەزەت لە چێژ و نیعمەتی بەختەوەری و حەوانەوەی دنیا وەربگرن، ئەوا تام و چێژە حەڵاڵەکان سەروزیادی هەموو شتێکتانە و، بەدەم هەموو ئارەزوویەکتانەوە دەڕوات و بۆتانی دابین دەکات.

لەمەوە کە ئێستا باسمان کرد، بۆتان دەرکەوت کە هەر تام و لەزەتێکی دەرەوەی بازنەی شەرع، هەزار و یەك ئازاری تێدایە، چونکە وەك ئەوەی کە دەکرێت ئێستا ڕووداوەکانی ڕابوردوو لەسەر شاشەیەك پیشان بدرێن، گەر بەو جۆرەیش بتوانرایە ڕووداوەکانی داهاتووی (با بڵێین پاش پەنجا ساڵی تر) لەسەر شاشەیەك پیشان بدرێن، ئەوا سەر لێ شێواوان و بێ ئاگایان هەتا دەیانتوانی بەکوڵ بۆ ئەو شتانە دەگریان کە ئێستا مایەی پێکەنینیانە!

کەواتە ئەو کەسەی کە دڵخۆشی و کامەرانیی بێگەرد و هەمیشەیی دنیا و قیامەتی دەوێت، با چاو لەو پەروەردەیەی پێغەمبەر ﷺ بکات، کە لە ئیماندا هەیە.

## دیمەنێك لەسەر شاشەیەكی مەعنەوی

ڕۆژێكیان لەبەردەم پەنجەرەی بەندیخانەی "ئەسكی شەهر"دا، كە بەسەر قوتابخانەیەكی ئامادەیی كچاندا دەیڕوانی، دانیشتبووم.. كچانی ئەو قوتابخانەیە بە خۆشی و شادمانییەوە پێدەكەنین و، گەمە و یارییان دەكرد.

هەر ئەوەندەی كە بەو حاڵەوە بینیمن، یەكسەر لە بەرچاومدا بوون بە حۆریی دۆزەخ[1] لە ناو بەهەشتی ئەم دنیایەدا! چونكە كتوپڕ حاڵەتی پەنجا ساڵی ئایندەی ئەوانم هاتە پێش چاو!

ئیتر بەم جۆرە، خۆشی و پێكەنینی ئەوانم لە بەرچاودا بوو بە چەندین دیمەنی پڕ لە گریان و پەژارەی بەسوێ و ئازار.

لەم حاڵەوە ئەم ڕاستییەی خوارەوەم بۆ دەركەوت:

لەسەر شاشەیەكی ئەندێشەیی و مەعنەوی حاڵی پاش پەنجا ساڵی داهاتووی ئەوانم دی، كە پەنجا (لە شەستی) ئەو كیژۆڵانەی ئێستا بە شادمانییەوە پێدەكەنن، بینیم وا پاش پەنجا ساڵی تر لە گۆڕدا ئازار دەدرێن و لاشەكەیان داڕزاوە. دە دانەكەی تریشیان بوون بە چەند پیرەژنێكی حەفتا ساڵە و، خەڵكی بێز لە چرچ و لۆچ و ناشیرینیی دەموچاویان دەكاتەوە!

لە بەردەم ئەم دیمەنەدا خۆم پێ ڕانەگیرا و، بۆ ئەو حاڵەی ئەوان دەستم بە گریان كرد. ئنجا لەمەوە فیتنەی ئاخر زەمانم لێ دەركەوت كە سەخت ترین

---

١) تەشبیهێكی جوانە: چونكە وێڕای جوانییەكەیان، سەرپێچی فەرمانەكانی خوای گەورە دەكەن و، بەم چەشنە خۆیان دەهاونە دۆزەخەوە. (وەرگێڕ)

تاقیكردنەوەیە بۆ ئیمانداران و، فیتنەی ئارەزوو بزوێنی ئافرەتە كەم شەرمەكانە. چونكە چەپەڵیی ڕەوشتی ئەوان ویستی مرۆڤ ناهێڵێت و، بە چەشنی پەپوولە كە خۆی دەهاوێتە ناو ئاگرەوە، ئەوانیش وا لە مرۆڤ دەكەن خۆیان بخەنە ناو دۆزەخی بەدڕەوشتییەوە. چونكە مرۆڤ وای لێ دێت لەزەتێكی لەناوچووی یەك دەقیقەیی ژیانی دنیای گەلێ پێ خۆشتر بێت لە چەندین ساڵی خۆشگوزەرانیی ژیانێكی هەمیشەیی و نەبڕاوە.

من كە هەرچی ڕۆژە دەبینم چی لەسەر شەقامەكان ڕوودەدات، هەستم بە نموونەیەكی كاریگەری ئەو تاقیكردنەوەیە كرد و، لەمەوە گەلێ بەزەیی و شەفەقەتم بۆ لاوان جوولا و، وتم:

ئەو هەژارانە چۆن لە ئاگر و بڵێسەی سەختی ئەو فیتنە و تاقیكردنەوەیە، خۆیان ڕزگار دەكەن؟

لەم كاتەدا كە من لەم بیركردنەوەیەدا ڕۆچووبووم و جڵەوم بۆ ئەندێشەم شل كردبوو، یەكسەر كەسێتیی مەعنەویی هەڵگیرسێنەری ئاگری ئەم ئاشووب و فیتنەیە و، بانگەوازكار و، ڕابەر و، مامۆستای ئەم تاقیكردنەوەیەم لە بەردەمدا بەرجەستە بوو..

منیش چ بەو، چ بەو مولحیدانەش كە وانە و ئامۆژگاری لەو وەردەگرن، وتم:

ئەی ئەو بەدبەختەی كە لەپێناوی لەزەت بردندا لە حۆرییەكانی دۆزەخ واز لە ئایینەكەی دەهێنێت و، بەدڕەوشتی و گومڕایی پێ خۆشە و، بۆ تێركردنی ئارەزووەكانی دەروونی بەدخوازی، بە ڕەزامەندیی خۆی، ئیلحاد و لە ئایین دەرچوونی دەردەبڕێت!

ئەی ئەو كەسەی كە تا ڕادەی پەرستن دەست بە ژیانی دنیاوە دەگرێت و لە مردن هەڵدێت، تەنانەت لەو كەسەیش هەڵدێت كە باسی گۆڕی لە لا

دەکات و، لە تاوا ڕووی خۆی وەردەچەرخێنێت و، لە ئایین پاشگەز دەبێتەوە!

بەوپەڕی بێ گومانی و دڵنیاییەوە بزانە کە:

ئەم دنیا مەزنەت و هەر شتێك لە پێش ئەم سەعاتەی ئێستا بەسەرچوون..

هەروەها هەرچییەك دوای ئەم خولەکەی ئێستا دێت و، هەموو بوونەوەران و، کاتەکانی ڕابوردووت و داهاتووت و، سەرجەم مرۆڤەکانی هاوچەشن و هاوڕەگەزی خۆت و، هەموو بوونەوەران و هاوڕەگەزانی داهاتوویش کە لەمەولا دێن و، جیهانە کۆچ کردووەکان و، نەتەوە پێشینەکان و، خەڵکانی ئایندەش..

هەموو ئەمانە، لە سۆنگەی گومڕایی تۆوە، "نەبوو" و "مردوو" و "بێ گیان"ن.

جا لەبەر ئەوەی تۆ لە ڕێی "ژیری" و "مرۆڤایەتی"تەوە پەیوەندیت بەم هەموو دنیا و بوونەوەرە هاتوچۆکەر و لافاوئاسایانەوە هەیە، ئەوا بیرکردنەوەت لە چارەنووسی ئەو مردووانەی کە پڕ بە دنیا دەبن، بەڵکو لە ژمارە نایەن، هەمیشە بارانی خەم و ئازار و پەژارەت بەسەردا دەبارێنێت.

هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی گومڕایی و سەرسەختیتەوە، بە ڕادەیەك کە نزیکە ئاگر لە دڵت بەربدات، ئەگەر خاوەن هەست و نەست بیت و.. عەقڵیشت لە دەریای خەم و خەفەتدا نوقم بکات، گەر تروسکایی لە ژیریت نەبڕابێت.

بەڵێ، ئەگەر پاداشتی کەیف و شادیی هەرزەیی و زۆنگاوی تام و لەزەتی یەك سەعات، ئەم هەموو خەم و خەفەتە بێ کۆتاییە بێت، ئەوا لەو هەرزەیی و گەمە و گاڵتەیەتدا هەر بەردەوام بە!

دەنا ژێریت بهێنەرەوە بەر خۆت و، بە دڵێكی بێداری وریا گوێ لە وانەكانی قورئانی پیرۆز ڕابگرە و، لە بریی لەزەتێكی هەندەكی و لەناوچووی كەمتر لە یەك خولەك، چەندین چێژی هەمەكی و بەردەوامی ئیمان بچێژە[1] تاكو لەو دۆزەخە مەعنەوییە ڕزگارت ببێت و، لە سایەی ئیماندا بچیتە ناو بەهەشتێكی مەعنەوی و، تامی بەختەوەریی ژیان بچێژیت.

هەرگیز نەڵێی: "بۆ خۆم وەك ئاژەڵ دەژیم"!

چونكە ئاژەڵ ئاگای لە ڕابوردووی خۆی و لە ئایندەی نییە و، سەبارەت بەو دوو شتی پەنهانن، خوای گەورەی دانای میهرەبان سەبارەت بەو پەردەی غەیبی بەسەر ئەو دوو كاتەدا داداوەتەوە و، ئاژەڵی لە خەم و پەژارەی

---

(١) بەڵێ، ئیمان هەر لەم دنیایەدا دەتوانێت تام و لەزەت و نیعمەتی بەهەشت بە ئیماندار بچێژێت. لە نێوان سەدان سوود و تامی ڕوونی ئیماندا، سەیری ئەم سوودە بكە:
وا دابنێ ئەو كەسەی كە زۆر خۆشت دەوێت لە سەرەمەرگدایە و لە لای دانیشتوویت، ئەگەر لەم كاتەدا پزیشكێكی كارامەی وەك لوقمانی حەكیم یان خضر دروودیان لێ بێت چارەسەری نەخۆشەكەی كرد و چاك بووەوە و، لە چنگی مردن ڕزگاری بوو. ئایا چەندە شاد و دڵخۆش دەبیت؟ بیر بكەرەوە و بزانە مەودای دڵخۆشیت چەند دەبێت؟
ئیمانیش وەهایە؛ بە ئەندازەی زیندووبوونەوەی ئەو مردووانەی كە پەیوەندیت لەگەڵیاندایە، خۆشی و شادیت پێ دەبەخشێت، چونكە ملیۆنان كەس لە خۆشەویستانت كە لە گۆڕستانی ڕابوردوودا ڕاكشاون، نووری ئیمان هەمویان زیندوو دەكاتەوە و، لە چنگی لەناوچوون و مردنی هەتا هەتایی ڕزگاریان دەكات و، دەبینیت بەرزەپێ ڕاوەستاون و دەڵێن:
"ئێمە مردوو نین و هەرگیزاو هەرگیز نایشمرین"!
كەواتە زیندووبوونەوەی ئەو هەموو خۆشەویستانە لە سایەی ئیمانەوە و، كەیف و شادی و دڵخۆشیی هەمیشەیی بە یەك گەیشتنەوەت لەگەڵ ئەو خۆشەویستانەدا، جێی ئەو ئازار و ئەشكەنجە بێ سنوورانەی گرتەوە كە لە جودایی لە ژمارە بەدەرەوە پەیدا بووبوون.
ئەمە نموونەیەكی ئەو خۆشی و شادییەیە كە ئیمان هەر لەم دنیایەدا بە ئیمانداری دەبەخشێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە "ئیمان" تۆوێكی زیندووە، ئەگەر بەرجەستە ببێت و گوڵ بگرێ، ئەوا تام و لەزەت و خۆشیی بەهەشت بە ئیمانداران دەچێژێت. لە ڕاستیشدا هەر وەهایە؛ ئەو تام و لەزەتەیان پێ دەبەخشێت. (دانەر)

ڕابوردوو و داهاتوو ڕزگار کردووە. بە ڕادەیەك ئەو "مریشك"ەی کە بۆ سەربڕین دروست کراوە، جگە لە ئازاری چەقۆ لە دەمی سەربڕیندا، هەست بە هیچ خەم و ئازارێك ناکات، خۆ ئاشکرایە ئەوەش بە زوویی نامێنێت و ڕزگاری دەبێت لێی.

واتە میهرەبانی و شەفەقەتی بەدیهێنەری دانا بەرامبەر بەدیهێنراوانی خۆی، لەوەدا دەردەکەوێت کە غەیبی لە لا ئاشکرا نەکردوون، ئەمەش بە تەواوی لە ئاژەڵاندا دەردەکەوێ و ڕوون دەبێتەوە.

کەواتە تۆ ناتوانیت تەناتەت وەکو ئاژەڵیش تامی لەزەتێکی ناڕەوا بچێژیت. بەڵکو گەر بتەوێت چاو لە ئاژەڵ بکەیت، ئەوا بە هەزاران پلەی سەربەرەوخوار نزم دەبیتەوە و نوشوستی دەهێنیت. چونکە ئەوەی بەلای ئاژەڵەوە غەیب و پەنهانە، ژیریی تۆ دەیبینێت و هەستی پێ دەکات و ئازاری پێ دەگات. کەواتە لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی پەردەی غەیب بەسەر ئاژەڵدا دادراوەتەوە، ئەوا تۆ لەو حەوانەوە تەواوەی کە ئاژەڵ هەیەتی، بێ بەشیت.

ئنجا ئەو ڕەوشتە باشانەی کە مایەی شانازین، وەك: برایەتی و، ڕێز و، جوامێری و، هاوچەشنیان، تێکڕا دەبن بە چەند شتێکی ڕووکەش و ڕواڵەتکاری و کاتی و درۆینە و هەندەکی و لاواز. چونکە ئەو کاتە ئەو ڕەوشتانە دەڕۆنە دوو توێی کاتێکی یەکجار تەسکی وەك ماوەی کاتژمێرێك لە زەمانێکی بێ سنووردا و، شوێن و جێگەشیان - بە هەمان چەشن - بچووك دەبێتەوە و بە وێنەی جێ پەنجەیەکی لێ دێت لە دەشتاییەکی بەریندا.

لەبەرئەوە، مرۆڤایەتی و خوو و ڕەوشت و کەماڵاتی مرۆڤانەت، تا بڵێی بچووك دەبنەوە، بگرە لەوانەیە لەناویش بچن و هیچ شوێنەوارێکیان نەمێنێت.

بـەڵام برایـەتیی ئیمـانداران و ڕێزنانیـان لـە یــەكتری و خۆشەویسـتیی نێوانیـان، دەم بە دەم لـــەگەڵ بەرزبوونـەوەی پلـەی ئیمـــانەكەیاندا، بـەرز دەبنەوە و، ئنجا مرۆڤایەتی و كەماڵی ئیماندار، بەو پێیە، هەردەم بڵند و مەزن دەبن. چونكە ئەو ڕەوشتە بەرزانەی ئیمانداران تا ئەوپەڕی كاتە دوورەكـانی ڕابـوردوو و داهـاتوو فـراوان و درێژخایـان دەبن و، بـە كـات و شـوێنێكی تەسك و سنووردارەوە نابەسترێنەوە.

هـۆی سەركەوتنیشـت لـە كاروبـاری دنیـادا، ئەوەیـە كـە تـۆ وەك ئـەو جوولەكە زەڕەنگەرە نەفامە وایت كە چـەند ووردە شووشـەیەكی بە ئەڵماس زانی و، پارەی ئەڵماسی پێ دا و، بەو بەها زۆرە ئەو شووشـە بێ نرخانـەی كڕی..

تۆیـش وەكـو ئـەو وایـت؛ چونكـە ئـەو هـەوڵ و تەقالایـەی كـە پێویسـت و شایانی ژیانێكی هەمیشـەیی و فراوانن، تۆ هـەموویان بۆ ماوەیـەكی یـەكجار كـورت بـەكاردەهێنیت، ئیـتر ئەگـەر لـەو چوارچێـوە تەسـكەدا سـەركەوتن بەدەست بهێنیت شتێكی سەیر و نامۆ نیيە. چونكە ئەو كاتە خۆت و هـەرچی هەڵپەكاری و خۆشەویستی و توانای تۆڵەسەندنەوەی توندوتیژت هـەن، كـە هی ساڵێكی تەواو بن، تۆ هەموو ئەو هەستانەت بۆ چـەند دەقیقەیـەكی كـەمی ژیانی دنیا بەكاردەهێنیت.

كەواتـە ئەگـەر بـە چەشـنێكی كـاتی بەسـەر ئـاییندارانـدا سـەربكەویت، كارێكی نامۆ و سەیر نیيە!

ئنجـا لەبەر ئـەوەش كـە لـە ئـەنجامی سـەرقاڵی و بەشـداری كردنـت لـە كاروباری دەروونـی بـەدخـواز و دابینكـردن و هێنانـەدیی ویسـت و ئـارەزووە چەپەڵـەكانی ئـەو دەروونـەدا، ژیـری و گیـان و دڵ و گشـت هەسـتەكانت،

هەریەکەیان وازی لە ئەرك و فرمانی سەرەکی خۆی هێناوە، ئەوا سەیر نییە کە لە دنیادا بەسەر ئیمانداراندا سەربکەویت و بە ڕواڵەت لەوان کامەرانتر دیار بیت، چونکە ژیری و دڵ و گیانت تا ئەوپەڕی شۆڕبوونەوە و دابەزین، پلەیان نزم بووەتەوە. بگرە بە تەواوەتی سڕاونەتەوە و بوون بە خزمەتگوزاری ئارەزووی دەروونی بێ نرخ.

بێ گومان لەم ڕوانگەیەوە هەندێ سەرکەوتنی کاتی بەدەست دەهێنیت، کە ئاگری دۆزەخت بۆ مسۆگەر دەکەن و بەهەشتی هەمیشەییش دەست ئیمانداران دەخەن.

مەسەلەیەکی گرنگ کتوپڕ بە دڵدا هات:

# ئاشووبی فیتنەسازی ئافرەتان

ئاگاداری‌یەك:

ڕەویەی "پەیامەکانی نوور" بەزەیی و شـەفەقەت و میهرەبانی‌یـە. هەر لەبەر ئەوەیە کـە ئـەو ئافرەتانـەی دارای شـەفەقەت و خـاوەنی میهرەبانین پەیوەندییان بەم پەیامانەوە هەیە.

بەڵام ئەم باسـە ئاراسـتەی ئـەو ئافرەتانـە کـراوە کـە بـێ هیـچ لێکدانەوەیەك لاسایی ئافرەتانی بیانی دەکەنەوە. لەبەر ئەوە، هـەندێ توندوتیژیی تێدا بەدی دەکرێت، ئەوەش تەنها بۆ بێدارکردنەوەی بێ ئاگایانە.

تکام وایە ئەو خوشکانەی کە ڕابەری شـەفەقەت و میـهرەبانین، دڵیان لە توندوتیژیی ئەم باسە گەرد نەگرێت. (دانەر)

لە ڕیوایـەتی فـەرموودەکانی پێغەمبـەرەوە ﷺ دەردەکـەوێ کـە ئافرەتـان و فیتنە و ئاشووبیان لە ئاخرزەماندا، سامناکترین و مەترسی ترین ڕۆڵ دەبینن.

بەڵـێ، هـەروەك کتێبـەکانی مێـژوو بۆمـان دەگێڕنـەوە و دەڵێـن: لـە سەدەکانی پێشوودا کۆمەڵە ئافرەتێك بە ئازایەتی و چەك هەڵگرتن ناوبانگیان دەرکردووە و، بە "ئافرەتـانی ئەمازۆن" ناسـراون، تیپێکـی سـەر بـەرزیان لـێ پێکهێنراوە و، لە چەندین جەنگی سەختدا بەشدارییان کردووە..

هەروەك کتێبەکانی مێژوو ئەمەمان بۆ دەگێڕنەوە، بە هەمان جۆر لەم سەردەمەی خۆیشماندا، کە گومڕایی زەندیقێتی بەرەنگاری ئیسلام بووەتەوە و لەگەڵیدا دەجەنگێت، سامناکترین تیپی هێرشبەری ئەوان بۆ سەر ئیسلام، کە بەپێی نەخشەکانی دەروونی بەدخواز کار دەکات و پێشەوایەتی‌یەکەی بە دەستی شەیتان سپێرراوە، دەستەیەك ئافرەتی "پۆشتە و ڕووت"ن کە قاچ و قولیان دەردەخەن و دەیانکەن بە چەکێکی توندوتیژ و، لە دژی ئیمانداران بەکاری دەهێنن..

بەم کارەشیان دەرگای خێزانداری و مارەبڕین دادەخەن و هی داوێن پیسی دەخەنە سەر پشت.. چونکە هانیان دەدەن کە دووچاری تاوانی گەورەیان بکەن و، بە کتوپڕی دەروونی چەندەها کەس دەکەنە دیلی خۆیان و، چەندین زام و برینی بە سۆ و قووڵ لە گیان و دڵیاندا دروست دەکەن. تەنانەت لەوانەیە هەندێ لەو دڵانە وەها بپێکن کە بە جارێ بیانکوژن و لەناویان ببەن.

کەواتە سزایەکی گەلێ دادگەرانەیە کە ئەو قاچ و قولانەی بەو جۆرە چەکی بریندارکەری فیتنەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، ببن بە سووتەمەنیی دۆزەخ و یەکەم شت دۆزەخ ئەوان بسووتێنێت. چونکە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم و لە بەردەم کەسانێکدا کە لێیان حەرام بوون، ڕووتیان کردوون و دەریانخستوون.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (هەر لە دنیادا) مێردی گونجاویان لە دەست دەچێت، بگرە هەر دەستیشیان ناکەوێت، کە لە ڕاستیدا و بەپێی خواستی سروشتیان گەلێ پێویستیان پێیەتی. بەهۆی ئەوەی کە وەفا و باوەڕیان لە دنیادا لەدەست داوە. بەڵکو لە ئەنجامی گوێ نەدان بە شووکردن و بایەخ

نەدان بە مافەکانی، پشتگوێ دەخرێن و چاودێرییان لە کیس دەچێت، بە چەشنێ کە لە ئەنجامدا چل ئافرەت تەنها یەك پیاو سەپەرشتیکار و بەخێوکەریان دەبێت، وەك فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ڕایگەیاندووە[١].

جا مادەم "ڕاستی" بەم چەشنەیە..

مادەم هەموو جوانێك جوانیی خۆی خۆش دەوێت و، بە پێی توانا پارێزگاریی لێ دەکات و نایەوێ بە نیازی خراپ دەستی بۆ ببرێت..

مادەم "جوانی" نیعمەتێکی بەخشراوە و، نیعمەتیش ئەگەر شوکرانەی لەسەر بکرێت، زیاد دەکات و.. گەر ئینکاریش بکرێت، نامێنێ و دەگۆڕێت..

ئەوا بێ هیچ گومانێ ئەو ئافرەتەی خاوەنی ژیری بێت، بە هەموو توانایەکی خۆی هەڵدێت لەوەی کە جوانی‌یەکەی بکات بەهۆی تاوانباری و گوناهکاری و، خەڵکی تریشی پێ بکات بە تەڵەی گوناهباری‌یەوە. هەروەها ڕادەکات لەوەی کە جوانی‌یەکەی ببێت بە ناشیرینی و جوانی‌یەکی ژەهراویی شووم و، ئینکاریی ئەو نیعمەتەش بکات کە پێی بەخشراوە و، ئەمەشی بۆ ببێت بە مایەی ئەشکەنجە و ئازار.

کەواتە دەبێ ئافرەتی جوان، جوانی‌یەکەی بە شێوەی ڕەوا بەکاربهێنێت، تاکو جوانی‌یە کاتی و لەناوچووەکەی بۆ ببێت بە جوانی‌یەکی هەمیشەیی و بەردەوام، لە بریی جوانی‌یەکی وا کە چەندساڵێك زیاتر ناخایەنێت. ئەو کاتەش بەم کارەی، شوکرانەی ئەو نیعمەتەی بەجێ هێناوە.

(١) عن أنس قال: لأحدثنكم حديثاً لا يحدثكم أحد بعدي، سمعت رسول الله ﷺ يقول: "من أشراط الساعة أنْ يقلَّ العلمُ ويظهرَ الزنا وتكثرَ النساء ويقلَّ الرجالُ حتى يكونَ لخمسين امرأةً القيِّمُ الواحدُ". رواه البخارى، كتاب العلم، باب رفع العلم وظهور الجهل. (وەرگێڕ)

دەنا لە سەردەمی پیریدا ئەشکەنجە و ئازار دەچێژێت و، لە تاو ئەوەی کە ڕەزای لای خەڵکی قورس دەبێت و پشتگوێی دەخەن، هەتا دەتوانێ دەگری و هەردەم بەدبەختیی خۆی دەلاوێنێتەوە!

بەڵام ئەگەر ئەو جوانییە بە ئارایشتی ئەدەب و ڕەویەی قورئان برازێنێتەوە و، لە چوارچێوەی پەروەردەی ئیسلامیدا چاودێریی شایانی خۆی بکرێت، ئەوا ئەو جوانییە لەناوچووە - لە ڕاستی و حەقیقەتدا - دەبێت بە جوانییەکی هەمیشەیی و لە بەهەشتدا جوانییەکی گەلێ جوانتر و قەشەنگتر لە هی (الحور العین) بەو ئافرەتە دەبەخشرێت. وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ چەسپاوە(٢).

جا ئەگەر ئەو ئافرەتە دارای تۆزقاڵێك ژیری بێت، بە هیچ جۆرێ واز لەم ئەنجامە ڕوون و هەمیشەییە ناهێنێت و بەزایەی نادات.

---

(٢) لەم بارەیەوە فەرموودە زۆرە، ئەمە یەکێکیانە:
عن أم سلمة زوج النبي ﷺ قالت (في حديث طويل): قلتُ يا رسول الله! أنساءُ الدنيا أفضلُ أم الحورُ العين؟ قال: نساءُ الدنيا أفضلُ من الحور العين كفضلِ الظهارة على البطانة. قلت: يا رسول الله! وبِمَ ذالك؟ قال: بصلاتهن وصيامهن وعبادتهن لله عز وجلّ. ألبسَ الله عز وجلّ وجوهَهُن النورَ وأجسادَهن الحريرَ. بيض الأوان، خضر الثياب، صفر الحلي.." الخ الحديث. رواه الطبراني في الكبير والأوسط، وهذا لفظه.
بڕوانە: "الترغيب و الترهيب" ٤/٥٣٧. (وەرگێڕ)

لە وتەی سیازدەهەمەوە:

## وتوویژێك لەگەڵ کۆمەڵێك لاودا

ڕۆژێکیان کۆمەڵێك لاوی جوانخاس و وریا و زیرەك هاتن بۆ لام و، داوای چەند ڕێنمایی و بێدارکردنەوەیەکی بەهێز و باشی وایان لێ کردم کە بیانپارێزێت لە پزیسکی شەڕ و ئاژاوەی داخوازی‌یەکانی ژیان و هەرەتی لاوی و هەوا و ئارەزووی دەوروبەریان.

منیش هەر بەو جۆرە وەڵامەی کە دامەوە بۆ ئەوانەی داوای یارمەتی‌یان لە پەیامەکانی نوور کرد، وەڵامی ئەم لاوانەیشم وا دایەوە و وتم:

– باش بزانن ئەم بەهاری تەمەن و جوانی‌یەی ژیانتان کە ئێستا لەزەتی لێ دەبینن، بێ هیچ گومانێك دەڕوات و نامێنێت..

جا ئەگەر خۆتان لە چوارچێوەی سنوورەکانی شەرعدا نەهێڵنەوە و لەو سنوورانە دەربچن، ئەوا لاوی‌یەکەتان زایە دەبێت و بە خۆڕایی لەکیستان دەچێت و، چ لە دنیا و چ لە گۆڕ و چ لە قیامەتدا ئەوەندە گیروگرفتتان دەهێنێتە ڕێ کە لەو تام و لەزەتەی لاوی و تەمەنی دنیاتان گەلێ زۆر و زیاتر بێت..

بەڵام ئەگەر بەهاری لاویتان لە دەروونپاکی و پارێزگاریی شەرەف و گوێڕایەڵیی خوادا بردە سەر، بەوەی کە خۆتان بە پەروەردەی ئیسلام پێگەیاند و، بەمەش شوکرانەی ئەو نیعمەتی لاوی و گەنجی‌یەتان دەربڕی کە خواوەند پێی بەخشیون، ئەوا لە واتا و ناوەڕۆکدا، ئەو سەردەمی لاوی‌یەتان دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت و، دەبێت بە هۆیەك بۆ دەستکەوتنی لاوی‌یەکی هەمیشەیی لە بەهەشتی نەمری و هەتاهەتاییدا.

"ژیان" گەر لە "ئیمان" بەتاڵ بێت، یان بەهۆی زۆریی گوناهباری و سەرپێچی کردنەوە لە فەرمانەکانی خوای گەورە، کاریگەریی ئیمانی تێدا نەمابێت، ئەوا لەگەڵ تام و لەزەتە ڕواڵەتی و کەم خایەن و کورتەکانیدا، چەندین ئەوەندەی ئەو تام و لەزەتانە خەم و خەفەت و ئازار دەرخواردی مرۆڤ دەدات..

(چونکە لەبەر ئەوەی مرۆڤ عەقڵ و بیری دراوەتێ، ئەوا پەیوەندییەکی سروشتیی بەتینی لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتوویدا هەیە، سەرەڕای کاتی ئێستای. ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ ئەو کاتانەدا هێندە بەتینە کە دەتوانێت تامی لەزەتەکانی ئەو سەردەمانە و ئازارەکانیان بچێژێت. بە پێچەوانەی ئاژەڵ کە خەم و پەژارەکانی ڕابوردوو و مەترسییە چاوەڕوان کراوەکانی داهاتوویش، لەزەتەکانی کاتی ئێستای لێ ناشێوێنن و تێکی نادەن، چونکە بیرکردنەوەی نەدراوەتێ.)

لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسەی بەرەو شیوی "گومڕایی" بەربووەتەوە و، "بێ ئاگایی"ش بە تەواوی هەر شەشدەری لێ گرتووە، خەفەتەکانی بۆ کاتەکانی ڕابوردووی و دڵەتەپێ و نیگەرانییەکانیشی بۆ دواڕۆژی، تامی لەزەتەکانی ئێستای ناهێڵن و، ژیانی بە خەم و ئازار و خەیاڵ لێ دەشێوێنن، بە تایبەت لەزەتە ناڕەواکان کە وەك هەنگوینی ژەهراوی وان.

واتە لە ڕووی چەشتنی تام و لەزەتەکانی ژیانی دنیاوە، مرۆڤ سەد پلە لە خوار ئاژەڵەوەیە، تەنانەت "ژیان" و "بوون" و "جیهان"ی گومڕا و بێ ئاگایان تەنها ئەمڕۆ و کاتی ئێستایانە.

چونکە کاتە بەسەرچووەکان و هەرچییەکیان تێدایە، بە حوکمی گومڕاییەکەیان، "نەبوو" و "مردوو"ن، ئیتر لەوێوە هەموو جۆرە تاریکییەکیان ئاراستە دەکرێت و تیایدا دەتلێنەوە..

كاتەكانی داهاتوویش، بە هەمان جۆر، سەبارەت بەوان شتانێكی "نەبوو"ن. چونكە ئەوان باوەڕیان بە "غەیب" نیيە، كەواتە ئەو جوداییە هەمیشەییانەی كە تەواو نابن و لەبن نایەن، ژیانی ئەوانە بە چەندین تاریكیی ڕەش پڕ دەكات، مادەم خاوەنی عەقڵ و ژیری بن و، لەگەڵ ئەوەشدا ئینكاریی حەشر و زیندووبوونەوە بكەن.

بەڵام ئەگەر "ئیمان" ببێت بە "ژیان"ی ژیان و تیشكی خۆی بهاوێتە ناو ژیانەوە، ئەوا هەموو كاتەكانی ڕابوردوو و داهاتوو ڕووناك دەبنەوە و، "مانەوە"یان دەست دەكەوێت و، لە گۆشەی ئیمانەوە چەندین تام و چێژی مەعنەوی و بەرز و ڕووناكی "بوون" و "مانەوە" بە "دڵ" و "گیان"ی مرۆڤی ئیماندار دەبەخشن.

ئەم ڕاستیيە، لە ئومێدی حەوتەمی "پەیامی پیران"دا بە تەواوی ڕوون كراوەتەوە، با سەیر بكرێت.

ژیان ئاوایە.. جا ئەگەر دەتانەوێت تامی ژیان بچێژن، ئەوا ژیانتان بە "ئیمان" بژیێنن و، بە ئەنجامدانی فەرزەكان بیڕازێننەوە و، بە دوورەپەرێزیشتان لە سەرپێچیی فەرمانەكانی خواوەند پارێزگاریی بكەن.

ڕاستیی ئەو "مردنە"ش كە هەرچی ڕۆژە مردووان لە هەموو شوێنێكدا سامناكی و مەترسیيەكانیمان پیشان دەدەن، وا لە نموونەیەكدا ڕوونی دەكەمەوە، هەروەك بۆ چەند لاوێكی تری وەك ئێوەم ڕوون كردەوە:

وا دابنێین لێرەدا چەندین سێدارە دانراون و لە تەنیشتی ئەو سێدارانەشەوە فەرمانگەیەك هەیە بەخششی زۆر و گەورە گەورەی تێدا دابەش دەكرێت بەسەر بەختەوەراندا. ئێمەش كە دە دانە كەسین لێرەدا، بمانەوێت و نەمانەوێت، بۆ ئەویّ بانگ دەكرێین. بەڵام لەبەر ئەوەی كاتی بانگ كردنمان نازانین، ئەوا هەموو خولەكێك چاوەڕێین پێمان بڵێن:

"وەرە بڕیاری لەسێدارەدانت وەربگرە و بە سێدارەکەتدا سەربکەوە"!

یان بڵێن:

"وەرە ئەو بلیتە وەربگرە کە بۆت دەرچووە و ملیۆنەها لیرەی زێڕینی لێ قازانج دەکەیت!

لەم کاتەدا کە ئێمە ڕاوەستاوین و لە چاوەڕوانیدایین، لای دەرگاکەوە دوو کەس پەیدا بوون و هاتنە ژوورەوە:

یەکێکیان: ئافرەتێکی جوانی نیمچەڕووتی گاڵتەچی‌یە.. پارچەیەك شیرینیی بە دەستەوە گرتووە و پێشکەشمانی دەکات و، بە ڕواڵەت لەوە دەچێ خۆش و بەتام بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ژەهراوی‌یە.

ئەوی تریان: پیاوێکی بەویقاری وریایە.. نە فێڵبازە و نە ئەوەندەش بێ ئەزموونە کە بخەڵەتێت، لە دوای ئەو ئافرەتەوە هاتە ژوورەوە و، وتی:

من "نهێنی"یەکی سەیر و وانەیەکی پڕ لە پەندم بۆ هێناون. ئەگەر ئەم وانەیە بخوێنن و لەو شیرینی‌یە نەخۆن، ئەوا لەو قەنارە و سێدارانە ڕزگارتان دەبێت و، بەم "نهێنی"یەش بلیتی ئەو بەخشش و خەڵاتە بەنرخەتان دەست دەکەوێت. ئەوەتا ئێوە بە چاوی خۆتان دەبینن کە هەر کەسێك لەو شیرینی‌یە بخوات تا دەگاتە لای قەنارەکەی سکی پێچ دەخوات و بە سکێشەوە دەتلێتەوە.

ئەوانەش کە بلیتەکەیان بۆ دەرچووە، هەرچەند لە ئێمەوە دیار نین و بە ڕواڵەت لەوە دەچێت کە بە قەنارەکاندا سەرکەوتبن، بەڵام زیاتر لە ملیۆنەها شایەت هەواڵمان دەدەنێ کە ئەوانە لە سێدارە نەدراون، بەڵکو داری سێدارەکانیان کردووە بە پلیکانە و بە ئاسانی پیایاندا سەرکەوتوون و لەوێوە ڕۆشتوون بۆ ئەو فەرمانگەیەی کە بەخششەکانی تێدا دابەش دەکرێت.

فـەرمـوون لە پەنجـەرەكانەوە بڕوانن، با بە چاوی خۆتان ببینن كـە چۆن گەورە لێپرسراوان و سەرپەرشتیارانی دابەشكردنی ئەو بەخششـانە پڕ بـە دەم دەڵێن:

(بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە بزانـن كـە خاوەنـانی ئـەو "نـهێنی"یـە سـەیر و سەرسووڕهێنەرە، بلیتەكەیان بـۆ دەرچـووە. هـەروەك بـە "عین الیقین" و بێ گومانی ئەوانەتان بینی كە بە سێدارەكاندا سـەركەوتن، هیـچ گومانێكیشتان لەمـەدا نـەبێت، چونكـە وەك خۆری ناوجەرگـەی ئاسمـان شتێكی ئاشـكرا و ڕوونە).

بەم جۆرە و بە چەشنی ئەم نموونەیە:

تام و لەزەتە حەرام و ناڕەواكانی "لاوی" وەك هەنگوینی ژەهراوی وان!

مردنیش لای ئەوانەی كـە بلیتی ئیمانیـان ون كـردووە - ئەو بلیتـەی كە بەختەوەریی هەمیشەیی بۆ خاوەنەكەی دەباتەوە - وەك سێدارە وایە و، ئەوانـە هەمیشـە چـاوەڕوانی جـەللادی "مـردن"ن، كە لەبـەر نـەزانراویی كاتەكـەی دەگونجێ هەموو چاوتروو كاندنێك ئامادە بێت، تاكو بە بـێ جیـاوازی كـردن لە نێوان پیر و لاودا ملان بپەڕێنێت و بیانخاتە ناو چاڵی گۆڕەوە، ئـەو گـۆڕەی كە بە ڕواڵەت دەرگای تاریكیی هەمیشەییە.

بـەڵام ئەگـەر لاو پشـتی لـەو تـام و لەزەتـە حـەرامە هـەڵكرد كـە وەك هـەنگوینی ژەهـراوی وایـە و، هـەوڵی دا ئـەو "نـهێنی"یـە قورئانیـیەی دەسـت بكەوێت كە بریتییە لە ئیمان و بەجێهێنانی فـەرزەكان، ئـەوا سـەد و بیسـت و چوار هەزار پێغەمبەر - درووددیان لەسەر بێت - و گەلـێ ئەولیا و پیاوچاك و زانـای خواناسی لەژمارەبەدەر، بە یـەكدەنگ و بە پیشـاندانی شـوێنەواری هـەواڵ و مژدە كـەیان، مزگێنیـی دەدەنـێ كـە: ئیمـاندار بلیتێكـی وای بـۆ دەردەچێت "بەختەوەریی هەمیشەیی" دەست بخات.

پوختەی ئەم قسانە ئەوەیە کە:

بێ هیچ گومانێك قۆناغی "لاوی" دەڕوات و نامێنێت. جا ئەگەر لە پێناوی قۆزتنەوەی تام و لەزەت و کەیف و شادیی هەڵەشەیی و لەخۆ باییبووندا بەسەرچووبێت، ئەوا هەزاران بەڵا و ئازاری پڕ ئێش بۆ ئەو مرۆڤە بەجێ دەهێڵێت، چ لە دنیا و چ لە قیامەتدا.

ئەگەر دەتانەوێت تێبگەن لەوەی کە ئەم حاڵەتەی ئەو جۆرە لاوانەی تێدان زۆربەی جار دەیانگەیەنێتە "خەستەخانەکان" لەبەر هەڵسوکەوتی هەڵەشە و زیادەڕەوی و تووشبوونیان بە چەندین نەخۆشیی دەروونی..

یان گەر دەتانەوێت بزانن ئەو چەشنە حاڵە دەیانگەیەنێتە "بەندیخانەکان" و ئەو مەڵبەندانەی کە بە چاوی سووك سەیری مرۆڤی تێدا دەکرێت، بەهۆی شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووەکانیان و باییبوونیانەوە لە خۆیان..

یان بۆ "مەلـهـا" و "مەیخانەکان" بەهۆی ئەو دڵتەنگی و دەروون تەسکیەی کە لە ئەنجامی دڵەتەپێ و ئازارە مەعنەوی و دەروونییەکانەوە دووچاری دەبن..

بەڵێ، ئەگەر دەتانەوێت لەم ئەنجامانە دڵنیا ببن، ئەوا پرسیار لە خەستەخانە و بەندیخانە و گۆڕستانەکان بکەن!

خۆ ئەگەر پرسیارتان کرد، ئەوا بێ هیچ گومانێك لەسەر زمانی حاڵی "خەستەخانە"کانەوە گوێتان لە ئاخ و داخی چەندین نەخۆشیی وەها دەبێت کە لە ئارەزووبازی و زیادەڕەویی لاوانەوە پەیدا بوون..

هەروەها لە "بەندیخانەکان"یشەوە ئاهوناڵەی خەم و، دەنگی پەشیمانی و، هەنسکی حەسرەتی ئەو لاوانە دەبیستن کە لە خۆیان بایی بوون و ڕەفتاری هەڵەشەیان دەنواند، کەچی وا ئێستا لە ئەنجامی گوێڕایەڵی نەکردن و سنوور شکاندنی فەرمانەکانی شەرعەوە، زللەی تەمێ کردنیان لێ دەدرێت..

دیارە ئەو كاتەش بۆتان دەردەكەوێت كە زۆربەی ئەو شتانەی مایەی ئازاری گۆڕن - كە جیهانێكی بەرزەخیی ئەوتۆیە لەبەر زۆریی ئەوانەی تێی دەچن دەرگاكانی بەردەوام لە كردنەوە و داخستنداان! - هەڵسوكەوتە هەڵە و خراپەكانن كە ئەو مرۆڤە لە ساڵانی تەمەنی "لاوی"دا ئەنجامیان داون، كە ئەمەش بە بینینی ئەوانەی گۆڕیان بۆ كەشف دەبێت و، بە شایەتیی هەموو زانایان و ئەهلی حەقیقەت، چەسپاوە.

یان گەر حەز دەكەن ئەمەتان زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە فەرموون پرسیار لە "پیران" و "بیماران" بكەن كە زۆرینەی چین و توێژەكانی ئادەمیزادن. خۆ ئەگەر پرسیاریان لێ بكەن، ئەوا لە زۆربەی ئەوانەوە دەبیستن، كە دەڵێن:

(زۆر بەداخەوەین بۆ ئەو تەمەنەی لە دەستمان دەرچوو! بەهاری لاویمان لە چەندین شتی بێ نرخ و تەنانەت زیانبەخشدا بەزایە دا. هەرگیز چاو لە ئێمە نەكەن و شوێن پێمان هەڵنەگرن)!

چونكە ئەو كەسەی كە لە پێناوی ئەوەی پێنج یان دە ساڵی تەمەنی لاویی بە چەند چێژێكی حەرام بباتە سەر، ساڵەهای ساڵی ژیانی دنیای بە خەم و خەفەت لێ بڕوات و، پاشان لە دۆزەخیشدا سزا بچێژێت.. ئەو كەسە، شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوە نییە، هەرچەندەش لە حاڵێكی ئەوەندە سەختدایە كە لە هەموو كەسێك زیاتر بەزەیی مرۆڤ دەبزوێنێت، چونكە ئەگەر كەسێك بە ڕەزامەندیی خۆی زیانی بۆ خۆی هەڵبژارد و زەرەری خۆی پێ خۆش بوو، شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ بەزەیی پێدا بێتەوە و بە چاوی میهرەبانییەوە بۆی بڕوانێت، بەپێی ئەو دەستوورە دانسقە بەخشەی كە دەڵێت: "الراضي بالضرر لا يُنظر له".

لە خوا داواكارم ئێمە و ئێوەش لە فیتنە و ئاشووب و ئاژاوەی لەخشتەبەری ئەم كات و سەردەمە بپارێزێت و، لە شەڕ و خراپكاری ڕزگارمان بكات. ئامین.

# گەورەترین کێشە

ڕۆژێکیان لە مامۆستامان پرسی:

(وا دوو ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووهەمدا تێپەڕی، کە جەنگێکە پەیوەندیی توندوتۆڵی بە چارەنووسی جیهانی ئیسلامی‌یەوە هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تەنها یەك جاریش لە بارەی ئەم جەنگەوە پرسیارت نە لە ئێمە و نە لە کاك ئەمین نەکرد کە هەرچی ڕۆژە لە خزمەتتدایە. بگرە لە سەخت ترین ڕۆژەکانی ئەم جەنگەشدا هیچ بایەخێکت پێ نەدا..

ئایا هیچ ڕاستی‌یەکی لەمە مەزنتر و گرنگتر هەیە کە بیر و سەرنجی تۆی گرتبێت، هەتا ئەم جەنگەی ئاوا بە لای تۆوە بێ بایەخ کردبێت؟ یان لاتان وایە سەرقاڵ بوون و بایەخدان بەم جەنگە، زیان و گوناهی تێدایە)؟

ئەمە ناوەرۆکی ئەو پرسیارە بوو ئاراستەی مامۆستامان کرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی وەڵامەکەی ئەو بوو.

(قوتابیانی نوور)

وەڵام:

بەڵێ، ڕاستی‌یەك هەیە کە لەم جەنگە ناهەموارە گەلێ گەورە و مەزنترە و، بەسەر هەموو "بوونەوەر"دا زاڵ و دەستەڵاتدارە، بە چەشنێ کە ئەم جەنگە مەزنە لە چاویدا بێ بایەخ دەردەکەوێت!

چونکە لە کاتێکدا کە دوو دەوڵەتی مەزن لە پێناوی دەستگرتن بەسەر زەویدا پێشبڕکێیانە و کێشەکانی خۆیان دەخەنە پێش چاو.. هەروەها دوو

ئایینی هەرە گـەورەی ئاسمـانیش لـە بـەردەم دادگـای سـوڵحدا خـەریکی شکاتکارین..

لەو کاتەدا کە ئاگری ململانێی سەختی نێوان تەوژمی بەتینی ئیلحاد و ئایینە ئاسمانی‌یەکان لە پەرەسەندن و بڵێسەدایە و.. چینەکانی سۆشیالیست و دەستە و تاقمە بۆرژوازی‌یەکانیش لە بەردەم دادگای ئیلحاد و ئاییندا داوای داد و مافیان دەکەن..

ئا لـەم کاتـەدا، کێشـەیەکی گەلـێ لـەو کێشـانە گـەورەتر و ڕاستی‌یەکی یەکجار لەوانە مەزن و بەرزتر لە گۆڕێدایە، بـە ڕادەیـەك کـە ئـەو بەشـەی لـەو کێشەیە بەر یەك دانـە کـەس دەکـەوێت، گەلـێ لـەم جەنگـە جیهانی‌یـە مەزنـە گەورەترە! ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە:

هەموو ئیمانداریك، بـەڵکو هـەموو مرۆڤێـك لـەم کاتـەی ئێستاماندا، یـان چەندین کۆشك و تەلاری ڕازاوەی لە چەندین بەهەشتی بەرینی بـە ئـەندازەی هـەموو دنیـا، دەسـت بکـەوێت.. یـان هـەموو ئەمانـەی لـە دەسـت بچێـت و بیاندۆڕێنێت!

واتە کێشەی بەردەمی هـەموو مرۆڤێـك هێنـدە گەورەیـە کـە ئەگـەر هـێز و سامانی ئینگلیز و ئەڵمانی هەبێت و مرۆڤێکی ژیر بێـت، هـەمووی لـە پێنـاوی بردنـەوەی ئـەو کێشـەیەدا بـەخت دەکـات. چونکـە بێ هیـچ گومـانێك هــەر کەسێ توانا و بایـەخ پێدانـی خـۆی بـۆ هـەر شتێکی تـری جگـە لـەو کێشـەیە بەکاربهێنێت، بە شێت و نەفام دادەنرێت.

تەنانەت ئەو مەترسـیانەی کـە دەورانـدەوری ئـەو کێشـەیەیان داوە هێنـدە سەختن کە لـە نێـوان چـل کەسـی شـوێنێکدا، لەوانـەی کـە فـەرمانی تەسـریح بوونیان لە ژیان بە دەستی ئەجەل وەردەگرن، تەنـها یـەکێکیان دەتوانێـت ئـەو

کێشەیە بباتەوە، بەڵام سی و نۆکەی تریان دەیدۆڕێنن! ئەمەش بەپێی ئەوەی کە یەکێك لە پیاوچاکانی "ئەهلی کەشف" دیویەتی و ڕایگەیاندووە.

جا ئەگەر پارێزەر(محامی)ێك هەبێت بتوانێ ئەو کێشەیە بباتەوە و، شارەزایی بیست ساڵی لەو بوارەدا ببێت و، بۆ هەشت لە دەی ئیماندارانی بردبێتەوە.. کەسێکیش هەبێت کە ئەم کێشەیە سەرنجی ڕاکێشا بێت و دارای تۆزقاڵێك ژیری بێت، ئەوا ئەرکی ئەم کێشەیەی خۆی - بێ هیچ گومانێ - بەو پارێزەرە دەسپێرێت.

یەکێك لە پارێزەرانی ئەو کێشەیە، بگرە پێشەنگی هەموویان "پەیامەکانی نووره" کە لە چۆڕاوگەی ئیعجازی مەعنەویی قورئانی پیرۆزەوە نم نم داچۆڕاوە و هەڵقوڵاوە. باشترین شایەت لەسەر ئەم ڕاستی‌یە ئەو هەزاران شایەتیدەرەن کە بە هۆی پەیامەکانی نوورەوە ئەو کێشەیەیان بردووەتەوە!

بەڵێ، بە چەشنێکی گومان بڕ چەسپاوە کە هەرچی مرۆڤە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەتی نێرراوەتە سەر زەوی و، میوانێکی ئازیزی ماوەی ژیانێکی کاتی‌یە تیایدا و، چییەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ ڕووی لە چەشتنی ژیانێکی پڕ لە نیعمەتی هەمیشەیی و نەمرە.

هەموو مرۆڤێکیش هەست دەکات کە ئەو قەڵا مەحکەمانەی لە پێناوی ژیانە هەمیشەییەکەیدا خۆی تێدا قایم دەکرد، وا ئێستا لەم سەردەمەدا هەموویان جێیان پێ لەق بووە و کەلێن و کەلەبەریان تێ کەوتووە..

لەبەر ئەوە، مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا کە ناچارە دەست لەم دنیایە و هەرچی خۆشەویستی تێدا هەیە بە تەواوەتی دابشوات و نەگەڕێتەوە سەریان، لە هەمان کاتدا خۆی لە بەردەم مەسەلەیەکی گرنگ و مەزندا دەبینێتەوە کە ئەویش "دەستکەوتن" یان "لە دەستدان"ی مولکێکی مەزنی گەلێ لە دنیا فراوانتر و باشتر و تەواوترە!

خۆ ئەگەر ئەو مرۆڤە "شایەتیی ئیمان" و "بڕوانامەی باوەڕی ڕاست"ی دەست نەکەوتبێت، ئەو کێشەیە دەدۆڕێنێت!

ئایا هیچ شتێ هەیە لە بوونەوەردا کە جێی ئەو زیانە مەزنەی بۆ بگرێتەوە؟!

لە ڕوانگەی ئەم ڕاستییەوە، نە ژیری من و نە هی برایانم، با هەریەکەشیان دووسەد جار چەندانە بیێتەوە، هێشتا مافی ڕەوا و تەواو بەو ڕاستییە مەزنە نادات.

کەواتە بایەخدان بە شتی تر، سەبارەت بە ئێمە، خۆ هەڵقورتاندنە لە کاروبارێکدا کە پەیوەندیی پێمانەوە نییە. بەڵام هەندێ لە قوتابیانی نوور - بێ حەز و ئارەزووی خۆیان - ناچار بوون ئاوڕ لەو بابەتانە بدەنەوە، تاکو لە بەرامبەر دەستدرێژیی چەند نەفامێك کە بایەخ بە شتی تر دەدەن و دەستدرێژی بۆ سەر مافمان دەکەن و، بێ هیچ هۆیەك دەمدرێژیمان لە بەرامبەرەوە دەنوێنن، بەرگری لە مافی خۆیان بکەن[1].

ئنجا ئاوڕدانەوە لە بابەت و کێشە و ململانێکانی دەرەوەی بازنەی ئەم کێشە مەزن و ڕاستەقینەیە و، بایەخ پێدانی بە بیر و دڵ، کارێکی گەلێ زیانبەخشە. چونکە ئەو کەسەی بایەخ بەم چەشنە بازنە ڕامیاری و فراوان و سەرنج ڕاکێشانە دەدات و، پێیانەوە سەرگەرم دەبێت، لە بیری دەچێت کە لە بازنەیەکی دیاریکراوی کەم خایەندا کاری خراوەتە ئەستۆ. ئیتر یان لە کارەکەی خۆی دوادەکەوێت، یان لە چەندین ئەرکی مەزنی سەرشانیدا سستی ڕووی تێدەکات، کە دەبوو لەو بازنە تەسکەدا ئەنجامی بدانایە.

پاشان ئەو کەسەی کە بایەخ بە هەواڵ زانینی ڕووداوەکانی ئەو بازنە ڕامیاری و فراوان و سەرنج ڕاکێشانە دەدات، لەوانەیە لافاوەکانی ئەو

(١) ئاماژەیە بۆ بەرگرییەکانی لە بەردەم دادگادا. (دانەر)

بابەتانە لەگەڵ خۆیاندا ڕایبماڵن و، هەردەم بەوە تاوانبار دەکرێت کە مافی شایانی بە ئەرکی سەرشانی نەداوە، هەرچەندەش هێشتا ساغیی دڵ و جوانیی نیاز و ڕێکیی بیر و ئیخلاسی لە کارەکانیدا لە دەست نەدابێت. تەنانەت کاتێ لە دادگادا منیان بەو بابەتانە تۆمەتبار کرد، پێم وتن:

"هەرگیز ناکرێ ڕاستی ئیمان و قورئان، کە وەك خۆر ڕووناك و درەخشانن، شوێنکەوتەی هێزی کێشی ڕووناکییەکانی زەوی بن، یاخود هۆکار بن بۆ بەدەستهێنانیان. چونکە هەر کەسێ بە تەواوی و ڕاستی و دروستی لەو ڕاستییە تێبگات، هەرگیز نایکات بە هۆکارێك بۆ دەسکەوتنی سەرانسەری بوونەوەرانیش بە گشتی، چ جای ئەوەی کە بیکات بە هۆیەك بۆ ڕووداوە بگۆڕ و لەناوچووەکانی دنیا"!

بەمە بێدەنگم کردن.

**سەعیدی نوورسی**

* * *

بەم جۆرە وەڵامەکەی مامۆستامان تەواو بوو. ئێمەش بە هەموو توانامانەوە وەڵامەکەی دەسەلمێنین و، تەسدیقی دەکەین.

**(قوتابیانی نوور)**

پەراوێزی مەقامی دووهەمی وتەی سیازدەهەم:

## چەند نامەیەك بۆ بەندکراوان[1]

باسمه سبحانه

بەندکراوان گەلێ پێویستیان بەو دڵنەواییە ڕاستەقینە و دڵدانەوە پاك و بێگەردەیە کە لە "پەیامەکانی نوور"دا هەن. بە تایبەت ئەو لاوانەی کە بە دەستی هەوا و ئارەزووی خۆیان زللەی تەمێکردن و سەرزەنشتیان چەشتووە و، هەرەتی جوانیی تەمەنیان لە بەندیخانەکاندا بەسەر بردووە.. ئەوانە چەندە پێویستیان بە "نان"ە هێندەش پێویستیان بە "نوور"ە!

دەماری "لاو" هەردەم بۆ هەوا و ئارەزووی هەستەکانی لێدەدات و بەدەم ئەو هەستانەوە زیاتر دەڕوات و پتر گوێڕایەڵیان دەبێت تاکو عەقڵ و ژیری!

ئاشکرایە هەوا و ئارەزوو لە دەمی قوڵپدان و هەڵچووندا درەمێك لەزەتی ئێستای بەلاوە باشترە لەچاو یەك تەن تام و لەزەتی داهاتوو. دەبینیت بەهۆی هاندەری هەوا و ئارەزووی تام و لەزەتی یەك خولەکی "تۆڵە سەندنەوە" لاوێك دەچێت مرۆڤێکی بێ تاوان دەکوژێت و، لە ئەنجامی ئەم کارەشیدا هەشت هەزار کاتژمێری تەمەنی بە ئەشکەنجەی بەندیخانەوە دەتلێتەوە..

هەروەها "لاو" جڵەوی خۆی بۆ تام و لەزەتی سەعاتێکی ڕابواردن لە "مەسەلەی شەرەف"دا شل دەکات، پاشان لە ئەنجامی ئەمەدا ئازاری هەزاران ڕۆژی بەندیخانە و ترسان لە دوژمنەکەی دەچێژێت.

---

(١) ئەم پەراوێزە چەند نامەیەکە مامۆستا نوورسی لە بەندیخانەدا ئاراستەی بەندکراوانی کردووە، کە گەلێ سوودی گەورەیان لەم نامانە بەدەست هێناوە. (وەرگێڕ)

ئیتر بەختەوەریی تەمەنی ئەم لاوە، لە نێوان دڵەتەپێ و نیگەرانی و ترس و لەرز و ئازاردا، بە زایە دەچێت.

بەم جۆرە، لاوانی هەژار دەکەونە ناو چەندین گیروگرفتی سەختی زۆری وەك ئەمانەی باس کران. بە ڕادەیەك کە خۆشترین و شیرینترین ڕۆژگارانی ژیانیان لێ دەبێت بە سەختترین و تاڵترین و، دەکەونە بارێکی هێندە ناهەموارەوە کە مرۆڤ بەزەیی پێیاندا بێتەوە..

بە تایبەت دوای ئەوەی کە چەندین گێژەڵووکەی لار و چەوت لە باکوورەوە هەڵیان کرد و، چەندەها ئاشووبی کاولکاریان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەم چەرخەی ئێستامان هێنا. چونکە شەرەف و نامووسی ئافرەتان و کچانی جوان بۆ هەوا و ئارەزووی دواڕۆژ نەبینی لاوان موباح دەکەن و، بۆ تێکەڵیی بێ ئابڕوانە هانیان دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، سەروەت و سامانی دەوڵەمەندان بۆ چەند هەژارێکی هەرزە و نەفام بە حەلاڵ دادەنێن.

جەستەی هەموو مرۆڤایەتی لە بەردەم ئەم هەموو تاوانە ناڕەوایانەی لە دژی دەکرێن، تەزووی پێدا دێت!

لاوانی موسڵمانی ئەم چەرخە پڕ لە تەنگانە و دەردیسەرییە، دەبێ چاکی لێبڕان بکەن بە لادا و قۆڵی مەردانەی لێ هەڵبماڵن، تاکو ئەم هەڵوێستە ڕزگار بکەن و، شمشێرە ئەڵماسییەکانی "پەیامەکانی نوور" و بەڵگە گومانبڕەکانی (کە لە پەیامەکانی: بەری درەختی ئیمان و، ڕابەری لاوان و، هاوچەشنیاندا هەن) بە دەستەوە بگرن و، بەرگری لە خۆیان بکەن و، بەرەنگاری ئەو هێرشە ڕامالەرە ببنەوە کە لە دوو قۆڵەوە دەکرێتە سەریان.

دەنا پاشەڕۆژی لاوانی جیهان و بەختەوەریی ژیانیان تیادەچێت و، خۆشگوزەرانیی دواڕۆژیشیان نامێنێت و، هەموو ئەمانەیان لێ دەبێت بە ئەشکەنجە و ئازار. چونکە لە ئەنجامی زیادەڕەوی و بەدکردارییاندا لە

خەستەخانەكاندا دەكەون و، بەهۆی هەڵەشەیی و سەرەڕۆییشەوە لە بەندیخانەكان توند دەكرێن و، ڕۆژگارانی پیریشیان بە گریانی بەكوڵ و هەنسك و پەژارەی پڕ لە حەسرەت و خەم لێ دەگوزەرێت!

بەڵام ئەگەر "لاو" لە ڕێی پەروەردەی قورئان و بەهۆی ڕاستی‌یەكانی پەیامەكانی نوورەوە خۆی پاراست، ئەوا دەبێ بە لاوێكی ڕابەری ڕاستەقینە و، مرۆڤێكی كامڵ و، موسڵمانێكی بە ڕاستی بەختەوەر و، پادشای هەموو بوونەوەران.

بەڵێ، ئەگەر لاو تەنها یەك سەعاتی بیست و چوار سەعاتەكەی ڕۆژگارانی بەندیخانەی لە بەجێهێنانی فەرزەكاندا بەسەر ببات و، لەو تاوان و گوناهانەی گەیاندوویانەتە بەندیخانە پەشیمان ببێتەوە و، وەك بەندیخانە لەو خراپكاری‌یانەی دوور خستووەتەوە، بۆ خۆیشی دوور بكەوێتەوە لێیان، ئەوا چەندین سوودی زۆری دەست دەكەوێت بۆ ژیان و دوارۆژی خۆی و، بۆ وڵات و، نەتەوە و، كەسوكار و خۆشەویستانیشی، سەرەڕای ئەوەش كە لاوی‌یەكی هەمیشەیی لە بەهەشتدا دەست دەكەوێت، لە بری لاویی كاتیی ئەم دنیای كە پازدەساڵ ناخایەنێت.

هەموو كتێبە ئاسمانی‌یەكان، لە پێش هەموویانەوە قورئانی پیرۆز، بەوپەڕی دڵنیاییەوە، مژدە و هەواڵی ئەم ڕاستی‌یەمان دەدەنێ.

بەڵێ، ئەگەر "لاو" بە گرتنەبەری ڕێی ڕاست و ئەنجامدانی پەرستنەكان، شوكرانەبژێریی نیعمەتی "لاوی" بكات كە سەردەمێكی خۆش و جوانە، ئەوا ئەو نیعمەتی لاوی‌یەی كە پێی بەخشراوە هەردەم لە زیادبووندا دەبێت و، كەم ناكات و، دەمێنێت و، تام و جوانی‌یەكەشی پتر زیاد دەكات.

دەنا لاوی‌یەكەی لێ دەبێت بە بەڵا و گیروگرفتێكی بەسوێ و ئازار و، لەناو خەم و پەژارە و تەنگانەی ژیاندا ون دەبێت تا بە تەواوی دەڕوات و

نامێنێت. ئیتر سەردەمی لاوێتییەکەی دەبێت بە ئەرکێکی قورس بەسەر شانی خۆی و، کەسوکار و، وڵات و، نەتەوەکەیەوە بە گشتی.

ئنجا هەموو سەعاتێکی بەندیی ئەو بەندکراوەی کە بە ناڕەوا و ستەم بڕیاری بەند کردنی لەسەر دەرچووە، وەك پەرستنی ماوەی ڕۆژێکی تەواو وایە، بە مەرجێ فەرزەکانی ئەستۆی بەجێ بهێنێت و، بەندیخانە - بۆ ئەو - وەك مەڵبەندێکی گۆشەگیریی لێ دێت، بە چەشنی زاهید و خواپەرستەکانی پێشین کە دەڕۆشتنە ناو ئەشکەوتەکانەوە و بۆ خواپەرستی لێدەبڕان. واتە دەکرێ ئەو بەندکراوە وەکو ئەو زاهیدانە وابێت.

هەروەها ئەگەر ئەو بەندکراوە کەسێکی هەژار و نەخۆش و پیر بێت و، دڵیشی پەیوەستی ڕاستییەکانی ئیمان بێت و، بۆ لای خوای گەورەی گەڕابێتەوە و، فەرزەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا هەموو سەعاتێکی بەندیخانەی لە حوکمی بیست سەعات پەرستشدا دەبێت و، بەندیخانە بۆ ئەو دەبێت بە قوتابخانەیەکی ئامۆژگاری و پەروەردەیی و مەڵبەندی خۆشویستنی یەکتری..

چونکە ڕۆژگارانی ژیانی لەوێ لەگەڵ هاوەڵانیدا بە حەوانەوە دەباتە سەر. ئەمە سەرەڕای حەوانەوەی خۆی و سەرباری ئەوەش کە بە چاوی میهرەبانییەوە خەڵکی بۆی دەڕوانن..

تەنانەت لەوانەیە مانەوەی بەندیخانەی گەلێ پێ باشتر بێت لەو سەربەستییەی دەرەوە کە لە هەموو لایەکەوە تاوان و گوناهی بەسەردا دەبارێت و، دڵی بەو وانەی ئامۆژگاری و پەروەردەکارییانەی ناو بەندیخانە دەکرێتەوە..

خۆ کاتێك کە بەندیخانەش بەجێ دەهێڵێت، وەکو پیاو کوژ و تۆڵەسێنەر ناڕواتە دەرەوە، بەڵکو ئەو کاتە پیاوێکی خواناسی باشی تۆبەکاری لێ

دەردەچێت و، دەبێت بە ئەندامێكی سوودبەخشی ناو وڵات و هاووڵاتییان. بە ڕادەیەك كە هەندێك لەو كەسانەی لە بەندیخانەكەی دەنیزلی لەگەڵ ئێمەدا بەند كرابوون، دوای ئەوەی لە ماوەیەكی گەلێ كورت و كەم خایەندا چەندین وانە و ئامۆژگارییان لە بارەی ئیمان و ڕەوشت بەرزییەوە لە "پەیامەكانی نوور" وەرگرت، وتیان:

(ئەگەر بەندكراوان لە ماوەی پێنج حەفتەدا دەرس و ئامۆژگاری لە پەیامەكانی نوور وەربگرن، گەلێ باشترە بۆ ڕاستكردنەوەی هەڵسوكەوتیان، تاكو ئەوەی پازدە ساڵ بخرێنە بەندیخانەوە)!

جا مادەم مردن لەناوناچێت و كاتەكەشی پەردەی غەیبی بەسەردا دراوەتەوە و هەموو دەمێك دەگونجێ ڕووبەڕووی ببینەوە..

هەروەها دەرگای گۆڕیش داناخرێت و، كاروانەكانی مرۆڤایەتی یەك لە دوای یەك لە پشت ئاسۆی گۆڕستانەوە ئاوا دەبن..

هەروەها مردن خۆیشی بۆ ئیمانداران وەك نامەی تەسریح و ڕزگار كردن وایە لە ئیعدامی هەمیشەیی - وەك بە "ڕاستی"ی قورئان ئەمە ڕوون كراوەتەوە - بۆ گومڕا نەفامەكانیش ئیعدامێكی هەتاهەتاییە، وەك خۆیان وای دەبینن، چونكە مردن جوداییەكی هەمیشەییە لە هەموو كەسوكار و خۆشەویستانیان، تەنانەت لە هەموو بوونەوەرانیش بە گشتی..

مادەم ئەمە وایە.. ئەوا بێ هیچ گومانێك بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو كەسەیە كە:

شوكرانەی پەروەردگاری بكات و، لە بەندیخانەكەیدا ئارامگر و چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورە بێت و، دەرفەت لە كاتەكانی ئەوێی ببینێت و، بە جوانترین و باشترین شێوە بەكاریان بهێنێت و، بەپێی ڕێنمایی پەیامەكانی نوور بۆ خزمەتی ئیمان و قورئان تێبكۆشێت.

ئەی مرۆڤی تووشبووی لەزەت و چێژی دنیا!

لە ماوەی حەفتا و پێنج ساڵی تەمەنمدا و، بە هەزاران تاقیکردنەوەی ژیانم و ئەو ڕووداوانەی بەسەرم هاتوون، دڵنیا بووم لەوەی کە:

تام و چێژی ڕاستەقینە، کە ئازاری ئاوێتە نەبێت و، خۆشی‌یەك خەم و پەژارە لێڵی نەکات و بەختەوەریی ڕاستەقینە و بێگەرد و تەواو، تەنها بە "ئیمان" دەست دەکەوێت و لەناو بازنەی "ڕاستی‌یەکانی ئیمان"دایە. دەنا بێ ئەم ئیمانە، تەنها یەك دانە لەزەتی دنیا چەندەها ئازاری زۆر و زەبەندی تێدایە، چونکە کاتێ کە دنیا لەزەتێکی بە ئەندازەی دەنکە ترێیەکت پێشکەش دەکات، دە دانە زللەی توندی بەسۆیشت تێ دەسرەوێنێت، بەمەش تام و لەزەتی ژیانت لێ دەسێنێتەوە.

ئەی ئەو بێچارانەی کە دووچاری بەلا و گرفتاری موسیبەتی بەندیخانە بوون!

مادەم دنیاکەتان لە گریان و خەمباریدایە و، ژیانیشتان بە ئازار و بەلا و موسیبەت لێڵ بووە، ئەوا تا دەتوانن تێبکۆشن دواڕۆژیشتان بە گریان و پەژارەوە لێ نەگوزەرێت و، ژیانی هەمیشەییتان بەختەوەر و شیرین بێت.

کەواتە برایانم! ئەم هەلە لەدەست مەدەن، چونکە هەروەك دەکرێت ئێشکگرتنی ماوەی یەك سەعات بەرامبەر سوپای دوژمن لە بارودۆخێکی دژواردا، بە خواپەرستیی ماوەی یەك ساڵ بژمێررێت، ئەوا هەموو سەعاتە سەختەکانی ژیانی بەندیخانەتان، لەودنیادا بە چەندەها سەعاتی خواپەرستی بۆ دادەنرێت، گەر فەرزەکانتان بەجێ‌بهێنن. دیارە ئەو کاتەش دەردیسەری و بارە ناخۆشەکانتان بۆ دەبێت بە میهرەبانی و لێبوردن.

* * *

باسمه سبحانه

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

برا ئازیز و بەوەفاکانم!

سێ ڕووناکیی دڵدەرەوەم دی، وا لە سێ خاڵدا ڕوونیان دەکەمەوە بۆ ئەوانەی کە دووچاری بەندیخانە بوون و، ئەوانەی چاودێرییان دەکەن و، ئەوانەش کە لە ئیش و کار و گوزەرانیاندا یارمەتییان دەدەن:

خاڵی یەکەم:

دەکرێ و دەگونجێ هەموو ڕۆژێکی ئەو تەمەنەی کە لە بەندیخانەدا بەسەر دەبرێت، پاداشتی پەرستنی دە دانە ڕۆژ دەستی مرۆڤ بخات و، ئەو سەعاتانەش کە لە ئەنجامدا لەناو دەچن، دەگونجێ بکرێن بە چەندین سەعاتی نەمر و هەتاهەتایی. بگرە دەگونجێ بردنەسەری چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا، بکرێت بەهۆی ڕزگاربوون لە ملیۆنەها ساڵی بەندیخانەی هەمیشەیی.

مەرجی ئەم قازانجە مەزنەی ئیمانداران، بەجێهێنانی فەرزەکان و، پەشیمان بوونەوەیە لە بەردەم خوای گەورەدا لەو تاوان و گوناهانەی گەیاندوویانەتە بەندیخانە و، شوکرانە بژێری و، ئارامگرتنە تەنها لەبەر خوای گەورە. سەرەڕای ئەوەی کە بەندیخانە خۆیشی دەستی مرۆڤ لە گەلێ گوناه دەگێڕێتەوە.

خاڵی دووهەم:

نەمانی ئازار لەزەتە و، نەمانی لەزەتیش ئازارە..

بەڵێ، هەرکەسێك بیر لە ڕۆژانی خۆش گوزەرانیی ژیانی بکاتەوە، ئەوا لە گیانی خۆیدا هەست بە خەم و خەفەت دەکات بۆ نەمانیان، بە چەشنێ کە وشەی ئاخ و داخی حەسرەت و پەژارە لە زمانی دەردەچێت. بەڵام ئەگەر بیر

لە ڕۆژگارانی بەڵا و موسیبەتی بکاتەوە، ئەوا لە دڵ و گیانی خۆیدا هەست بە خۆشی و شادیی نەمانیان دەکات و، زمانیشی بە وتنی: "الحمد لله" و دەربڕینی شوکرانەبژێریی خواوەند، ئەو خۆشی‌یە دەردەبڕێت، چونکە بەڵا و گیروگرفتەکانی ئەو ڕۆژانە ڕۆشتن و پاداشتیان پاشەکەوت کرد.

ئیتر ئەو مرۆڤە دڵی بەمە دەکرێتەوە و بۆ خۆی دەحەوێتەوە.

واتە ئازارێکی کاتیی یەك سەعات، تام و لەزەتێکی مەعنەوی لە گیاندا بەجێ دەهێڵێت.. بە پێچەوانەشەوە لەزەتێکی کاتیی تەنها یەك سەعات ئازارێکی مەعنەوی لە گیاندا دوای خۆی بەجێ‌دەهێڵێت!

جا مادەم "ڕاستی" بەم جۆرەیە و، مادەم سەعاتەکانی بەڵا و موسیبەتیش، کە لەگەڵ ئازارەکانیاندا ڕۆشتن و بەسەرچوون، وەکو ئەوەوان کە هەر نەبووبێتن..

مادەم ڕۆژگارانی بەڵا و موسیبەتی ئایندەش هێشتا نەهاتوون، کەواتە ئەوانیش وەك "نەبوو" وان. خۆ دیارە شتی "نەبوو" ئازاری نی‌یە..

ئەوا دەربڕینی بێ ئارامی و ترس و بیم لە ئازارەکانی ڕابوردوو، هەروەها ئەوانەی ئایندەش کە هێشتا نەهاتوون و هەموویان لە حوکمی "نەبوو"دان، بە گێلی و نەفامی دادەنرێت.

هەروەها سکاڵا دەربڕین لە دەست خوای گەورە و، لێ نەپرسینەوەی دەروونی بەدخوازی پڕقسوور و، کات بەسەربردن بە حەسرەت و هەنسکدان و خەم هەڵڕشتن.. هەموو ئەمانە، ئەوپەڕی نەفامین.

ئایا ئەو کەسەی کە ئەمە حاڵیەتی لەوە نەفامتر نی‌یە کە لە ترسی برسێتی و تینوێتیی ڕۆژانی ئایندەی، هەر لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە، خەریکی خواردن و خواردنەوە بێت؟

بەڵێ، ئەگەر مرۆڤ هێزی ئارامگرتنی خۆی بە ڕاست و چەپدا - واتە بە ڕابوردوو و ئایندەدا - بڵاو نەکاتەوە، ئاراستەی تەنها ئەو ڕۆژەی بکات کە تیایدایە، ئەوا تەنها ئەو هێزەی سەروزیادە بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی.

تەنانەت من دەڵێم و - سکاڵاش ناکەم - ئەو سەختڵەتکردنە ماددی و مەعنەوییانەی کە لەم قوتابخانە یووسفیيە سێهەمەدا[٢] و لەماوەی چەند ڕۆژێکدا هاتنە ڕێم، بە درێژایی ژیانم شتی وام نەدیوە، بە تایبەت بێ بەش کردنم لە خزمەتگوزاریی نوور، لەکاتێکدا کە چەندین نەخۆشی سەری تێ کردووم..

جا لەو کاتەدا کە دڵ و گیانم بە دەست ئەم هەموو تەنگی و نائومێدییەوە پێکەوە دەگووشران، چاودێریی خوای گەورە ئەو ڕاستییەی پێشووی بە هاناوە ناردم. ئیتر دڵم بە تەواوی کرایەوە و ئەو دڵتەنگی و سەختڵەتییانەم نەمان و بە ئازاری بەندیخانە و نەخۆشی ڕازی بووم. چونکە هەر کەسێك وەك من لە لێواری گۆڕەکەیدا بێت، گەلێ قازانجیەتی یەك سەعاتی تەمەنی - کە دەگونجێ بە بێ ئاگایی لێی بڕوات - بە دە سەعات پەرستن بۆ بژمێررێت.

ئیتر شوکرانەیەکی زۆرم لەسەر ئەمە پێشکەشی خوای گەورە کرد.

خاڵی سێهەم:

یارمەتیدانی پڕ سۆز و بەشەفەقەتی بەندکراوان و، بە دەست گەیاندنی ڕزق و ڕۆزییان کە پێویستیان پێیەتی و، چارەسەر کردنی زامە مەعنەوییەکانیان بە مەڵهەمی دڵنەوایی و دڵدانەوە..

---

(٢) مەبەست بەندیخانەی شاری (ئافیۆن)ە کە ساڵی ١٩٤٨ ز مامۆستا نوورسی و قوتابییانی نووری تێدا بەند کران. (وەرگێڕ)

هەر یەك لەمانە هەرچەندە كارێكی ئاسانە، بەڵام پاداشتی گەلێ مەزن و زۆری تێدایە، چونكە بە دەست گەیاندنی ئەو ڕۆزییەی كە لە دەرەوە بۆیان دێت لە حوكمی "سەدەقە"دایە و، لە تۆماری كردەوە چاكەكانی ئەو كەسەدا دەنووسرێت كە ئەو ڕۆزییەی بە دەستی ئەو بەندكراوە گەیاندووە، چ ئەوانەی لە دەرەوە بۆیان هێناوە، چ پاسەوانەكان، چ ئەو چاودێرانەش كە لەم كارەدا یارمەتییان دەدەن. بە تایبەت ئەگەر بەندكراوەكە پیر و بەتەمەن، یان نەخۆش، یان ئاوارە و دوور لە شاری خۆی، یان هەژار و نەدارا بێت، ئەوا پاداشتی ئەو "سەدەقە مەعنەوییە" گەلێ زیاتر دەبێت.

مەرجی ئەم قازانجە: ئەنجامدانی فەرزەكانە، تاكو ئەم خزمەتگوزارییە تەنها لەبەر خوای گەورە بێت. لەگەڵ مەرجێكی تردا كە بریتییە لەوەی ئەو خزمەتگوزارییە هاوڕێی شەفەقەت و بەزەیی و سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی بێت و، هیچ منەتێكی ئاوێتە نەبێت.

* * *

باسمه سبحانه

﴿وان من شيء إلاّ يسبح بحمده﴾

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

**ئەی برایانی ئایینی و هاوەڵانی بەندیخانەم!**

وام بە دڵدا هات كە ڕاستییەكی گرنگی وەهاتان بۆ ڕوون بكەمەوە - پشت بە خوای گەورە - لە ئازاری دنیا و قیامەت ڕزگارتان بكات.

ئەو ڕاستییەش ئەمەی خوارەوەیە كە بە نموونەیەك ڕوونی دەكەمەوە:

گریمان کەسێك برای، یان خزمی، کەسێکی تری کوشت. دیارە ئەم کوشتنەی کە لەبەر لەزەتی لەخۆ بایی‌بوونی تۆڵەسەندنەوەیە و، تەنها یەك خولەك دەخایەنێت، ئەشکەنجەی ملیۆنەها خولەکی دڵتەنگی و ئازاری بەندیخانەی لێ پەیدا دەبێت. لە هەمان کاتدا کەسوکاری کوژراوەکەیش هەمیشە لە نیگەرانیدان و، هەر کاتێك بکوژەکەیان بیر دەکەوێتەوە و کەسوکاری دەبینن، بۆ دەرفەتێك دەگەڕێن تاکو تۆڵەی خۆیان بسێننەوە..

بەم جۆرە لەزەتی تەمەن و خۆشگوزەرانیی ژیانیان، بەدەم ئازاری بەسۆی ترس و بیم و دڵە تەپێ و ڕق و قینەوە لەدەست دەردەچێت و، هەردوو لایان لە ئازارێکی سەختدا دەتلێنەوە.

ئەم دەردە هیچ چارەسەری و دەرمانێکیشی نی‌یە جگە لە سولح و ڕێککەوتن کە قورئانی پیرۆز فەرمانی پێ دەدات و حەق و ڕاستی داواکاری دەبن و، بەرژەوەندیی هەردوو لایشی تێدایە و، مرۆڤایەتی داخوازیەتی و، ئایینی ئیسلامیش هەردوو لای بۆ هان دەدات.

بەڵێ، بەرژەوەندی و ڕاستی لە ڕێککەوتندایە و کارێکی گەلێ باشە، چونکە "ئەجەل" هەر یەکێکە و گۆڕانی بۆ نی‌یە. هەرچۆن بێت دەبوو ئەو کوژراوە هەر ژیانی بەجێ بهێشتایە و نەمایە، مادەم ئەجەلی هاتبوو، بکوژەکەیش بوو بە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو قەزایەی خوای گەورە. جا ئەگەر هەردوو لا ڕێك نەکەون، ئەوا ماوەیەکی گەلێ زۆر و درێژخایەن لە ترس و بیم و ئازاری تۆڵەسەندنەوەدا دەتلێنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئایینی ئیسلام فەرمانی داوە لە سێ ڕۆژ زیاتر موسڵمان لە برای موسڵمانی دەنگ دانەبڕێت.

جا ئەگەر ڕووداوی ئەو کوشتنە ئەنجامی دوژمنایەتی‌یەکی کۆن و ڕقەبەرایەتی‌یەکی ڕەگداکوتاو نەبێت و، مونافقێك هۆکاری هەڵگرساندنی

ئاگری ئەو فیتنە و ئاژاوەیە بووبێت، ئەوا دەبێ یەکسەری ڕێـك بکـەون. دەنـا ئەو موسیبەتە بچووکە گەورە دەبێت و درێژە دەکێشێت، گەر هەردوو لایـش ڕێك بکـەون و بکوژەکـەیش لـە تاوانەکـەی خۆی پەشیمان بێتـەوە و تۆبـە بکات و بە بەردەوامی دوعـای خێر بۆ کوژراوەکە بکـات، ئـەوا هـەردوو لا دەسـتکەوتی زۆریـان دەسـتگیر دەبێـت. چونکـە خۆشەویسـتی و ئولفـەت دەکەوێتە نێوانیانەوە و ئەم لە دوژمنەکەی خۆش دەبێت و لە بریی یەك بـرا کـە کۆچی کرد چەندین برای بـاش و خواناسـی دەسـت دەکـەوێت و هـەردوو لا پێکەوە مل بۆ قەزا و قەدەری خوای گـەورە کـەچ دەکـەن، بـە تایبـەت ئەگـەر لەوانە بن کە گوێ بۆ دەرس و ڕێنمایی‌یـەکانی "نـوور" ڕادەگـرن، ئەوانـە لـە هەموو کەس زیاتر داوایان لـێ دەکرێت دوورەپـەرێزی لـە هـەر شتێك بکـەن کە نێوانی دوو کەس تێك بدات، چونکـە ئەو برایەتی‌یەی کە لە چوارچێوەی نووردایە و دەیانبەستێت بە یەکەوە و، پاشان بەرژەوەندیی گشتی و، ئنجا ئـەو دڵسافی و دەروون ساغی‌یەش کە ئیمان داوای دەکات لێیان..

هـەموو ئەمانـە، داخـوازی پشـتگوێ خسـتنی نـاکۆکی و، دامـەزراندنی ئاشتی و تەبایی دەبن.

ئەمـەی باسمـان کـرد، لـە ڕاستیدا، لـە بەندیخانـەی دەنیزلی لــە نێـوان دوو بەندکراودا - کە دوژمنایـەتیی یـەکتریان دەکـرد - ڕووی دا. دوای ئـەوە، بـە فەزڵی خوای گەورە و پـاش وەرگرتنـی چەند وانەیـەك لـە پەیامـەکانی نـوور، بوون بە برای خۆشەویستی یەکتر، تەنانـەت بـوون بـە یـەکێ لـە هۆکارەکـانی تەبریبـە بوونمـان، بــە ڕادەیــەك کــە مولحیــد و نەفامــەکانیش لــە بــەردەم ئــەم خۆشـەویستی‌یە برایانەی ئەو دوانەدا هیچیان بۆ نەمایەوە و ناچار بوون بڵێـن: "ما شـاء الله.. بـارك الله.."! بـەم جۆرە دڵـی هـەموو بـەندکراوان گەشـایەوە. چونکە لێرەدا بە چاو دەبینین کە چۆن ستەم لـە بـەندکراوان دەکرێـت و، بـە

تاوانی یەك كەس توندوتیژی لەگەڵ سەد كەسیاندا دەنوێنرێت، بە ڕادەیەك كە لە كاتی حەوانەوەشدا نایەڵن ئەو سەد كەسە لەبەر تەنها ئەو تاوانبارە بڕۆنە ناو حەوشەی بەندیخانەكەشەوە!

بەڵام مرۆڤی ئیمانداری بەغیرەت، جوامێرییەكەی هەرگیز ڕێی ئەوەی پێ نادات كە ئازاری هیچ ئیماندارێك بدات، چ جای ئەوەی لە پێناوی سوودی هەندەكی و كەمی خۆیدا ببێت بەهۆی ئازاردانی. كەواتە دەبێ هەر كە بە هەڵەی خۆی زانی و هەستی بەوە كرد كە بووە بەهۆی ئازاری ئیماندارێك، یەكسەر بە پەلە تۆبە بكات و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێتەوە.

* * *

باسمه سبحانه

﴿وإن من شيء إلاّ يسبّح بحمده﴾

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

ئەی برا ئازیزە نوێیەكانم و ئەی بەندكراوانی پێشوو!

ئێستا گەیشتوومەتە قەناعەتێكی یەكجار تەواو بەوەی كە عینایەتی خوای گەورە ئێمەی لەبەر ئێوە گەیاندووەتە ئێرە. واتە هاتنمان بۆ ئێرە لەبەر بڵاوكردنەوەی ئەو دڵدانەوە و دڵنەوایییەیە كە "پەیامەكانی نوور" بۆ ئێوەیان هێناوە و، بۆ كەمكردنەوەی گوشارەكانی بەندیخانەیە لەسەرتان، بەهۆی "ڕاستییەكانی ئیمان" و، لەبەر پاراستنتانە لە گەلێ بەڵا و موسیبەت و تەنگانەی ژیان و، بۆ دەربازكردنی ژیانی پڕ خەم و پەژارەتانە لە بێ مەبەستی و بێ سوودی و، بۆ ڕزگاركردنی ئەودنیاشتانە تاكو وەك ئەم دنیاتان لە گریان و خەم و پەژارەدا نەبێت!

جا مادەم ڕاستی ئەمەیە کە باسمان کرد، ئەوا دەبێ ئێوەش وەك قوتابیانی نوور و وەك ئەوانەش کە لە بەندیخانەی دەنیزلی لەگەڵماندا بوون، ببن بە برای خۆشەویستی یەکتری.

ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەبینن ئەو پاسەوانانەی کە سوورن لەسەر خزمەت کردنتان، بە دەست پشکنینەوە گەلێ ماندوو دەبن، تەنانەت خواردنەکانیشتان دەپشکنن نەوەك ئامێرێکی تیژی تێدا بێت! ئەمەش لەبەر ئەوەی کارێك ڕوونەدات کە دەستدرێژی بکەنە سەر یەکتری، وەك بڵێی ئێوە دڕندە و خوێنمژ بن و، هەرکەسە بە ئارەزووی خۆی پەلاماری ئەوی تر بدات تاکو بیکوژێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەرفەتی پشوودان و حەوانەوەشتان نادرێتێ، نەوەك شەڕ و ئاژاوەتان لە نێواندا دروست ببێت!

دەسا ئێوە و ئەو برایانەش کە تازەکی هاتوونەتە بەندیخانەوە و، وەکو ئێوە خاوەنی ئازایەتی و جوامێرییەکی سروشتین، هەمووتان بەوپەڕی ئازایەتیی مەعنەوییەوە لە بەردەم دەستەی سەرپەرشتیارانی بەندیخانەدا بڵێن:

(نەك تەنها شتی تیژ، بەڵکو ئەگەر چەکە تازەکانیشمان بدەنێ، ئێمە هەر دەستدرێژی ناکەینە سەر ئەو برا و هاوەڵانەمان کە لەگەڵماندا دووچاری بەندی بوون، تەنانەت ئەگەر دوژمنایەتیی کۆن و دێرینیشمان لە نێواندا هەبێت ئێمە هیچ جۆرە کارێکی وا ناکەین. چونکە لە هەموویان خۆش بووین و، تا دەتوانین هەوڵ دەدەین هەست و نەستی یەکتر زامدار نەکەین و دڵیان نەشکێنین. ئەمە بڕیارێکە بە ڕێنمایی قورئانی پیرۆز و فەرمانی برایەتیی ئیسلام و داخوازیی بەرژەوەندیی هەموومان دەرمان کردووە).

بەم جۆرە، "بەندیخانە" دەکەن بە "قوتابخانە"یەکی بەپیت و بەرەکەت.

پاشکۆی مەقامی دووهەمی وتەی سیازدەهەم:

# قورئانی پیرۆز دالّدە و شیفایە

ئەمەی خوارەوە ڕاستی‌یەکی فراوان و درێژە "شەوی قـەدر" بـە دڵمدا هات. وا هەوڵ دەدەم زۆر بە پوختی بـەم جـۆرەی خـوارەوە ئاماژەی بۆ بکەم:

یەکەم:

مرۆڤایەتی بە دەست ئەم جەنگە جیهانی‌یەی دواییەوە گەلێ ئازاری چەشت، چونکە دژوارترین جۆرەکانی ستەم و دڕندەترین چەشنەکانی خۆسەپاندنی بە چاوی خۆی بینی، لەگەڵ ئەو کاولکاری‌یە سامناکەی کە هەموو جێ‌یەکی سەرزەویی گرتەوە، چونکە سەدان کەسی بێ تاوان بە تاوانی یەك کەس دووچاری گیروگرفت و دەردیسەری بوون و، کەسانی بێ دەستیش کەوتنە بەدبەختی و نەبوونی‌یەکی تابڵێی تاڵەوە و، سەرکەوتووانیش تووشی ئەشکەنجەیەکی ویژدانیی سەخت بوون، چونکە دەزانن توانای چاککردنەوەی ئەو کاولکاری‌یانەیان نی‌یە کە ئەنجامیان داوە و، لە مەترسیی ئەوەشدان کە نەتوانن پارێزگاریی دەستەڵاتیان بکەن.

ئەو ڕاستی‌یەش بە تەواوی بۆ خەڵکی دەرکەوت کە ژیانی دنیا - بێ هیچ گومانێك - ژیانێکی کاتی و لەناوچووە و، زرق و برقەکانی شارستانێتیش بەنجکەر و لەخشتەبەرن و هیچ سوودێك بە مرۆڤ ناگەیەنن و، گرۆی مرۆڤایەتیش بە خوێنی ئەو دەست وەشاندنە بەهێزە سوور و خوێناوی بوو کە لە زاتی مرۆڤانە و ئامادەییە بەرزەکانی ناو سروشتی وەشێنران..

هەروەها شکست هێنان و لەتوپەت بوونـی "بێ ئاگـایی" و "گومڕایی" و "سروشـت"ی کـەڕ و بێ گیـانیش بـە شمشێری ئەڵماسیی قورئانی پیرۆز بـە ڕوونی بۆ هەموو خەڵکی دەرکـەوت و، ڕووە ڕاستەقینە چەپەڵ و ناشیرین و غەددارەکـەی سیاسـەتی نێودەوڵـەتانیش ئاشـکرا بـوو، کـە چڕتریـن و ئەستوورترین و فراوانـترین پـەردەی لەخشـتەبردن و گومڕایی کردنـە و، لـە هەموویان زیاتر خەڵکی دەخنکێنێت و "گیان"یشیان فریو دەدات.

کەواتـە پاش ڕوون بوونـەوەی ئەمانـە، بێ هیـچ گومـانێك، مرۆڤایـەتی بـە دوای "خۆشەویستی ڕاستەقینە"ی خۆیدا دەگەڕێت، کـە ژیـانی هەمیشـەیی و نەمرییە و، بە هەموو توانایەوە بۆی تێدەکۆشێت. وا لە بـاکوور و ڕۆژئـاوای جیهان و ئەمریکادا نیشانەکانی ئەمەی باسمان کرد دەرکەوتوون.

هـەروەها مرۆڤایـەتی بـە تـەواوی تێدەگـات ئـەم ژیانـەی دنیـای کـە بـە چەشنێکی "مـەجازی" خۆشـی دەوێـت و عاشـقیەتی، ژیـانێکی ناشـیرین و لەناوچووە. ئەو کاتە - بـێ هیـچ گومـانێك - بـە دوای ئـەو قورئانـە پیرۆزەدا دەگەڕێت کە هەزار و سێ سـەد و شـەست ساڵە لە هەموو چەرخێکدا سێ سـەد مليـۆن خزمـەتگوزار و قوتـابیی هەیـە و.. مليۆنـان کەسـی حـەفزەو تەسـدیقی هەموو یەکێك لە فەرمانەکانی دەکەن و.. لـە هـەموو خولـەکێکدا ڕێزی شایانی خـۆی لـە دڵـی هـەزاران لەبەرکـەرانیدا دەگیرێت و.. ڕێنمـایی مرۆڤـایەتی دەکات بە زمـانی خۆیـان و، بـە شـێوازە خـاوەن ئیعجـازەکەشـی مژدەی ژیانی نەمری و بەختەوەریی هەمیشەییان دەداتێ و، بەم کارەشـی زامـە بەسوێ و قووڵەکانیان سارێژ دەکات. بەڵکو ئەم مژدەیەی بە هەزاران ئایـەتی بـەهێزی خـۆی دووپـات دەکاتـەوە، تەنانـەت دەیـان هـەزار جـاریش، چ بـە ڕاشـکاوی و چ بـە ئامـاژە بـۆکردن، ئـەم هەواڵـە ڕادەگەیـەنێت و، چـەندەها بەڵگەی گومان بڕ و ڕوون و چەسپاویشی لەسەر دەهێنێتەوە.

جا ئەگەر مرۆڤایەتی بە تەواوی ژیریی لە دەست نەدات و، قیامەتێکی ماددی یان مەعنەوی نەیەتە رێی، ئەوا بە حەتمی بە دوای قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازدا دەگەڕێت، وەك لە هەموو کیشوەرەکانی جیهان و دەوڵەتە مەزنەکان و سوید و نەرویج و فینلەندەدا ئەمە رووی دا و، هەروەها وەك ئەوەی کە چەندین وتاربێژ و قسەزانی بەناوبانگی ئینگلتەرا بۆ قبوولکردنی تێدەکۆشن و، کۆمەڵەیەکی گرنگی ئەمریکایش کە بە دوای ئاییني راستەقینەدا عەودالە، لێی دەکۆڵێتەوە..

جا ئەمانەی کە باس کران، دوای تێگەیشتن لە راستییەکانی ئەو قورئانە، بێ هیچ گومانێك دەستی پێوە دەگرن و، بە گیان و هەناوی خۆیان لە دەوری کۆدەبنەوە. چونکە سەبارەت بە چارەسەری ئەم راستییە هیچ شتێك نییە هاوچەشنی قورئانی پیرۆز بێت و لەمەولاش نابێت، بە هیچ جۆرێك ناگونجێ کە شتێکی تر هەبێت جێی ئەم موعجیزە مەزنە بگرێتەوە.

دووهەم:

"پەیامەکانی نوور" بە وێنەی شمشێرێکی ئەلماس بە دەستی ئەم موعجیزە مەزنەوە، خزمەتگوزاریەکانی خۆیان بە رادەیەك دەرخست کە دوژمنە سەرسەختەکانیشی بە بەڵگە بەستەوە و ناچاری تەسلیم بوونی کردن. لەو رووەشەوە کە موعجیزەیەکی واتا پڕ لە ئیعجازەکانی قورئانن، لە بەردەم ئەم گەنجینەیەی قورئاندا ئەرك و فرمانی سەرشانی خۆیان بەجێ دەهێنن، بە رادەیەك کە دەتوانن دڵ و گیان و سەرجەم هەستەکانی مرۆڤ روونـاك بکەنەوە و چارەسەری شیفابەخش بە هەریەکەیان ببەخشن.

ئەمەیشت بەلاوە سەیر نەبێت، چونکە ئەم پەیامانە کاری بانگەواز کردنیان بۆ قورئانی پیرۆز گرتووەتە ئەستۆ و، هەر تەنها لە قورئان لێشاوی فەڕ و بەرەکەت وەردەگرن و، قورئان تاقانە سەرچاوەیانە.

ئەم پەیامانە هەروەك بە تەواوی ئەركی سەرشانیان جێبەجێ دەكەن، لە هەمان كاتدا بەسەر پڕوپاگەندە چەپەڵ و ناڕەواكانی دوژمنانی پەیامەكاندا سەركەوتن و، كەللەڕەقترین زەندیقیان لەناو برد و، سەختترین قەڵاكانی گومڕاییشیان كە "سروشت"ە و پەنایان پێ دەبرد بە "پەیامی سروشت" لە بناغەدا هەڵتەكاند و داریان بەسەر بەردیەوە نەهێشت.. هەروەها بە "مەسەلەی شەشەمی بەری درەختی ئیمان" و، بەڵگەكانی یەكەم و دووهەم و سێهەم و هەشتەمی پەیامی "عەسای مووسا"یش لە مەیدانی زانستە نوێكان و چڕترین تاریكیيە خنكێنەرەكانی "بێ ئاگایی"دا، بێ ئاگاییان لەو گۆڕەدا نەهێشت و نووری تەوحیدیان تێدا ئاشكرا كرد.

ئا لێرەوە دەردەكەوێت كە پێویستە بۆ ئێمە - بۆ نەتەوەش گەلێ پێویستترە - لە چوارچێوە و سنووری توانا و لە هەموو جێیەكدا قوتابیانی نوور چەندین قوتابخانەی نووریی بچووك بكەنەوە، دوای ئەوەی كە دەوڵەت لەم كاتەدا دەرفەتی داوە بە كردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی بۆ وتنەوەی ئایین[1]..

ڕاستە هەموو خوێنەرێكی "پەیامەكانی نوور" دەتوانێت سوودێك بۆ خۆی وەربگرێت. بەڵام ناتوانێت لە هەموو مەسەلەكانی بە تەواوی تێبگات، چونكە ئەو پەیامانە ڕوونكردنەوەی ڕاستیيەكانی ئیمانن، كەواتە وانەی زانستی و، خواناسی و، سرەوتی دڵ و، خواپەرستین، لە یەك كاتدا[2].

---

(١) چونكە قوتابخانە ئایینیيەكان لە توركیادا هەر لە سەرەتای ساڵەكانی بیستەوە تا ساڵی ١٩٥٠ز قەدەغە كرابوون. (وەرگێڕ)

(٢) تەنانەت گەر كەسێك هەبێت پێویستی بە "فێربوون" نەبێت، ئەوا بێ گومان هەر پێویستی بە پەرستش و، ناسینی خوای گەورە و، سرەوت و ئاسوودەیی دڵی هەیە. لەبەر ئەوە، پەیامەكانی نوور وانەیەكی پێویستن بۆ هەموو كەسێك. (دانەر)

ئەو ئەنجام و بەرهەمانەی کە دەگونجا بۆ ماوەی پێنج یان دە ساڵ لە قوتابخانە ئایینی‌یەکاندا دەست بکەوتنایە، ئێستا دەتوانرێت لە قوتابخانەکانی نووردا بە ماوەی پێنج یان دە حەفتە - بە ئیزنی خوا - دەست بکەون.

سوپاس بۆ خوای گەورە، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا ئەو ئەنجام و بەرهەمانەیان هێنایەدی.

ئنجا سوودی ئەم پەیامانە، کە بانگەوازکار و چەند بریسکانەوەیەکی ڕووناکی‌یە گەشەدارەکەی قورئانن، بۆ ژیانی نەتەوە و ئاسایشی نێو وڵات شتێکی سەلمێنراوە، تەنانەت بۆ ژیانی ڕامیاریش، چ جای ژیانی ئەودنیای.

کەواتە گەلێ پێویستە دەوڵەت بە نیازی خراپ دەستیان بۆ درێژ نەکات. بەڵکو بە لێبڕانەوە بۆ بڵاو کردنەوەیان تێبکۆشێت و، خەڵکی بۆ خوێندنەوەیان هان بدات. تاکو ئەم کارەی بکات بە کەفارەتی خراپکاری‌یە پێشووەکانی و، ببێت بە بەربەستێکی مەحکەم لە ڕووی ئەو بەڵا و گرفت و ئاشووب و تۆقاندنکاری و مەترسی‌یانەی کە لە داهاتوودا دێنەپێش.

ئومێدی حەوتەمی پەیامی پیران:

## ئیمان دڵدانەوەیە

کاتێ کە لە سەرەتای پیریمدا خەندەی خۆشحاڵیی "سەعیدی کۆن" نەما و جێی بۆ شین و گریانی "سەعیدی نوێ" چۆڵ کرد، دنیاخوازانی "ئەنقەرە" پێیان وابوو من وەك باری پێشووم ماومەتەوە و هەر "سەعیدی کۆن"ی جارانم، بۆیە بانگێشتیان بۆ کردم کە بچم بۆ ئەوێ. منیش رۆشتم[1].

لە رۆژێکی کۆتایی پایزدا رۆشتمە سەر لوتکەی قەڵاکەی ئەنقەرە، کە لە من گەلێ زیاتر دووچاری پیری و پرتوکان بووبوو!

لەوێ ئەو قەڵایەم وەك رووداوە مێژووییە بەردبووەکان هاتە بەرچاو!

جا بەهۆی پیربوونی ساڵ لە وەرزی پایزدا و، پیریی خۆم و، پیریی قەڵاکە و، پیریی مرۆڤایەتی و، پیریی دەوڵەتی مەزنی عوسمانی و، مردنی خەلافەت و، پیربوونی دنیا بە گشتی، خەمێکی قووڵ، ناخی دەروونمی گرتەوە و تەزوویەکی بەتینیش بە جەستەمدا هات..

---

(١) ئەمەش لە ١٩٢٢/٩/٩دا بووە، لەم سەفەرەی ئەنقەرەدا و لە رۆژی ١٩٢٣/١/١٩دا بەیاننامەیەکی گرنگی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران (مەجلیسی مەبعووثان) نووسی کە (ژەنەراڵ کازم قەرەبەکر) لە ئەنجوومەنەکەدا خوێندیەوە و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (یا أیـــها المبعوثون! إنکم لمبعوثون لیوم عظیم)! لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم وتارەدا نزیکەی (شەست نوێنەر) ڕێگای خواپەرستی و بەجێهێنانی فەرزەکانیان گرتەبەر، پاش ئەوەی ئەو دەوروبەرەی کە لە ئەنقەرەدا تێی کەوتبوون لە سەرچاوەی ئیمان دووری خستبوونەوە. هەر لەم سەفەرەی ئەنقەرەشدا پەیامی (حوباب)ی چاپ کرد، لە بەرامبەر ئەو لە خوا دوورییەی کە لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدا بوو. (وەرگێڕ)

ئەو حاڵەتە، ناچاری کردم کە لەسەر لوتکەی ئەو قەڵایەوە چاو بەناو بەرزاییەکانی ئایندە و شیو و دۆڵەکانی ڕابوردوودا بگێڕم و، بە دوای نوور و ئومێد و شتێکی دڵخۆشکەردا بگەڕێم، تاکو شەوەزەنگی چڕ و تاریکی ئەو بارە ڕۆحی‌یەم بۆ ڕووناك بکاتەوە و، لە تاریکایی ئەو هەموو چەشنە پیری‌یە تێك ئاڵاوانەی دەوروبەرم، کە نوقمی بووە، دەری بهێنێت(٢)!

بۆ مەبەستی چاوگێڕان بە دوای نوور و ئومێددا، ئاوڕێکم بە لای ڕاستدا - کە ڕابوردووە - دایەوە. ئەم لایەم لە دوورەوە لە شێوەی گۆڕستانی باوك و باپیرانم و تێکڕای مرۆڤایەتیدا هاتە پێش‌چاو. واتە لە بریی ئەوەی دڵم بداتەوە و نوورێکم پێ ببەخشێت، کەچی ئەوەندەی تر بێزاری کردم و دڵی داگرتم!

پاشان ئاوڕم بە لای چەپدا دایەوە - کە ئایندەیە - بەو نیازەی دەرمانێکم تێدا دەست بکەوێت. کەچی ئەم لایەم لە شێوەی گۆڕستانێکی گەورە و تاریکی خۆم و هاوچەشنەکانم و نەوەکانی داهاتوودا بینی! بەم جۆرە، ئەم لایەش دەردەکەی گرانتر کردم!

دوای ئەوەی کە دڵم لە "ڕابوردوو" و "ئایندە" هەڵکەندرا، سەیرێکی کاتی "ئێستا"م کرد. یەکسەر لە بەرچاوی ڕوانینی مێژوویی‌مدا ئەم کاتەم لە شێوەی تابووتی تەرمی جەستەی تێکشکاوم و، بە وێنەی سەربڕاوێك لە نێوان ژیان و مردندا، هاتە پێش‌چاو!

کە دەستم لەم لایەش داشۆرد، سەرم بەرز کردەوە و بۆ چڵەپۆپەی درەختی تەمەنی خۆمم ڕوانی. بینیم تەنها یەك دانە بەری گرتووە، ئەویش تەرمەکەی خۆمە و بۆم دەڕوانێت!

---

(٢) ئەم حاڵەتە ڕۆحی‌یە لە شێوەی موناجاتدا، بە زمانی فارسی هاتە دڵمەوە و نووسیم؛ پاشان لە پەیامی (حوباب)دا لە ئەنقەرە چاپ کرا. (دانەر)

لەتاوا سەرم داخست و ڕوانیمە ڕەگ و ڕیشەی درەختی تەمەنم. بینیم خاك و گڵی ژێر پێم، تێکڕا گڵی جەستە و ئێسکی پرتووکاوی منن کە تێکەڵی یەکتری بوون و خەڵکی بەسەریاندا دەڕۆن و پێی پێدا دەنێن!

بەم شێوەیە، ئەم دوو ڕوانینەش، لە بریی ئەوەی دەرمانم بدەنێ و زامەکەم ساڕێژ بکەن، کەچی دەردەکەیان پتر بۆ گران کردم و هیچ دەرمانێکم تیایاندا بەدی نەکردا

لە ناچاریدا ئاوڕێکم بە لای "دوا"وە دایەوە. بینیم ئەم دنیا فانی‌یە بەرەو شیو و دۆڵی بێهوودەیی و ڕووەو تاریکستانی "نەبوون" تلێر دەبێتەوە! ئەم سەیر کردنە، ژەهری بەسەر زامەکەمدا کرد و، لە بریی ئەوەی ساڕێژ و تیماری بکات پتر کولاندیەوە و هێنایەوە سۆ.

کە لەم لایەش نائومێد بووم، سەیرێکی "بەردەم"ی خۆمم کرد و ڕوانیمە دوور. دەبینم وا گۆڕەکەم لەسەر چەقی ڕێگادایە و دەمی لێ کردووەتەوە و چاوەڕێم دەکات! لە پشتەوەیشی ئەو ڕێگا دوور و درێژە نەبڕاوەیە دەردەکەوێت کە چین لە دوای چینی کاروانەکانی گرۆی مرۆڤی پێدا تێپەڕ دەبن!

منیش لە بەردەم ئەم هەموو گیروگرفتە سەخت و سەرسووڕهێنەرانەی کە لە هەر شەش لامەوە ڕووم تێدەکەن، بینیم هیچ پاڵپشتێکم نی‌یە کە پشتی پێ ببەستم و، جگە لە بەشێکی بچووکی ئەو ویستە هەندەکی‌یە(الإرادة الجزئیـــة) نەبێت کە پێم بەخشراوە هیچ چەکێکی ترم بە دەستەوە نی‌یە.

کەواتە لە بەردەم هەموو دوژمنانی زۆر و شتانی زیانبەخش و لە ژمارە نەهاتوودا تەنها ئەو چەکە مرۆڤانەیە نەبێت کە بریتی‌یە لە (جوزئی ئیختیاری) هیچی تر شك نابەم. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چەکەش لە خۆیدا کۆڵەوار و ناتەواوە و، ناتوانێت بڕواتە ناو کاتی "ڕابوردوو" تاکو خەم و خەفەتەکانی

ئەویم نەهێڵێت و، بیشچێتە ناو "ئایندە"وە تاکو هەر شتێکی سامناك لە ڕێگامدایە لەناویان ببات، ئەوا دڵنیا بووم لەوەی کە نە دەسەڵاتی چارەسەرکردنی سەرجەمی ئازارەکانی خۆمم هەیە و، نە دەشتوانم گشت هیوا و ئاواتەکانی ڕابوردوو و داهاتووم بهێنمەدی. بۆیە لە ناچاریدا دەست لەئەژنۆ دانیشتم و دۆش دامام!

لەم کاتەدا کە لە هەر شەش لامەوە چەندین جۆری بێزاری و سەرسامی و نائومێدی و تاریکی دەورەیان دابووم، "نوورەکانی ئیمان"م بینی کە لە ڕووی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیانەوە دەدرەوشانەوە! ئەم نوورانە بە هانامەوە هاتن و هەر شەش لاکانیان بە چەندین نووری درەخشان بۆ ڕووناك کردمەوە، بە چەشنێك کە ئەگەر ئەو بێزاری و تاریکییە زۆرانەی گەمارۆیان دابووم سەد جارەش بوونایەتەوە، ئەو نوورانە سەروزیادی ڕووناککردنەوەی هەموویان دەبوون.

بەم جۆرە، ئەو نوورانەی ئیمان یەك بە یەکی ئەو زنجیرە سامناك و درێژانەی گۆڕی بە دڵدانەوە و ئومێد و، سەرجەمی مەترسییەکانیشی کرد بە هیوای گیان و ئارامی و ئاسوودەیی لە دڵ و دەروون‌دا!

بەڵێ، "ئیمان" توانیی ئەو وێنە سامناکەی "ڕابوردوو" - کە گۆڕستانێکی گەورە بوو - بدڕێنێت و، بیگۆڕێت بە ئەنجومەنێکی نوورانی و کۆگای خۆشەویستان. ئەمەشی بە "عین الیقین" تەنانەت بە "حق الیقین" پیشان دام..

هەروەها ئەو "داهاتوو"ەی کە کاتێ بە چاوی بێ ئاگاییەوە سەیری دەکەین وەکو گۆڕێکی گەورە و فراوان دێتە پێش چاومان، "ئیمان" بە "علم الیقین" پیشانی دام کە لە ڕاستیدا ئەنجومەنی میوانداریی خوای گەورەی میهرەبانە، کە لە کۆشکەکانی بەختیاریی هەمیشەییدا بۆ میوانەکانی خۆی ئامادەی کردووە..

پاشـــان "ئیمـــان" ئـەو دیمـەنی تـابووت و تەرمـەی کـاتی "ئێســتا"ی تێکشـکاند و، تێی گـەیاندم کـە کـاتی ئێسـتام مەڵبـەندێکی بازرگانی‌یـە بـۆ دواڕۆژ و میوانخانەیەکی ڕازاوەی خواییە..

ئنجا ئەو تاقە "بەر"ەی درەختی تەمەن، کـە چـاوی بێ ئاگـایی لـە شێوەی "تەرم"دا پیشانی دام، دەرکەوت بـەو جۆرە نی‌یە. چونکـە "ئیمـان" بـە "علـم الیقین" پیشانی دام کە ئەوە بریتی‌یـە لـە دەربـازبوونی "گیـان"م – کـە شیاوی ژیـانی هەمیشـەییە و دەستنیشـانکراوی بـەختیاریی هەتاهەتایـە – لـە هێلانـە کۆنەکـەی خـۆی بـەرەو ژیـانی نـاو ئاسۆی ئەستێرەکان و گەشـتوگوزار لـە ناویاندا..

پاشـــان ڕازە نهێنی‌یـەکانی "ئیمـان" دەریانخســت کـە خـاکی ئێســکی پرتووکاوم و خـاکی سەرەتای دروستبوونم بەو شێوە کەم نرخـە نی‌یـە کـە پێی پێدا بنرێت، بەڵکو دەرگای میهرەبانیی خوای گـەورە و پـەردەی سـەر ڕووی هۆڵەکانی بەهەشتە..

ئنجا کە یەکەم جار بـە چـاوی بێ ئاگـایی دەمڕوانی‌یـە حـاڵ و بارودۆخـە داڕووخاوەکـانی "دنیـا" وا دەهاتنـە پێـش چـاوم کـە لـە شـیو و دۆڵـی بێهوودەییەوە بکەونە ناو تاریکایی "نەبوون"ەوە. کـەچی "ئیمـان" پیشـانی دام کە ئەم ئاڵوگۆڕانەی دنیـا بریتـین لـە نامـە و نووسـراوە صەمەدانی‌یـەکانی خواوەنـد و، لاپـەڕەکانی نەخشـونیگاری نـاوە جـوانەکانی، کـە ئـەرکی سـەرشـانیان ئـەنجام داوە و، واتاکـانی خـۆیان ڕاگـەیاندووە و، بەرهـەم و ئاکامی خۆیان لە بوونەوەردا بەجێ هێشتووە.

بەم جۆرە "ئیمان" هەتا پلەی "علم الیقین" بەها و چییەتی(ماهیة)ی دنیـای پێ ناساندم..

پاشان ئەو "گۆڕ"ەی کە لەوەو پێش وامدەزانی بۆم دەڕوانێت و، لەسەر چەقی ڕێگا لە مەڵاسدایە و چاوەڕوانم دەکات، "ئیمان" بەهۆی نووری "قورئانی پیرۆز"ەوە دەری خست کە ئەو گۆڕە بیرێك نی‌یە دەمی لێ پان کردبێتەوە، بەڵکو پیشانی دام کە ئەو گۆڕە لە ڕاستیدا بریتی‌یە لە دەرگای چوونەژوورەوە بۆ ناو "جیهانی ڕووناکی". ئەو ڕێگا دوور و درێژەش بە تاریکایی و نەبوون کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو ڕاستە شەقامێکە بەرەو جیهانی "ڕووناکی" و "بوون" و "بەختیاریی هەمیشەیی".

بەم جۆرە، ئەم حاڵەتانە بوون بە دەرمانی دەرد و مەڵهەمی زامەکانم. ئەمانەشم بە شێوەیەکی هێندە ئاشکرا بەدی کرد کە گەیاندمیانە قەناعەتێکی تەواو بەو ئەنجامانە.

پاشان ئەم "جوزئی ئیختیاری"یە کەمەی کە تەنها دەستکەوتێکی تابلێیت هەندەکیی هەیە، "ئیمان" بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆی پێ بەخشی کە بەهۆیەوە پاڵ بە توانستێکی ڕەهاوە بداتەوە و، پەیوەندیی بە میهرەبانی‌یەکی فراوانیشەوە بکات لە دژی ئەو هەموو دوژمنە لەژمارەبەدەر و تاریکی‌یە زۆرانەی کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە. تەنانەت هەر خودی "ئیمان" دەبێت بە بڕوانامەیەك بە دەست "جوزئی ئیختیاری"یەوە.

ئنجا هەرچەندەش ئەم جوزئە ئیختیاری‌یە - کە چەکی مرۆڤە - خۆی لە خۆیدا کۆڵەوار و، کەم و، کۆتا و، ناتەواوە، بەڵام ئەگەر بە ناوی خواوەندی حەق و لە پێناوی خوا و لە ڕێگای ئەودا بەکارهێنرا، ئەوا بە ناوی ئیمانەوە بەهەشتێکی هەمیشەیی و فراوان بە پانتایی پێنج سەد ساڵ ڕێ دەستی خاوەنەکەی دەخات..

ئیماندار لەمەدا وەك ئەو سەربازە وایە کە ئەگەر هێزە هەندەکی‌یەکەی خۆی بە ناوی دەوڵەتەوە بەکار بهێنێت، دەتوانێت بە ئاسانی چەند کارێکی

ئەوتۆ ئەنجام بدات کە بە هەزاران جار لە هێزە تایبەتی‌یەکەی خۆی گەورەتر بێت.

ئنجا هەروەك "ئیمان" بەڵگەنامەیەك بە دەستی "جوزئی ئیختیاری" دەسپێرێت، لە هەمان کاتدا جڵەوی جوزئی ئیختیاریش لە دەست "جەستە" دەسێنێتەوە کە هیچ دەستەڵاتێکی بەسەر ئاییندە وڕابوردوودا نی‌یە و، دەیداتە دەست "دڵ" و "گیان"!

جا لەبەر ئەوەی بازنەی "دڵ" و "گیان" بە وێنەی جەستە پابەندی "کاتی ئێستا" نی‌یە و، چەند ساڵێکی ئاینده وڕابوردووش لە سنووری بازنەی ژیانی دڵ و گیاندان، ئەوا ئەم جوزئە ئیختیاری‌یە لە هەندەکی‌یەوە دەردەچێت و دەبێت بە هەمەکی! ئیتر هەروەك بە "هێزی ئیمان" دەڕواتە ناو قووڵایی شیو و دۆڵەکانی "ڕابوردوو" و تاریکیی خەم و خەفەتەکانی ئەوێ لەناو دەبات، بە هەمان جۆر و بە "نووری ئیمان" سەردەکەوێت و دەفڕێت تا دەگاتە لوتکەی بەرزاییەکانی "ئاینده"ش و هەموو مەترسی‌یەکانی تێدا لەناو دەبات!

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیرم و ئەی ئەو کەسانەی کە دەردیسەریی پیری ئازاریان دەدات!

سوپاس بۆ خوا! مادەم ئێمە لە ئیمانداراین و، ئەم ئیمانەش گەنجینەی شیرین و، ڕووناکی و، خۆشەویستیی تا ئەم ڕادەیەی تێدایە..

مادەم ئەم پیری‌یەشمان زیاتر دەستمان دەگرێت و دەمانباتە بەردەرگای ئەو گەنجینانە..

ئەوا دەبێ هەزاران شوکر و ستایش پێشکەش بە خوای گەورە بکەین لەسەر ئەم پیری‌یەی کە ڕووناکیی "ئیمان"ی ئاراستە کراوە!

# بێداربوونەوەی دڵ

ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چەند تاڵێکی سپی - کە نیشانەی پیری‌یە - تێکەڵی مووی سەرم بووبوون.

ڕووداوە سەختەکانی یەکەم جەنگی جیهانی و، ئاسەوارە قووڵەکانی دیل بوونم لە ڕووسیا[1] بە سەر ژیانمەوە، خەوی بێ ئاگایی منیان قورستر کردبوو..

دوای ئەوەش کە لە دیلی دەرباز بووم و گەڕامەوە بۆ ئەستەمبووڵ، ئەو پێشوازی‌یە ڕەنگین و گەرمەی لێم کرا، چ لە لایەن خەلیفە و چ لە لایەن "شێخولئیسلام" و چ لە لایەن سەرکردەی گشتی و چ لە لایەن قوتابیانی زانستە شەرعی‌یەکانەوە، هەروەها ئەو ڕێزلێگرتنە گرنگەی کە لە ڕادەیەکدا بوو من شایستەی نەبووم..

هەموو ئەمانە، هاودەم لەگەڵ مەستی و بێ ئاگایی لاویدا، بوون بەهۆی دروستبوونی بارێکی ڕۆحیی ئەوتۆ کە خەوی بێ ئاگایی منیان لە جاران قورستر کرد، بە ڕادەیەك کە دنیام بە هەمیشەیی دەهاتە بەرچاو! هەروەك "دەروون"یشم هێندە بە شێوەیەکی سەیر خۆی پابەندی دنیا کردبوو وەك بڵێی هەرگیز مردنی لە ڕێگادا نەبێت!

---

(١) مامۆستا نوورسی لە ١٩/٢/١٩١٦دا لە بەرەی قەفقاز لە کاتی بەرگری کردن لە شاری (بەدلیس) بە دیل گیرا. لەو کاتەدا مامۆستا سەرکردەی "تیپەکانی پاریدەدەران" بووە، کە لە قوتابی‌یەکانی و لە خۆبەخشەران پێکهاتبوون. پاشان چاودێریی خوا هات بە هانایەوە و لەو دیلی‌یە ڕزگاری بوو، ئەوەبوو لە ١٥/٦/١٩١٨ گەڕایەوە بۆ ئەستەمبووڵ. (وەرگێڕ)

ئا لەم کاتە و لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا سەرێکی مزگەوتی "بایەزید"م دا لە ئەستەمبوول، بەو نیازەی کە لەسەر زاری قورئان خوێنە دڵسۆزەکانی ئەوێ گوێ لە قورئانی پیرۆز ڕابگرم. ئەوەبوو لەسەر زمانی قورئان خوێنەکانەوە ئەو ڕاگەیاندنە توند و بەهێزەی قورئانی پیرۆزی ئیعجازبەخشم بیست کە بە گوفتارە بەرز و ئاسمانی‌یەکەی خۆی مردن و نەمانی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێکی لە ئایەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾دا (آل عمران:١٨٥) بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە!

ئەم ڕاگەیاندنە توند و بەهێزە، هێندە بە گەرموگوڕی ڕۆشتە ناو گوێمەوە کە هەموو چینە چڕ و ئەستوورەکانی خەوی بێ ئاگایی و مەستیی منی بڕی و جێی خۆی لە ناخی دڵمدا کردەوە!

دوای ئەوە، لە مزگەوت دەرچووم.

پاش چەند ڕۆژێك هەستم کرد کە پاشماوەی ئاسەوارەکانی ئەو خەوی بێ ئاگاییەی کە لە مێژە جێی خۆی لە ناخی مندا کردبووەوە، وەك زریانێکی گەورە و سەخت لە سەرمدا دەجوولاو، خۆم وەك کەشتی‌یەك دەبینی کە لە ناو شەپۆلی دەریادا قیبلەنماکەی بە ڕاست و چەپدا بخولێتەوە و لە کار کەوتبێت. دەروونم لەناو ئاگرێکی چەرە دووکەڵاویدا هەڵدەقرچا.

خۆ هەر کات لە ئاوێنەدا سەیری خۆمم دەکرد، مووە سپی‌یەکان پێیان دەوتم: وریابە!!

بەڵێ، ئەم جارە بە پەیدا بوون و بێدارکردنەوەکانی ئەو چەند تاڵە سپی‌یە هەموو شتێکم لە لا ڕوون بووەوە. چونکە بینیم ئەو لاوی‌یەی کە من زۆر جار پێی دەنازیم و شەیدای چێژەکانی بووبووم، ئێستا پێم دەڵێ: "خوا حافیز"!

هەروەها ئەو ژیانەش کە پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵدا بەستبوو، وردە وردە بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەڕۆشت. ئەو دنیایەش کە دەستم لە داوێنی گیرکردبوو، تەنانەت زۆریش بۆی پەرۆش بووم، بگرە شەیداشی بووبووم، بینیم پێم دەڵێت: "خوا حافیز، خوات لەگەڵ"! بەمەش پێی ڕادەگەیاندم کە من لێرەدا میوانم و هێندەی نەماوە ئەم میوانخانەیە بەجێ بهێڵم..

بەڵکو لەمەش زیاترم دی؛ چونکە بینیم دنیا خۆیشی خەریکی خۆپێچانەوەیە بۆ کۆچکردن و "خواحافیزی" وتن!

ئنجا یەکێ لە واتا هەمەکی‌یەکانی ئایەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾ لە ڕووی دڵمدا کرایەوە، کە بریتی‌یە لەمەی خوارەوە:

(سەرجەمی مرۆڤایەتی بە گشتی وەك تاقە کەسێك وایە، دەبێ بمرێت تاکو سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە.. گۆی زەویش کەسێکە دەبێ تامی مردن بچێژێت تاکو شێوەی مانەوە و هەمیشەیی لەخۆ بگرێت.. دنیاش بە هەمان جۆر کەسێکی ترە و دەبێ بمرێت، تاکو لە شێوەی دواڕۆژدا دروست بکرێتەوە).

ئنجا بیرم لەو بارە کردەوە کە ئەو کاتە منی تێدابووم. بینیم:

ئەو لاوی‌یەی کە خولگەی هەموو تام و چێژێکە، بەرەو نەمان دەڕوات و شوێن بۆ ئەو پیری‌یە چۆڵ دەکات کە سەرچاوەی هەموو داخ و خەفەتێکە!

ئەم ژیانە درەخشان و ڕووناکەش لە ڕۆشتندایە و، مردنی بە ڕواڵەت تاریك و لێڵ خۆی بۆ شوێنەکەی ئامادە دەکات!

ئەم دنیا خۆشەویست و شیرینەش کە وا دەزانرێت هەمیشەیی‌یە و خۆشەویستی بێ ئاگایانە، بینیم زۆر بە پەلە بەرەو ئاوابوون دەڕوات!

منیش بۆ ئەوەی سەر بە ناو بێ ئاگاییدا بکەم و لە دەست ئەو بارە پەرێشانە خۆم بخەڵەتێنم، ئاوڕێکم بە لای ئەو پلە و پایە بەرزە کۆمەڵایەتی‌یەدا

دایەوە کە پاش گەڕانەوەم لە دیلی لە ئەستەمبووڵ بەدەستم هێنا و، دەروونم پێی خەڵەتا و، سەرتاپا دڵنەوایی و ڕێزلێنان و ڕووتێکردنی خەڵکی بوو بەرامبەرم و، زۆر لە توانا و وزەی خۆیشم زیاتر بوو.. بینیم هەموو ئەمانە تا دەرگای گۆڕەکەم لەگەڵمدا دێن کە لێی نزیك بوومەتەوە و، هەر هێندەی گەیشتمە ئەوێ سەرجەم ڕووناکی‌یەکانیان دەکوژێنەوە!

پاشان بۆم دەرکەوت کە ڕیایەکی قەبە و، خۆپەرستی‌یەکی سارد و سڕ و، بێ ئاگایی‌یەکی کاتی، خۆیان لە پشتی پەردەی ڕازاوە و نەخشاوی "لەخۆ ڕازی بوون"ەوە مەڵاس داوە، کە نموونەی بەرز و ئاواتی گەورەی شەیدایانی ناوبانگە!

ئیتر تێگەیشتم کە ئەم شتانەی تا ئێستا منیان خەڵەتاند، لەمەودوا هیچ دڵنەوایی و ڕووناکی‌یەکم پێ نابەخشن.

جا بۆ ئەوەی ئەم جارەیان بە تەواوی لە خەوی بێ ئاگایی بێدار ببمەوە، دەستم کردەوە بە گوێ ڕاگرتن لەو قورئان خوێنە بەڕێزانەی ناو مزگەوتی "بایەزید" بۆ مەبەستی خوێندن و وەرگرتنی وانە ئاسمانی‌یەکەی قورئانی پیرۆز. ئیتر لەم ڕێیەوە و لە ناوەندی فەرمانە خاوێن و پیرۆزەکانی پەروەردگاردا مزگێنی‌یەکانی ئەو ڕابەرە ئاسمانی‌یەم بیست کە لە ئایەتی: ﴿وَبَشِّرِ الذينَ آمَنُوا...﴾دا (سورة البقرة:٢٥) ڕایگەیاندووە.

بەڵێ، کاریگەریی ئەو ڕێژنە و بەرەکەتەی لە قورئانی پیرۆزەوە دەستم کەوت، هانی دام کە لە ناو ئەو شتانەی سەرسامیان کردبووم و خستبوومیانە نائومێدی و دڵتەنگی‌یەوە، بە شوێن ئومێد و ڕووناکیدا بگەڕێم.

هەزاران شوکر و ستایش بۆ بەدیهێنەری بەخشندەم کە یارمەتیی دام بۆ دۆزینەوەی دەرمان لە هەمان نەخۆشیدا و.. بینینی ڕووناکی لە هەمان تاریکیدا و.. هەست کردن بە دڵنەوایی لە هەمان ئازار و سامناکیدا!

یەکەم جار سەیرێکی ئەو "ڕوو"ەم کرد کە خەڵکی دەترسێنێت و لە پێش چاوی هەمواندا سامناك دەردەکەوێت، کە بریتی‌یە لە ڕووی "مردن"!

بە نووری قورئانی پیرۆز بۆم دەرکەوت کە ڕووی ڕاستەقینەی "مردن" سەبارەت بە ئیماندارانەوە ڕوویەکی جوانی ڕووناکە، هەرچەند دیوی دەرەوەی بە پەردەیەکی ڕەشی تاریك و ناشیرین و ترسناك داپۆشراوە.

ئەم ڕاستی‌یەشمان بە جۆرێکی گومان بڕ لە زۆر پەیامدا چەسپاندووە. بە تایبەت لە "وتەی هەشتەم" و "مەکتووبی بیستەم"دا ڕوونمان کردووەتەوە کە:

"مردن" لەناوادانی هەتاهەتایی و جودایی هەمیشەیی نی‌یە، بەڵکو پێشەکی و سەرەتای ژیانێکی هەمیشەییە و.. مۆڵەت و حەوانەوەیە و.. کۆتایی هێنانە بە ئەرکی کارمەندیی ئەم ژیانە و.. شوێن گۆڕین و بە یەك شادبوونەوەیە لەگەڵ کاروانی ئەو خۆشەویستانەی کە کۆچیان بۆ جیهانی بەرزەخ کردووە.

بەم جۆرە و لە ڕوانگەی ئەم ڕاستی‌یانەوە، ڕووی گەش و ڕووناکی مردنم دی. بێ گومان نەك بە ترس و لەرزەوە، بەڵکو - لە ڕوویەکەوە - بە ڕوانینی حەز و تاسەمەندی‌یەوە بۆم ڕوانی. کە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی یەکێك لە نهێنی‌یەکانی یادی مردن(رابطة الموت)م بۆ دەربکەوێت کە ڕێڕەوانی ڕێبازەکانی "تەسەووف" ئەنجامی دەدەن.

پاشان سەرنجی "سەردەمی لاوی"م دا کە سەردەمێکە هەموو کەسێك شەیدایەتی و خەفەت بە نەمانی دەخوات و، وەکو لاویی من، لە هەموو کەسێکی تریش بە بێ ئاگایی و گوناهباری دەچێتەسەر!

بینیم لە پشت ئەو بەرگە ڕازاوە نەخشاوەی لاوی‌یەوە ڕوویەکی ناشیرین و تەنانەت سەرسووڕهێن و مەستکەر هەیە کە بەو بەرگە داپۆشراوە. خۆ ئەگەر من ڕاستی و چییەتیی لاویم نەزانیبایە، ئەوا با تەمەنێکی سەد

ساڵییشم ببوایە، ئەوا تا دوا هەناسەی ژیانم دووچاری خەفەت و گریانی دەکردم، بۆ ئەو چەند ساڵە کەمەی کە بە مەستی و پێکەنینەوە دەچێتە سەر. بە وێنەی ئەو شاعیرەی کە بە خەفەت و ئازارێکی تاڵەوە بۆ لاویی خۆی گریاوە و وتوویەتی:

ألا ليتَ الشبابَ يعودُ يوماً فأُخبِرَهُ بما فَعَلَ المشيبُ[٢]

بەڵێ، ئەو پیرانەی کە بە جوانی لە نهێنییەکانی تافی "لاوی" نەگەیشتوون، بە وێنەی ئەم شاعیرە، تەمەنی پیرییان بە خەفەت و گریانەوە دەبەنە سەر، بۆ لەدەستچوونی "سەردەمی لاوی"یان!

ئەگەر گەشە و لێهاتوویی هەرەتی "لاوی" لە باوەڕدارێکی هێمن و ژیر و دڵ بێدار و بە ویقاردا جێی خۆی بکاتەوە، وزە و هێزی لاوی لە خواپەرستی و کردەوەی چاك و بازرگانیی دواڕۆژدا بەسەر ببات، ئەوا دەبێت بە گەورەترین هێزی خێر و چاکە و، باشترین هۆی بازرگانی و، جوانترین و بەتامترین مایەی چاکەکاری.

بەڵێ، سەردەمی لاوی، سەردەمێکی گەلێ بەنرخە و نیعمەتێکی گەورەی خوایی و شادمانییەکی بەتام و خۆشە، بۆ کەسێك کە باش بەکاری بهێنێت و ئەرکە ئایینییەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات.

بەڵام ئەگەر سەردەمی لاوی ڕێگای ڕاستی تێدا نەگیرێتە بەر و، لەگەڵ داوێن پاکی و خواپەرستیدا هاودەم نەبێت، ئەوا گەلێ مەترسیی سەخت و لەناودەری لە ڕێگادایە. چونکە هاندان و هەڵەشەیی ئەم سەردەمەی تەمەن

---

(٢) کورد لە واتای ئەم بەیتە شیعرە عەرەبییەدا وتوویەتی:

خۆزگا گەنجییەکەم ئەگەڕا دواوە گلەیی پیریم ئەکرد بەلاوە

(وەرگێڕ)

"بەختیاریی هەمیشەیی" و "ژیانی دواڕۆژی" مرۆڤ لەناو دەبات، تەنانەت لەوانەیە ژیانی ئەم دنیاشی تێکبشکێنێت. کە ئەمەش دەبێت بەهۆی لەوەی لە سەردەمی پیریدا خەفەت و ئازارێکی زۆر دەرخواردی ئەو کەسە بدات، تەنها لەبەر چەند ساڵێکی کەم کە بە کەیف و شادی‌یەوە لێی چووەتەسەر.

جا لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی سەردەمی لاوی‌یان بە بێ زیان لێ ناچێتە سەر، ئەوا دەبێ ئێمەی پیر و بەساڵاچوو سوپاسێکی زۆری خوای خۆمان بکەین کە لە زیان و مەترسی‌یەکانی ئەو سەردەمە ڕزگاری کردووین.

لە لایەکی تریشەوە تام و لەزەتەکانی "لاوی" - وەك هەموو شتێکی تر - لە ئەنجامدا دەبڕێنەوە و کۆتاییان پێ دێت. جا ئەگەر ئەم سەردەمە بە پەرستش و کردەوەی چاك بەسەر ببرێت، ئەوا بەروبوومی نەبڕاوە و بەردەوام بە مرۆڤ دەبەخشێت و، دەبێت بەهۆی دەستخستنی لاوێتی‌یەکی هەتاهەتایی لە ژیانێکی هەمیشەییدا.

* * *

پاشان سەیرێکی ئەم دنیایەم کرد کە زۆربەی خەڵکی شەیدا و گیرۆدەی بوون. بەهۆی نووری قورئانی پیرۆزەوە بینیم (سێ) دنیای گشتی هەیە کە تێهەڵکێشی یەکتری بوون:

یەکەم:

ئەو دنیایەی کە دەڕوانێتە ناوە جوانەکانی خوای گەورە و ئاوێنەی ئەو ناوانەیە.

دووهەم:

ئەو دنیایەی کە دەڕوانێتە ڕۆژی دوایی و کێڵگەی چاندنی تۆوی ئەودنیایە.

سێهەم:

ئەو دنیایەی کە دەڕوانێتە ئەهلی دنیا و گومڕایان و، جێی گاڵتە و گەپ و ڕابواردنیانە.

هەروەها بۆم دەرکەوت کە هەرچی کەسە لە ناوەندی ئەم دنیایەدا دنیایەکی گەورە و تایبەتیی خۆی هەیە. واتە هێندەی ژمارەی مرۆڤ دنیای تێهەڵکێشی یەکتری هەیە. بەڵام دنیای تایبەتیی هەموو کەسێك لەسەر بناغەی ژیانە تایبەتی‌یەکەی ئەو کەسە ڕاگیر بووە و، هەر کات جەستەی ئەو کەسە ڕووخا و تێکشکا، ئەوا دنیاکەی ڕووخاوە و قیامەتی بەرپا بووە.

جا لەبەر ئەوەی بێ ئاگایان بەم خێرایی و کتوپڕی‌یە هەست بە ڕووخانی دنیا تایبەتی‌یەکەی خۆیان ناکەن، کە ئاوا بە زوویی هەرەس دەهێنێت و کۆتایی پێ دێت، ئەوا شەیدای دەبن و پێیان وایە کە وەك دنیا دامەزراوە گشتی‌یەکەی دەوروبەریان وایە!

منیش کە بیرم کردەوە، لەبەر خۆمەوە وتم:

بێ گومان منیش - وەکو خەڵکی - دنیایەکی تایبەتیی خۆم هەیە و، دنیاکەی منیش وەکو هی ئەوان بە خێرایی و لە پڕ دەڕووخێت. ئیتر دەبێ چ سوودێك لە دنیا تایبەتی‌یەکەی تەمەنە کورتەکەمدا ببینێت؟!

بە نووری قورئانی پیرۆز بۆم دەرکەوت کە ئەم دنیا تایبەتی‌یەی من و خەڵکی:

خانەیەکی کاتی‌یە بۆ بازرگانی و..

میوانخانەیەکە هەموو ڕۆژێك لە میوان پڕ دەبێت و پاشان خاڵی دەبێتەوە و..

بازاڕێکی سەر ڕێگایە بۆ ئەوانەی کە دێن و دەڕۆن و..

کتێبێکی کراوەی بەدیهێنەری وێنەکێشە کە دانستی خوای گەورە نووسین و کوژاندنەوەی بە ویستی خۆی تێدا دەکات و..

هەموو بەهارێکیشی نامەیەکی نەخشاوی ڕازاوەیە و..

هاوینەکانیشی چامەیەکی هۆنراوەی بەسۆز و ڕەنگینە و..

چەند ئاوێنەیەکی هەمیشە نوێ بووی ئەوتۆیە کە درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی کردگاری شکۆمەندیان تێدا دەردەکەوێت و..

باخچە و کێڵگەی تێدا چاندنی تۆوی ئەودنیایە و..

گوڵدانی میهرەبانیی خواوەندە و..

کارگەیەکی کاتییە بۆ ئامادەکردنی ئەو تابلۆ پەروەردگارییە هەمیشەییانەی کە لە جیهانی هەتاهەتایی و نەمریدا پیشان دەدرێن.

ئیتر منیش، کە ئەمەم بینی، لە لایەنی خۆمەوە شوکرانەی زۆرم پێشکەشی خواوەندی بەدیهێنەری بەخشندەم کرد بۆ ئەوەی کە دنیای لەسەر ئەم شێوەیە بەدی هێناوە!

بەڵام ئەو "خۆشەویستی"یەی کە بۆ ئەوە لە ناخی مرۆڤدا جێگیر کراوە تاکو بۆ دوو ڕووە جوانەکەی دنیا بەکاری بهێنێت، کە دەڕواننە ناوە "جوانەکانی خوای گەورە" و "ڕۆژی دوایی" کەچی مرۆڤ نیشانەکەی نەپێکا و بە هەڵەدا چوو کاتێ کە ئەو خۆشەویستییەی لە جێگای خۆیدا بەکار نەهێنا و، بەرەو ڕووە ناشیرینە زیانبەخشەکەی سێهەمی دنیا وەری چەرخاند. بۆیە فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەری ئازیزی ﷺ تێدا هاتەدی کە دەفەرموێ:

"حب الدنيا رأس كل خطيئة"[٣].

(٣) رواه البيهقي في الشعب باسناد حسن إلى الحسن البصري رفعه مرسلاً، وذكره الديلمي في الفردوس، ورواه البيهقي أيضاً في الزهد وأبونعيم من قول عيسى بن مريم، وآخرون يعدونه من كلام ابن مسعود أو جندب البجلي رضي الله عنهم. بڕوانە: (كشف الخفاء:١٠٩٩)، (ضعيف الجامع الصغير وزيادته: ٢٦٨١). (وەرگێڕ – لە چاپە عەرەبییەکەوە)

جا ئەی خوشك و برایانی پیرم!

من بەهۆی نووری قورئان و یادخستنەوەی پیری و ئەو ڕووناکی‌یەی کە ئیمان بە دڵی منی بەخشی، ئەم "ڕاستی"یەم بینی، کە بە چەندین بەڵگەی گومانبڕ و سەلمێنەریش لە گەڵێ پەیامدا چەسپاندوومە. ئیتر هەستم کرد کە ئاسوودەیی و دڵنەوایی ڕاستەقینە و ئومێدی بەهێز و ڕووناکیی درەخشان سەبارەت بە من هەر تەنها لەو ڕاستی‌یەدایە. بۆیە بە هاتنی پیری و بەسەرچوونی سەردەمی لاویم، ڕازی و دڵخۆش بووم!

دەسا ئێوەش - ئەی خوشك و برایانی پیرم! - لەدەست پیری مەگرین و پێی دڵگران مەبن. بەڵکو هەمیشە لە شوکر و سوپاسی خوای گەورەدا بن. چونکە مادەم ئێوە ئیماندارن و، "ڕاستی"ش بەو جۆرە دەدوێت کە باسمان کرد، ئەوا با گریان و پەژارە هەر بەشی گومڕایان و بێ ئاگایان بێت، نەك هی ئێمە.

مەسەلەی شەشەمی بەری درەختی ئیمان:

## زانستەکان بەدیهێنەرمان پێ دەناسێنن

(ئەم مەسەلەیە ئاماژەیەکی کورتە بۆ تەنها یەك بەڵگە لە نێوان هەزاران بەڵگەی گشتیدا سەبارەت بە (ئیمان بە خوا) کە لە زۆر شوێنی تری پەیامەکانی نووردا بە بەڵگەی چەسپێنەرەوە ڕوون کراونەتەوە).

کۆمەڵێك لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری "قەستەمۆنی"[1] هاتن بۆلام و پێیان وتم:

- (خوای بەدیهێنەرمان پێ بناسێنە، چونکە مامۆستاکانمان باسی خوامان بۆ ناکەن)!

پێم وتن:

- هەریەك لەو زانستانەی دەیانخوێنن، هەمیشە باسی خوا دەکات و بە زمانی تایبەتیی خۆی خواوەندی بەخشندەمان پێ دەناسێنێت. کەواتە ئێوەش لە بریی مامۆستاکان گوێ بۆ زانستەکان ڕابگرن!

❖ بۆ نموونە:

هەروەك هەر شووشە دەرمان و پێکهاتەیەکی کیمیایی ناو دەرمانخانەیەکی گەورە، کە بە چەندین تەرازووی سەرنەکەر و ئەندازەی ورد

---

(١) "قەستەمۆنی" شارێکە دەکەوێتە باکووری تورکیا، لە ساڵی ١٩٣٧زدا مامۆستا نوورسی بۆ ئەوێ دوور خراوەتەوە و هەتا ساڵی ١٩٤٣ز تیایدا دەست بەسەر بووە، ئنجا لەم بەرەوە بە بەندکراوی براوە بۆ دادگای گەورەی جەزا لە شاری "دەنیزلی". (وەرگێڕ)

ئاوێتـەی یـەکتر کرابێـتن، دەیچەسـپێنێت کـە دەرمانگـەرێکی دانـا و کیمیاگەرێکی زانا ئەم کارانەی ئەنجام داوە..

دەرمانخانەی گۆی زەویـش، کـە چـوار سـەد هـەزار جـۆری ڕووەك و زیندەوەری زیاتر تێدایە، بە هەمان جۆرە.. چونکـە لـە ڕاستیدا هەریەکە لـەو ڕووەك و زیندەوەرانـە وەك شووشـەیەکی پـڕ لـە پێکـهاتووی ورد و، ئاوێتەکراوێکی زیندەکاری سەرسووڕهێنەر وایە.

جا ئەم دەرمانخانە گەورەیە، خواوەنـدی دانـا و شـکۆمەند پیشـانی هـەموو کەسێك، تەنانـەت نابینایـانیش، دەدات و، بـە ئـەندازەی پلـەی کـەماڵ و ڕێکوپێکـی و گەورەییەکـەی، بەدیهێنـەری بەخشـندە بـە غـەیری خـۆی دەناسێنێت، بە چەشنی دەرمانخانەکەی بازاڕ، کـە کیمیاگـەر و دروستکەری خۆی ناساند. ئەمەش بەپێی زانستی "پزیشکی" کە خۆتان دەیخوێنن.

❖ نموونەیەکی تر:

هەروەك ئەگەر کارگەیەکی گەورە و نائاسایی لـە تەنـها ماددەیەکی زۆر ساکار چەندین جۆر کووتاڵی جۆراوجۆر بچنێت و بەرهەمیان بهێنێت، ئـەوا بەم کارەی دەیچەسپێنێت کـە بـێ هیـچ گومـانێك ئەندازیارێکی میکـانیکیی کارامــە هەیــە ئــەم کارانــە ڕادەپــەڕێنێت. بــەم جــۆرە ئــەو کارگەیــە ئەندازیارەکەمان پێ دەناسێنێت.

ئەم مەکینە هاتوچۆکەر و کارگە خواییەش، کە نـاوی گـۆی زەوی‌یـە، بـە هەمان چەشنە، کە سـەدان هـەزار کارگـەی سـەرەکیی تێدایـە و هەریـەك لـەم کارگـە سـەرەکی‌یانـەش هـەزار کارگـەی وردە کـاری تێدایـە و، هەریەکـەیان - بـێ هیـچ گومـانێك - خــاوەن و بەدیهێنــەری خۆیمــان، بـە ئـەندازەی گـەورەیی و کـەماڵی ئـەم کارگـە خواییـە لـەچاو کارگـە ئادەمی‌یەکـەدا، پـێ

دەناسێنێت، هەروەك كارگە ئادەمی‌یەکە ئەندازیاری خۆی پێ ناساندین. ئەمەش بەپێی دەستوورەکانی زانستی "میکانیك" کە دەیخوێنن.

❖ نموونەیەکی تر:

هەروەك كۆگا و گەنجینەیەکی گەورەی ئازووقە، کە لە هەموو لایەکەوە هەزار جۆر خواردەمەنیی تێدا ئامادە کرابێت و لەیەك جیا کرابنەوە و هەریەکەیان لە جێگایەکی تایبەتیدا ڕیز کرابن، تێمان دەگەیەنێت کە خاوەن و بەڕێوەبەرێکی هەیە سەرپەرشتیی دەکات..

ئەم گەنجینەی ڕۆزیدانە خوایی‌یەش بە هەمان جۆرە..

ئەم گەنجینەیەی کە لە گەشتی یەك ساڵیدا ماوەی بیست و چوار هەزار ساڵ ڕێ بەوپەڕی ڕێکوپێکی دەبڕێت و، سەدان هەزار بەدیهێنراوی لەناودا هەن کە هەریەکەیان پێویستی بە جۆرێك خواردەمەنیی تایبەتی هەیە..

ئەم گەنجینەیەی کە بەسەر هەر چوار وەرزەکەدا تێپەڕ دەبێت و، وەرزی بەهار وەك كاروانێك کە هەزاران جۆر خواردەمەنیی پێ بێت، لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو ئەو هەژارانە دەهێنێت کە لە زستاندا خۆراك و ئازووقەیان لێ براوە..

ئەم گەنجینە خوایی‌یە (کە گۆی زەوی‌یە) وەك کەشتی‌یەکی خوایی وایە و هەزاران جۆری کەرەسە و کۆئەندام و قوتووی خواردەمەنیی تێدایە..

ئەم گەنجینە و کۆگا پەروەردگاری‌یە، بەپێی دەستوورەکانی زانستی: (ژیانسازی و بازرگانی) کە ئێوە دەیخوێنن و، بە ئەندازەی گەورەیی خودی گەنجینەکە، خاوەن و کارسازی خۆیمان پیشان دەدات و پێمان دەناسێنێت و لە لامان خۆشەویستی دەکات. هەروەك ئەو گەنجینەیەی کە دەستکردی مرۆڤ بوو، خاوەن و بەڕێوەبەرەکەی خۆی پێ ناساندین.

❖ نموونەیەکی تر:

ئەگەر سوپایەکی گەورە چوارسەد هەزار گەل و نەتەوەی جیاجیای لە ژێر ئالاکەی خۆیدا کۆ کردبێتەوە و، هەریەك لەو ڕەگەز و نەتەوانەش خواردەمەنیی لەوانی تر جیاواز بێت و، چەکی هیچیان لە هی تریان نەچێت و، بەرگ و پۆشاك و شێوەی مەشق کردن و جۆری تەعلیمات و ماوەی پشوودانیان لە یەکتر جیا بێت و، پێشەوای ئەو سوپایە، بێ ئەوەی هیچیانی لەبیر بچێتەوە یان سەری لێ تێك بچێت، خۆراك و پۆشاکی جیاجیایان بداتێ..

ئەو سوپایەی بەم جۆرە بێت، دەری دەخات کە: پێشەواکەی کەسێکی بێ وێنە و ناوازەیە..

جا هەروەك ئەم سەربازگە سەرسوورهێنەرە ئەو پێشەوا ناوازەیەمان بۆ دەردەخات و پێمان دەناسێنێت و، تەنانەت خۆشەویستیشی دەکات لە لامان، سەربازگەی "زەوی"یش بە هەمان جۆرە. چونکە سەربازگەی زەوی لە هەموو بەهارێکدا سەرلەنوێ سوپایەکی خوایی گەورە لە چوارسەد هەزار ڕەگەز و جۆری گەلانی ڕووەك و نەتەوە جیاجیاکانی زیندەوەران پێك دەهێنێت و، هەر جۆرەشیان پۆشاك و، خۆراك و، چەك و، مەشق و، پشووی تایبەتیی خۆی لە لایەن پێشەوایەکی گەورەی تاك و تەنیاوە، بە بێ لەبیرچوونی هیچ کامێکیان، یان لێ تێکچوون، یان سەرگەردان بوون و، بەوپەڕی تەواوی و ڕێکوپێکیشەوە، پێ دەبەخشرێت.

جا بەپێی "زانستە سەربازییەکان" ئەم سەربازگە بەرین و فراوانەی وەرزی بەهار کە بە پانتایی گۆی زەوی بڵاو بووەتەوە، بەڕێوەبەر و پەروەردگار و پێشەوای هەرە مەزن و پیرۆزی خۆی پیشانی هەموو ئەوانە دەدات کە خاوەنی دڵ و دەروون و تێگەیشتن و ژیرین و، بە ئەندازەی پلەی

کەماڵ و گەورەیی ئەم سەربازگەیە، ئەو پەروەردگارەیان پێ دەناسێنێت و، لە ڕێگای تەقدیس و تەسبیح و ڕێزلێنان و سوپاس کردنەوە، لە لایان خۆشەویستی دەکات. وەك سەربازگە ناوبراوەکە ئەمەی سەبارەت بە پێشەواکەی خۆی ئەنجام دا.

❖ نموونەیەکی تر:

وا دابنێ کە ملیۆنان گڵۆپی کارەبا لەناو شارێکی سەرسوورهێنەردا، بە بێ ئەوەی سووتەمەنییان لێ ببڕێت و بکوژێنەوە، هاتوچۆ بکەن.

ئایا ئەم کارە - لەگەڵ دەربڕینی ڕێز و سەرسوورماندا - دەری ناخات کە: ئەندازیارێکی بێ هاوتا و کارەباچییەکی کارامە هەیە، کارگەی کارەباکە و ئەو گڵۆپانەی لەژێر دەستدایە؟

بە هەمان جۆر، گڵۆپی ئەو ئەستێرانەش کە بە بنمیچی خانەی زەوییەوە شۆڕ بوونەتەوە و، بەپێی گەردوونناسیی نوێ هەندێکیان بە هەزاران جار لە گۆی زەوی گەورەترن و، خێراییان لە هی تۆپی تۆپخانەکان زیاترە و، بێ ئەوەی ڕێسای نێوانیان تێك بچێت و لە یەکتر بدەن و، بێ کوژانەوە و تەواوبوونی سووتەمەنی کاردەکەن، وەك لە "گەردوونناسی"دا دەیخوێنین.. ئەم ئەستێرانە، بە چەشنێکی ڕووناك، ئاماژە بۆ بەدیهێنەری خۆیان دەکەن.

بۆ نموونە: "خۆر" کە یەك ملیۆن جار لە زەویی خۆمان گەورەترە و یەك ملیۆن ساڵیش لە زەوی کۆنترە، یەکێکە لەو گڵۆپە داگیرساوە هەمیشەییانەی میوانخانەی خواوەندی میهرەبان. جا بۆ ئەوەی هەمیشە دابگرسێت و گڕ بگرێ و سووتەمەنیی لێ نەبڕێت، هەموو ڕۆژێك پێویستیی بە ئەندازەی دەریاکانی زەوی سووتەمەنی و، چیاکانی زەوی خەڵووز و،

چەندین ئەوەندەی قەبارەی زەویش دار دەبێت، تاکو ئەو بەردەوامی‌یەی بۆ بڕەخسێت..

کەچی ئەو توانستەی کە "خۆر" و هەموو ئەستێرەکانی تری هاوچەشنی خۆر دادەگرسێنێت، بە بێ هیچ سووتەمەنی و خەڵووز و ڕۆنێك ئەم کارە دەکات و نایەڵێت بپشکوژێتەوە و، بە خێرایی‌یەکی یەکجار گەورە و بێ لەیەکدان لە شوێنی خۆیاندا دەیانسووڕێنێت. بێ گومان ئەو توانستەی کە ئەم کارە ڕایی دەکات، توانستێکی بێ کۆتایی و دەسەڵاتێکی تابلێی گەورەی بێ سنوورە.

کەواتە ئەم بوونەوەرە مەزنە و هەرچی گڵۆپ و چرای ڕووناکی تێدایە و پیایدا شۆڕ کراونەتەوە، بە جوانی و بەپێی دەستوورەکانی زانستی "کارەبا" - کە خوێندووتانە یان لەمەولا دەیخوێنن - پادشا و دەسەڵاتداری ئەم پیشانگا و فیستیڤاڵە گەورەیە دەردەخات و، ڕووناککەرەوە و کارساز و بەدیهێنەری خاوەن شکۆی خۆی، بە شایەتیی هەموو ئەستێرە درەخشانەکان بە هەموان دەناسێنێت و، لە ڕێگای سوپاسگوزاری و تەقدیس کردنەوە لە لایان خۆشەویستی دەکات، تەنانەت بۆ پەرستنیشی هانیان دەدات.

❖ نموونەیەکی تر:

ئەگەر کتێبێك هەبێت لە هەموو دێڕێکیدا کتێبێك بە خەتێکی ورد و، لە هەموو وشەیەکیدا سوورەتێکی قورئانی تێدا نووسرابێت و، هەریەك لەو مەسەلە و بابەتانەش کە لێیان دەدوێت ورد و پڕ واتا بن و پشتی یەکتری بگرن، گەر کتێبێکی وا ببێت، ئەوا ئەو کتێبە، بێ هیچ گومانێك، کارامەیی لەڕادەبەدەری نووسەرەکەی و توانستی تەواوی دانەرەکەی دەردەخات..

واتە ئەم جۆرە کتێبە وەك ڕووناکیی خۆر نووسەرەکەی بە خەڵکی دەناسێنێت و کەماڵی توانستی ئەو دەردەخات و، بە چەشنێکی وا ڕێز و

تەقدیری سەیرکەرانی ڕادەکێشێت کە یەکسەر لەبەر خۆیانەوە بڵێن: "تبارك الله، سبحان الله، ما شاء الله".

کتێبی مەزن و گەورەی ئەم گەردوونەش وایە، کە تەنها لە یەك لاپەڕەیدا - کە گۆی زەوییە - و لە یەك مەلزەمەیدا - کە وەرزی بەهارە - سێ سەد هەزار کتێبی جیاجیا، کە ڕووەك و زیندەوەرانن، دەنووسرێن و، هەریەکەیان وەك کتێبێك وان. هەموو ئەمانەش پێکەوە و بە بێ تێکەڵبوون و هەڵە و لەبیرچوونەوە و بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە، دەنووسرێن. تەنانەت لە تەنها وشەیەکیدا (وەك درەخت) پارچە شیعرێکی تەواوەتی و، لە یەك دانە نوختەیدا (وەك تۆو) پێڕستی کتێبێکی تەواو دەنووسرێت.

جا هەروەك ئەمە شتێکە لەبەرچاوماندایە و بێ هیچ گومانێك پیشانمان دەدات کە لە پشتی ئەم نووسینانەوە قەڵەمێکی کارامە هەیە دەیاننووسێت.. ئەوا دەتوانن بۆ خۆتان ئەوە لێك بدەنەوە کە ئایا مەودای بەڵگەی کتێبی گەورە و مەزنی گەردوون، کە لە هەموو وشەیەکیدا چەندین واتا و دانایی تێدایە و.. مەودای بەڵگەی ئەم قورئانە گەورە بەرجەستەیە - کە جیهانە - بزانن چەندەیە و چۆن دەبێت بە بەڵگە لەسەر خواوەندی نووسەری خۆی، هەروەك ئەو کتێبەی لە نموونەکەدا باس کرا، بوو بە بەڵگە لەسەر نووسەرەکەی!

ئەمەش بەپێی داخوازیی (زانستی حیکمەتی شتان) و (هونەری خوێندنەوە و نووسین) کە دەیانخوێنن و، بە تەرازوویەکی گەورەتر و ڕوانینێکی فراوانتر بۆ ئەم کتێبە گەورەیەی گەردوون، دەردەکەوێت..

تەنانەت ئەو کاتە تێدەگەن کە چۆن ئەم کتێبە گەورەیەی گەردوون بە "الله أكبر"کردن خوای بەدیهێنەری خۆی دەناسێنێت و، بە "سبحان الله"

تەقدیسی ئەو خوایەمان فێر دەکات و، بە سوپاسگوزاریی: "الحمد لله"ش ئەو خواوەندەمان لە لا خۆشەویست دەکات!

بەم جۆرە و بەپێی ئەوانەی باسمان کردن، هەریەکە لەو زانستە لەژمارەبەدەر و زۆرانە، بەڵگەیە لەسەر بەدیهێنەری شکۆمەندی بوونەوەر و، خوای گەورەمان بە ناوە جوانەکانی و کەماڵات و سیفەتە بەرزەکانی پێ دەناسێنێت..

ئەمەش بەهۆی ئەو تەرازووە فراوان و، ئاوێنە تایبەتی و، چاوە تیژ و بینەر و، ڕوانینە پڕ لە پەندانەی کە لەناو هەریەك لەو زانستانەدا هەن.

بەو قوتابییە لاوانەم وت:

حیکمەتی دووپات بوونەوەکانی قورئانی پیرۆز، وەك: ﴿خلقَ السموات والأرضَ﴾ و ﴿ربُّ السمواتِ والأرض﴾ لە پێناوی ڕێنمایی کردنی خەڵکیدایە بۆ ئەو ڕاستییەی کە باسمان کرد. هەروەها بۆ ئەوەیە کە ئەم بەڵگە بەهێز و ڕووناکەی "تەوحید"مان فێر بکات و بەدیهێنەری مەزنمان پێ بناسێنێت.

ئەوانیش وتیان:

(سوپاسی بێ سنوور پێشکەشی پەروەردگاری بەدیهێنەرمان بێت، لەسەر ئەم وانەیەی کە لە ڕاستیدا حەقیقەتێکی گەلێ بەرزە، خوات لێ ڕازی بێت و پاداشتی چاکەت بداتەوە).

ئنجا پێم وتن:

مرۆڤ مەکینەیەکی زیندەکارە، هەزاران جۆر ئازار و هەزاران جۆر تام و لەزەت لە ژیاندا دەچێژێت..

ئەم مرۆڤە هەروەك لەوپەڕی دەستەوسانی و کۆڵەواریدایە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە دوژمنی ماددی و مەعنەویی هەیە کە لە ژمارە نایەن..

هەرچەند لەوپەڕی هەژاریدایە، ئەوەندە ئارەزووی دیار و نادیاریشی هەیە کە لە باس کردن نایەن..

کەواتە مرۆڤ بەدیهێنراوێکی ئەوەندە هەژارە کە هەمیشە زللەی نەمان و جودایی دەخوات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەرکات بەهۆی پەرستش و ئیمانەوە پشت بە خواوەند و پادشای شکۆمەندی خۆی ببەستێ، ئەوا پاڵپشتێکی گەورە و بەهێزی ئەوتۆی دەست دەکەوێت کە بتوانێت لە دەست هەموو دوژمنانی ڕزگاری ببێت و، یارمەتی‌یەکی وای دەستگیر دەبێت کە بۆ بەدەستهێنانی ئاواتەکانی پشتی پێ ببەستێت.

چونکە هەروەك مرۆڤ نیسبەت و پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی لە خۆی گەورەتردا هەیە و بەم پەیوەندی و نیسبەتبوونەش بۆ لای گەورەکەی و ڕێزی لای ئەو، شانازی دەکات..

هەر بەم جۆرەش نیسبەت پەیدا کردنی مرۆڤ بەهۆی ئیمانەوە لەگەڵ ئەو خواوەندە بەتوانایەدا کە خاوەنی توانستێکی بێ‌سنوورە و، ئەو پادشا بە بەزەیی‌یەی کە میهرەبانی‌یەکی فراوانی هەیە و، پەرستنی لە ڕێی گوێڕایەڵی و شوکرانەبژێری کردنیەوە.. ئەم کارە وا لە (مردن) دەکات، کە خۆی لە خۆیدا ئیعدامێکی هەمیشەیی‌یە، بۆ ئەو ئیماندارە ببێت بە بلیتی سەفەر و پشوو وەرگرتن بۆ ڕۆشتن بەرەو جیهانی هەمیشەیی!

خۆتان دەتوانن ئەندازەی ئەوە لێك بدەنەوە، کە ئەم مرۆڤە لە بەردەم گەورەکەی خۆیدا دەبێ چەندە لەزەتی شیرینی پەرستن بچێژێت و، چەندە سوپاسگوزاری ئەو ئیمانە بێت کە لە دڵدا هەستی پێ دەکات و، چەندە بە نووری ئیسلام بەختەوەر بێت و، شانازی بە خوای گەورە و بەتوانا و میهرەبانی خۆی بکات و هەردەم لە شوکرانەبژێریی نیعمەتی ئیمان و ئیسلامدا بێت.

هەروەك ئەمەم بە برا قوتابی‌یەكانم وت، هەروەها بە بەندكراوانیشی دەڵێم:

ئەوەی خوا بناسێت و گوێڕایەڵیی فەرمانەكانی بكات، با لە بەندیخانەشدا بێت هەر بەختەوەرە. ئەو كەسەش لە خوا بێ‌ئاگا بێت و خوای لە یاد چووبێت، با لە كۆشك و تەلاریشدا بژی، هەر بەدبەخت و سەر لێ شێواوە!

ڕۆژێكیان ستەم لێكراوێك لەو كاتەدا كە بەوپەڕی شادمانی‌یەوە بە داری سێدارەكەیدا سەردەكەوت، ڕووی كردە ستەمكارانی و بە دەنگی بەرز و زوڵاڵ پێی وتن:

– (من لەناوناچم و بەرەو نەمان ناڕۆم، بەڵكو لە بەندیخانەی دنیا دەرباز دەبم و بەرەو بەختەوەریی هەمیشەیی دەڕۆم.. بەڵام دەبینم ئێوە فەرمانی لەناوچوونی هەمیشەییتان بۆ دەرچووە، چونكە وا گومان دەبەن كە مردن نەمان و لەناوچوونە. كەواتە من تۆڵەی خۆمم لێ سەندوونەتەوە)!

ئەمەی وت و، لەگەڵ دووپاتكردنەوەی: "لا إلە إلا الله"دا، بە چاوی ڕوون و ڕووی گەشەوە گیانی سپاردا

﴿سبحانك لا علم لنا إِلا ما علّمتنا إِنك أَنت العليم الحكيم﴾.

* * *

تیشکی نۆهەم:

# پێویستیی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی"

بسم الله الرحـــمن الرحيم

﴿فَسُبحانَ اللهِ حينَ تُمْسونَ وَحينَ تُصْبحون ۞ ولَهُ الْحَمْدُ في السَّـــموات والأَرْضِ وَعَشِيّاً وَحينَ تُظْهِرونَ ۞ يُخرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخرِجُ الْمَيِّتَ مِـنَ الْحَيِّ وَيُحْيِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِها وَكَذلِكَ تُخْرَجونَ ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَكُمْ مِـنْ تُراب ثُمَّ إذا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرونَ ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسكُمْ أَزْواجاً لِتسكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ في ذلِكَ لآيات لِقَوْمٍ يَتفكَّـرُون ۞ وَمِنْ آياتِهِ خَلْقُ السَّمــوات وَالأَرْضِ وَاختِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوانكُمْ إِنَّ في ذلِكَ لآيات لِلعَالِمين ۞ وَمِنْ آياتِهِ مَنامُكُمْ بِالْلّيْلِ وَالنَّهارِ وَابْتِغاؤكُمْ مِنْ فَضْلِـهِ إِنَّ في ذلكَ لآيات لِقَوْمٍ يَسْمَعُون ۞ وَمِنْ آياتِهِ يُريكُمُ البَرْقَ خَوْفاً وَطَمَعاً وَيُنَزِّلُ مِـنَ السَمــاءِ مــاءً فَيُحْيِي بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهــا إنَّ في ذلِكَ لآيات لِقَوْمٍ يَعْقِلُون ۞ وَمِنْ آياتِهِ أَنْ تَقُومَ السَمــاءُ وَالأَرْضُ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إذا دَعــاكُمْ دَعْــوَةً مِــنَ الأَرْضِ إِذا أَنْتُمْ تَخْرُجُون ۞ وَلَهُ مَنْ في السَّمــوات وَالأَرْضِ كُلٌّ لَهُ قانِتُونَ ۞ وَهُوَ الذّي يَبْدَؤُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْــهِ وَلَــهُ الْمَثَــلُ الأَعْلــى في السَّمــوات وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزيزُ الْحَكيمُ﴾ (الروم:١٧-٢٧).

ئەم ئایەتە پیرۆزانە مەسـەلەی "حەشـر" ڕوون دەکەنەوە، کـە جەمسەر و تەوەرەی ئیمانە.

ئێمەش لەم "تیشکی نۆهەم"ەدا بەڵگەیەکی بەهێز و مەزنی ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتانە و یەکێك لە بەڵگە بەرز و پیرۆزەکانی ئەم مەسەلەیە باس دەکەین.

ئەمەش - لە ڕاستیدا - چاودێری و ئاوڕ لێدانەوەیەکی نەخشین و جوانی پەروەردگارە، چونکە "سەعیدی کۆن" سی ساڵ پێش ئێستا لە کۆتایی ئەو کتێبەی کە ناوی: "محاکمات"ە و پێشەکیی تەفسیری: "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز"ە، ئەمەی خوارەوەی نووسی:

"مەبەستی دووهەم: ئەم مەبەستە تەفسیری دوو ئایەت دەکات کە "حەشر" ڕوون دەکەنەوە و ئاماژەی بۆ دەکەن".

بەڵام ئەم باسە ناوبراوە بەوە دەستی پێ کرد کە نووسیی:

"نەخو[1] : بسم الله الرحمن الرحيم".

ئیتر لە نووسین ڕاوەستا و بۆی نەکرا تەواوی بکات.

وا ئێستا هەزار و یەك جار و بە ئەندازەی ژمارەی بەڵگە و نیشانەکانی حەشر، شوکر و سوپاس و ستایش بۆ بەدیهێنەری بەخشندەم کە دوای تێپەڕبوونی ماوەی "سی" ساڵ بەسەر ئەو نووسینەدا، یارمەتیی دام ئەو تەفسیرە ڕوون بکەمەوە، ئەوەبوو دوای "دە" ساڵ خواوەند نیعمەتی تەفسیرکردنی ئایەتی یەکەمی پێ بەخشیم، کە بریتییە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿فانظر إِلى آثارِ رَحْمَتِ الله كَيْفَ يُحيِ الأَرضَ بَعْدَ موْتِها إِنَّ ذلِكَ لَمُحْيِ الموتى وَهُوَ على كُلِّ شَيْءٍ قديرٌ﴾ (الروم: ٥٠)و، بوو بە "وتەی دەهەم" و "وتەی بیست و نۆهەم" کە دوو بەڵگەی ڕوون و بەهێزی ئەوتۆن ئینکاری وملنەدانی سەرسەختەکانیان لاڵ و بێ دەنگ کرد..

(١) نەخو: وشەیەکە بە شێوە زمانی کرمانجیی ژووروو، بە واتای: "کەواتە" دێت لە شێوە زمانی کرمانجیی خوارووودا. (وەرگێڕ)

ئنجا "دە" ساڵ دوای ڕوونکردنەوەی لەو قەڵا پۆلاییینەش، خواوەنـدی مەزن نیعمەتی تەفسیر کردنی ئەو ئایەتانـەی پێ بەخشیم کە لـە سەرەتای ئەم تیشکەدان و، ئەم پەیامەی لـێ پێکهاتووە. جا ئەم "تیشکی نۆهەم"ە بریتی‌یە لە "نـۆ" مـەقامی بـەرز کـە ئـەم ئایەتانـە ئاماژەیـان بـۆ کـردوون، لەگـەڵ "پێشەکی"یەکدا.

* * *

## پێشەکی

(ئەم پێشەکی‌یە دوو خاڵە: لە سەرەتادا بە پوختی لە نێوان ئـەنجام و سوودەکانی "باوەڕ بە حەشـر" بـۆ ژیـان و گیـانی مـرۆڤ، ئەنجامێـکی گـەورە و گرنگ باس دەکەین و، مەودای پێویستیی ئـەم بـاوەڕەش بـۆ ژیانی مرۆڤایەتی – بـە تایبـەت لـە بـوارە کۆمەڵایەتی‌یەکـەیدا – ڕوون دەکەینەوە.

هەروەها لە نێوان بەڵگە زۆر و زەبەندەکانی"باوەڕ بە حەشر"دا تەنها یەك بەڵگە دەهێنین و، ڕوونی و ئاشکرایی ئەم باوەڕە دەخەینە پێش چـاو کە هیچ گومانێکی ناوێتە نابێت).

## خاڵی یەکەم

وا بۆ نموونـە لـە نێـوان سـەدان بەڵگـەدا، ئامـاژە بۆ تەنـها چـوار دانـە لـەو بەڵگانە دەکەین کە دەیچەسپێنن: "باوەڕ بـە ڕۆژی دوایـی" گرنگـترین بـەردی بناغـەی ژیـانی تاکـە کەسـی و کۆمـەڵایەتیی مرۆڤـە و، بنچینـەی هـەموو کەماڵات و ڕەوشتبەرزی و بەختەوەری‌یەکانیەتی:

بەلگەی یەکەم:

"منالآن" کە نیوەی گرۆی مرۆڤ پێکدەهێنن، ئەگەر هێزی مەعنەویی "ئیمان بە بەهەشت" نەبێت کە لە دەروون و بوونی ناسك و لاوازی خۆیاندا هەستی پێ دەکەن، ناتوانن ئەو بارە ناخۆشانەی چەشنی "مردن" هەلبگرن کە لە پێش چاویاندا ڕوو دەدەن و بە ڕوالەت خەمناك و بە ئازار دیارن.

ئەم ئیمانەیان بە بەهەشت دەرگای ڕوونی هیوا و ئاوات لە بەردەم سروشتە ناسکەکانی ئەواندا دەکاتەوە کە هێندە ناسك و نیانە توانای بەرگرییان نییە و، بە بچووکترین گیروگرفت دلیان گەرد دەگرێت و دەدەنە پرمەی گریان. بەلام بەهۆی ئەم ئیمانەوە، کە لە دلیاندا چەکەرەی کردووە، دەتوانن بە خۆشی و شادی ژیان و گوزەرانیان بەسەر بەرن..

چونکە هەر منالێك کە باوەڕی بە بەهەشت بێت، لەبەر خۆیەوە بە خۆی دەلێت:

(برا بچووکەکەم، یان هاوڕێ خۆشەویستەکەم کە کۆچی دوایی کرد، ئێستا یەکێکە لە بالندەکانی بەهەشت. کەواتە ئەو بە سەربەستی لە بەهەشتدا گەشتی خۆی دەکات و دەحەوێتەوە و، ژیانی ئێستای ئەو لەوێ لەچاو گوزەرانی ئێمە لێرەدا، گەلێ باشترە).

دەنا گەر ئەوان ئەم ئیمانەیان بە بەهەشت لەدەست دابێت، ئەوا ئەو مردنەی کە دووچاری منالآنی وەك خۆیان و گەورەکانیش دەبێت، ورەی ئەو منالە بێ توانا و دەستەلآتانەی بەردەدا و بە فەلاکەتی دەبردن و، گشت لایەنە دەروونییەکانیان و تێکڕای ژیانی ئەوانی تێکدەشکاند و، ڕووناکیی ژیانیشیان بە تەواوی لێل و تاریك دادەهات..

ئەو کاتەش، هاودەم لەگەڵ فرمێسکی چاوەکانیاندا، بە خوڕ ئەسرینی بەسۆیان لە سەرچاوەی "گیان" و "دڵ" و "ژیری"یشیانەوە هەڵدەڕشت و، لە ئەنجامی ئەم ئاکامە ناکامەشەوە یان سەرجەمی هەستەکانیان دەمرد و پتر ئەستوور دەبوون و سۆزەکانی ناخیان بەجارێ لەکار دەکەوتن.. یاخود چەشنی ئاژەڵی بەدبەخت وێڵ و سەر لێ شێواو دەبوون و سەرگەردان دەردەچوون.

بەڵگەی دووهەم:

"پیران"یش کە نیوەی گرۆی مرۆڤن و لەسەر لێواری گۆڕەکانیان ڕاوەستاون، تەنها "ئیمان بە دواڕۆژ"ە کە ئارامی‌یان پێ دەبەخشێت..

ئەو مرۆڤە پیرانە ئارامی و دڵدانەوەی خۆیان بەرامبەر بە نزیک بوونەوەی وادەی کوژانەوەی ژیانە ئازیزەکەیان و داخستنی دەرگای دنیا شیرین و جوانەکەیان لە ڕوویاندا، تەنها لەو ئیمانەدا دەبیننەوە..

جا ئەو پیرانەی کە وەکو منداڵیان لێ هاتووەتەوە و، هەستی گیان و سروشتیان بە جارێ ناسك بووەتەوە، تەنها بە هیوامەندیی ژیانی دواڕۆژەوەیە کە ئارام دەگرن و بەرگریی ئەو نائومێدی‌یە جەرگبڕانەی پێ دەکەن کە لە مردن و نەمانەوە پەیدا دەبن.

دەنا گەر ئەم "ئیمان بە دواڕۆژە" نەبێت، ئەوا ئەو باوك و دایکە پیرانەی کە لە هەموو کەسێك زیاتر شایانی شەفەقەت و بەزەیی و میهرەبانین و، لە هەموو کەسیش زیاتر پێویستیان بە ئاسایش و ژیانێکی پڕ لە هێمنی هەیە، لە ناخی "دڵ" و "دەروون" و "گیان"ی خۆیاندا هەستیان بە دڵەتەپێ و کسپەی گیان و شڵەژاویی دەروون دەکرد و، ئەم دنیا فراوانەیان بەجارێ لێ دەهاتەوە یەك و لێیان دەبوو بە بەندیخانەیەکی ترسناك و، تێکڕای ژیانیشیان دەبوو بە ئازارێکی سەخت و بەسۆ.

بەڵگەی سێهەم:

"لاوان" و "هەرزەکاران" کە جەمسەری ژیانی کۆمەڵایەتین، جگە لە "مەترسیی ئاگری دۆزەخ" هیچ شتێکی تر نی‌یە قوڵپەقوڵپی هەستەکانیان هێمن بکاتەوە و، دەستیان لە ستەم و دەستدرێژی و کاولکاری بگێڕێتەوە و، بەرەنگاری هەڵەشەیی هەوا و ئارەزوویان ببێتەوە و، لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌یاندا ڕەوتی هەرەباشیان بۆ داببن بکات.

خۆ ئەگەر ئەم ترسەی ئاگری دۆزەخ نەبوایە، ئەوا ئەو هەرزەکارە هەڵەشانەی کە مەستی هەوا و ئارەزووەکانیانن، دنیایان لە پیر و پەککەوتە و لاوازان دەکرد بە دۆزەخ. چونکە ئەو کاتە دەستەڵاتی ناو کۆمەڵ دەکەوتە دەستی زاڵ بووانی وەك ئەوان و، ئنجا ژیانی بەرز و بڵندی مرۆڤایەتی‌یان دادەبەزاندە ئاستێکی نزمی ئاژەڵانە.

بەڵگەی چوارەم:

ژیانی ناو "خێزان"یش مایەی کۆبوونەوە و، بەهەشتی بەختەوەری و، قەڵای مەحکەم و، داڵدەی بێ وەیی ژیانی دنیایە.. ماڵی هەموو کەسێك، کە جیهان و دنیای تایبەتیی ئەو کەسەیە، ئەگەر ڕێز لە یەك گرتنی ڕاست و چون یەك و، وەفای بێگەردی نێوان هەموان و، بەزەیی و میهرەبانیی ڕاستەقینەی تا ڕادەی خۆبەختکردن و خۆنەویستیی تێدا نەبێت، ئەوا هەرگیز ئەو ماڵە بەختەوەری لە گیانی خۆیدا نابینێت.

خۆ ئەگەر کەسانی ئەو خێزانە ئیمانیان بە بوونی چەندین پەیوەندیی هاوەڵانەی هەمیشەیی و بەردەوامی کاتێکی بێ کۆتایی و ژیانێکی هەتاهەتایی بێ سنوور نەبێت، کە پەیوەندیی بەرز و بەڕێزی باوکایەتی و برایەتیی بێگەرد و هاوەڵێتیی خاوێنی بەوەفایانە بیانبەستێت بە یەکەوە، ئەوا

ئەم ڕێز گرتنە بێگەرد و وەفا و میهرەبانی‌یە چون یەکەش لەم دنیایاندا دروست نابێت.

ئەگەر ئەم چەشنە پەیوەندی‌یە لە نێوان کەسانی خێزاندا هەبوو، ئەوا "مێرد" لە بەرخۆیەوە بە خۆی دەڵێت:

(ئەم ژنەم هاوسەری ژیانمە و هاوڕێی جیهانی هەمیشەیی و ژیانی نەمرمە. کەواتە گوێ نادەم بەوەی کە ئێستا پیر و چرچ و ناشیرین بووە، چونکە جوانی‌یەکی هەمیشەیی لەمەولا لە ڕێدایە. لەبەر ئەوە، ئامادەم ئەوپەڕی داخوازی‌یەکانی وەفا و میهرەبانیی لە ڕوودا بنوێنم و هەر چەشنە خۆبەخت کردنێك لە پێناوی ئەم هاوەڵێتی‌یە هەمیشەییەدا پێویست بێت، بێ سێ و دوو کردن و دوودڵی، بەختی بکەم).

بەم جۆرە، ئەم پیاوە دەتوانێت وەك چۆن حەزی لە حۆریی بەهەشتە و خۆشی دەوێت، ئاوا بەزەیی بە ژنە پەك کەوتە و بەساڵاچووەکەی خۆیشیدا بێتەوە و خۆشەویستیی لە ڕوودا بنوێنێت..

دەنا هاوەڵێتی‌یەکەی لەگەڵ خێزان و هاوسەرەکەیدا هاودەمی‌یەکی کاتی و ڕواڵەتیی سەعات و دوو سەعات دەبێت کە جودایی هەمیشەیی بە دوادا دێت، هاوەڵێتی‌یەکی سەرزارەکی دەبێت و هیچ پشتگیر و بناغەیەکی نابێت و، ئنجا بەزەییەکی مەجازی و، ڕێزێکی درۆینە و، سۆزێکی هەڵقوڵاوی هەستی ئاژەڵانە نەبێ هیچی تر نابەخشێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەرژەوەندی و هەستە شەهوانی‌یە دەروونی‌یەکان خۆیان لەو بەزەیی و ڕێزەدا هەڵدەقورتێنن و، ئەو بەهەشتە دنیاییە دەکەن بە دۆزەخێکی ئەوتۆ کە لە توانادا نەبێ ئارامی لەسەر بگیرێت.

بەم جۆرە، گەر تەنها یەك ئەنجام لە نێوان سەدان ئەنجامی "باوەڕ بە حەشر"دا کە پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە هەیە و سەدان ڕوو و

سوودی هەمە جۆرەی لێ دەبێتەوە، لەسەر ئەو چوار بەڵگانەی ئێستا باس کران قیاس بکرێت، ئەوا دەزانرێت کە هاتنەدیی ڕاستیی "حەشر" بە ئەندازەی چەسپاویی ڕاستیی بەرزی مرۆڤ و پێداویستی‌یە هەمەکی‌یەکانی، چەسپاوە.

تەنانەت پێویستیی "گەدە" بۆ خۆراك و شایەتیدانی لەم ڕێیەوە لەسەر ئەو خواردەمەنی‌یانە چەندەیە و تا چ ڕادەیەکە، ئەو پێداویستی‌یە هەمەکی‌یانەی مرۆڤیش بەڵگەیەکی ڕوونتر و شایەتی‌یەکی گەلێ ئاشکراترن لەسەر هاتنەدیی "حەشر".

دەتوانرێت بە چەشنێکی قووڵتر مەودای هاتنەدیی "حەشر" دەستنیشان بکرێت گەر ئەم ڕاستی‌یە (واتە حەشر) لە مرۆڤایەتی بسێنرێتەوە و لێی بێ بەش بکرێت. چونکە ئەو کاتە چییەتیی بەرز و گرنگ و زیندووی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەبێت بە کەلاکێکی بۆگەنی مەڵبەندی میکرۆبەکان!

دەبا زانایانی کۆمەڵناسی و ڕامیاری و ڕەوشتناسی، لەوانەی کە بایەخ بە کاروباری کۆمەڵ و ڕەوشتی مرۆڤ دەدەن، گوێ لەمە ڕابگرن، با بێن و پێمان بڵێن بە چی ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، بە چ چارەسەری‌یەك تیماری ئەم زامە قووڵ و بەسۆیانەی مرۆڤ دەکەن؟!

## خاڵی دووهەم

ئەم خاڵە، زۆر بە کورتی، لە نێوان چەندین بەڵگەی لەژمارەبەدەری "ڕاستیی حەشر"دا تەنها یەك بەڵگە ڕوون دەکاتەوە، کە پوختەی شایەتیدانی پایەکانی تری ئیمانە. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

سەرجەمی هەموو ئەو موعجیزانەی کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرێتیی حەزرەتی محەممەد ﷺ هەروەها گشت بەڵگەکانی تری پێغەمبەرێتی و

ڕاستگۆیی ئەو، هەموویان پێکەوە شایەتی لەسەر ڕاستیی حەشر دەدەن و بەڵگەن لەسەری و دەیچەسپێنن، چونکە بانگەوازەکەی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لە درێژایی ژیانیدا، پاش مەسەلەی "تەوحید" ئاراستەی مەسەلەی "حەشر" کراوە..

هەروەها هەموو ئەو بەڵگە و موعجیزانەی ئەم پێغەمبەرە ﷺ کە دەبن بە بەڵگەی ڕاستیی پێغەمبەران و، ئەوەندە بەهێزن کە خەڵکی بۆ تەسدیقیان هان دەدەن، هەموویان شایەتی لەسەر هەمان ڕاستی دەدەن کە بریتییە لە "حەشر"..

هەروەها شایەتیدانی ئەو کتێبانەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤ ڕەوانەکراون و، شایەتیدانی پێغەمبەرە بەڕێزەکانیان ڕوون کردووەتەوە و، گەیاندوویانەتە پلەی "بەداهەت" هەردووکیان پێکەوە[1] شایەتی لەسەر هەمان ڕاستی دەدەن، بەم چەشنەی خوارەوە:

لە پێش هەموویانەوە قورئانی پیرۆزی خاوەن ڕوونکردنەوەی پڕ لە ئیعجازە، ئەم قورئانە پیرۆزە بە هەموو موعجیزە و بەڵگە و ڕاستییەکانیەوە، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە هەموو کتێبێك شایانتری شوێنکەوتنە، شایەتی لەسەر ڕوودانی حەشر دەدات و دەیچەسپێنێت. چونکە سێیەکی هەموو قورئان و سەرەتای زۆربەی کورتە سوورەتەکانی بریتین لە چەندین ئایەتی ڕوون و ئاشکرای ئەوتۆ کە بەڵگەن لەسەر هاتنەدیی "حەشر". واتە قورئانی پیرۆز بە هەزاران ئایەتی پیرۆزی خۆی، چ بە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوی و چ بە ئاماژە بۆ کردن، هەواڵی هەمان ڕاستی ڕادەگەیەنێت و بە ڕوونی دەیچەسپێنێت و ئاشکرای دەکات.

---

(١) واتە پێغەمبەران و ئەو کتێبانەی خوای گەورە بۆی ناردوون. (وەرگێڕ)

بۆ نموونە:

﴿إذا الشمسُ كُوِّرَتْ﴾ (التكوير:١).

﴿ياأيّها الناسُ اتّقوا ربَّكُمْ إنّ زَلزلةَ السَّاعةِ شَيْءٍ عظيم﴾ (الحج:١).

﴿إذا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلْزالَها﴾ (الزلزلة:١).

﴿إذا السماءُ انْفَطَرَتْ﴾ (الإنفطار:١).

﴿إذا السماءُ انشقّتْ ﴾ (الإنشقاق:١).

﴿عَمَّ يتساءَلون﴾ (النبأ:١).

﴿هل أتاكَ حديثُ الغاشيةِ﴾ (الغاشية:١).

قورئانی پیرۆز بەم ئایەتانە و هاوچەشنیان لە سەرەتای نزیکەی چل سوورەتیدا، دەیچەسپێنێت کە حەشر ڕاستی‌یەکی بێ گومانە و، ڕووداوێکی گەردوونی‌یە لەوپەڕی گرنگیدا و، دەبێ بیێت و، ڕوودانیشی گەلێ پێویستە..

بە ئایەتەکانی تریشی چەندین بەڵگەی جۆراوجۆری قەناعەت بەخش لەسەر ئەم ڕاستی‌یە ڕوون دەکاتەوە.

ئایا کتێبێك کە تەنها یەك ئاماژەی تەنها یەك ئایەت لە ئایەتەکانی، هەموو ئەو ڕاستی‌یە زانستی و گەردوونی‌یانە بەرهەم بهێنێت کە پێیان دەوترێت: "زانستە ئیسلامی‌یەکان"(١)، دەبێ شایەتیدانی هەزاران ئایەتی ئەو کتێبە کە "ئیمان بە حەشر" وەك خۆری درەخشان ڕوون دەکەنەوە، چۆن بێت؟! ئایا ئینکاری کردنی ئەم ئیمانە وەك ئینکاریی بوونی خۆر، یان ئینکاری کردنی

(١) لام وایە مەبەستی دانەر ئاماژەی ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وعلّمَ آدمَ الأسماءَ كُلَّها﴾ (البقرة:٣١). (وەرگێڕ)

تێکڕای بوونەوەران نییە؟ ئایا ئەم کارە کارێکی سەد دەر سەد مەحاڵ و نەگونجاو نییە؟

ئایا دەگونجێ هەزاران بەڵێن و هەڕەشە و گوفتاری پادشایەکی مەزنی بەدەستەڵات بە درۆ دابنرێت و، بە شتێکی بێ بناغە و دوور لە ڕاستی لە قەڵەم بدرێت، لە کاتێکدا کە سوپای ئەو پادشایە جاری وا هەیە تەنها لەبەر ئەوەی ئاماژەیەکی پادشا بە درۆ نەخرێتەوە، دەچێتە ناو جەنگی بێ ئامانەوە؟

خۆ پادشای مەعنەویی مەزن، کە وا سیازدە سەدەی ڕەبەقە دەستەڵاتداری و فەرمانڕەواییەکەی بەردەوامە و، چەندەها گیان و ژیری و دڵ و دەروونی لەژمارەبەدەری پێگەیاند و، پەروەردە و پاکژی کردن و، بە حەق و ڕاستی بەڕێوەی بردن.. ئایا تەنها ئاماژەیەکی ئەو پادشا مەعنەوییە مەزنە سەروزیاد نییە بۆ چەسپاندنی "حەشر"؟ چ جای ئەوەی کە هەزاران وتەی ڕاستەوخۆی ڕوون و چەسپێنەری حەشری بە ڕاشکاوی تێدایە؟!

ئایا ئەو کەسەی کە لەم ڕاستییە ڕوونە تێناگات، مرۆڤێکی نەفام و نەزان نییە؟ ئایا ئەوپەڕی دادگەری نییە کە جێی ئەو کەسە ناخی دۆزەخ بێت و لەوێدا بگیرسێتەوە؟

پاشان هەموو کتێب و صوحوفە ئاسمانییەکانی تر کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی پێشووی ناردوون و، هەر یەکەیان ماوەیەك فەرمانڕەوای کاتی خۆی بووە، بە هەزاران بەڵگە، ئەو دەعوایەی قورئانی پیرۆزیان سەبارەت بە "حەشر" سەلماندووە، هەرچەندەش بەپێی داخوازیی چەرخ و سەردەمەکانیان و گەلێ بە کورتی باسی ڕاستی و بێ گومانیی حەشریان کردووە، کە قورئانی پیرۆز بەوپەڕی ڕوونی لێی دواوە، ئەو قورئانەی کە فەرمانڕەوای هەموو سەردەمێکە و، بەسەر تێکڕای ئایندەشدا زاڵ و دەستەڵاتدارە.

وا لێرەدا و لەبەر شیاویی ئەم باسە، دەقی کۆتایی پەیامی "موناجات" دەهێنین، کە بەڵگەیەکی گومان بڕی پوختە لەسەر حەشر و، لە شایەتیدان و بەڵگەبوونی پایەکانی تری ئیمانەوە لەسەر "حەشر" پەیدا بووە، بە تایبەت لە "ئیمان بە پێغەمبەران و کتێبەکان" کە هەرچی گومان و دوودڵی هەیە تەفروتوونایان دەکات. بۆیە دەیشی هێنین چونکە بە شێوازێکی کورت و لە شێوەی نزا و لالانەوەدا باس کراوە:

(ئەی پەروەردگاری میهرەبانم! بەهۆی فێرکاریی پێغەمبەر ﷺ و وانەکانی قورئانی پیرۆزی داناوە، تێگەیشتم کە هەموو کتێبە پیرۆزەکان، لە پێشەکیی هەموویانەوە قورئانی پیرۆز.. هەروەها گشت پێغەمبەران، لە پێش هەموویانەوە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ، هەر هەموویان بەڵگەن و، بە یەکدەنگی و یەکێتی ئاماژە دەکەن و شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی کە:

درەوشانەوەی ناوە جوان و شکۆمەندەکانی خوای گەورە کە لە دنیا و هەموو جیهانەکاندا شوێنەواریان دیار و ئاشکرایە، لە جیهانی هەمیشەیی و هەتاهەتاییشدا بە جۆرێکی گەلێ ڕوونتر بەردەوام دەبێت، هەروەها درەوشانەوە میهرەبانەکانی ئەو ناوانە کە نموونەکانیان لەم جیهانە فانییەدا دەبینرێن، لەو دنیای خانەی بەختەوەریدا جوانترین و درەوشاوەترین ڕووناکی بەرهەم دەهێنن و بە هەمیشەیی دەمێننەوە. هەروەها ئەو تاسەمەندانەش کە لەم ژیانە کورتەی دنیادا بەوپەڕی شەوقەوە سەرنج لەو درەوشانەوانە دەدەن و بۆیان دەڕوانن، لەودنیادا تا ئەبەد بە خۆشەویستییەوە هاوڕێیان دەبن و بە نەمری لەگەڵیاندا دەمێننەوە.

هەروەها گشت پێغەمبەران - درووديان لەسەر بێت - کە دارای گیانی ڕووناکن، لە پێش هەموو شیانەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ و، هەموو ئەولیاکان کە جەمسەری خاوەن دڵە ڕۆشنەکانن و، گشت صیدیقانیش کە

سەرچاوەی ژێرییە بینەر و ڕوونەکانن.. هەموو ئەوانە ئیمانێکی قووڵی دامەزراویان بە "حەشر" هەیە و، شایەتیی لەسەر دەدەن و، مژدەی بەختەوەریی هەمیشەیی بە مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنن و، گومڕایان بە مەترسیی ئاگری دۆزەخ بێدار دەکەنەوە و، مزگێنی بە ڕێڕەوانی ڕێی هیدایەت دەدەن کە بەهەشت چارەنووس و پاشەڕۆژ و ئەنجامیانە..

لەمەشدا پشت بە سەدان موعجیزەی ڕوون و نیشانەی بێ گومان و ئەو بەڵێن و هەڕەشانەش دەبەستن کە چەندەها جار لە کتێب و صوحوفە ئاسمانی‌یەکانتدا - ئەی پەروەردگارم! - باست کردوون. هەروەها پشت بە: بەزەیی شکۆمەندی و، دەستەڵاتداریی پەروەردگاری و، کاروبارە بەرز و، سیفەتە پاك و پیرۆزەکانی تۆ دەبەستن، وەك: توانست و میهرەبانی و عینایەت و دانایی و شکۆمەندی و جوانی و، بە پێی ئەو کەشف و بینینە لەژمارەبەدەرانەی خۆیان کە هەواڵی نیشانەکانی دواڕۆژن و، بە گوێرەی ئەو ئیمان و باوەڕەشیان کە تا پلەی "علم الیقین" و "عین الیقین" چەسپاو و دامەزراوە.

دەسا ئەی خواوەندی بەتوانای دانا و، بەخشندەی میهرەبان و، دارای بەڵێنی ڕاست و، خاوەنی سەربەرزی و مەزنی و شکۆمەندی و، لەناوبەری خوانەناسان!

تۆ زۆر خاوێن و پاك و پیرۆز و بەرزتریت لەوەی کە هەموو شوێنکەوتووان و، گشت بەڵێن و، سەرجەم سیفەتە مەزن و، کاروبارە خاوێن و پیرۆزەکانی خۆت بەدرۆ بخەیتەوە و، پەردە بەسەر داخوازیی دەستەڵاتداریی خۆتدا بگێڕیت و، ئەو هەموو دوعا و نزایانە گیرا نەکەیت کە ئەو بەندە باشانەت دەیانکەن کە خۆشت دەوێن و، خۆشیان دەوێیت و، لە ڕێی ئیمان و تەسدیق و گوێڕایەڵی‌یەوە خۆیان لەلا خۆشەویست کردوویت..

تۆ خاوێن و پیرۆز و بەرزی لەوەی کە کافر و گومڕایان لە ئینکاری کردنی حەشردا تەسدیق بکەیت، ئەوانەی کە بە بۆنەی کوفر و سەرپێچی کردنیان و بە درۆخستنەوەی تۆ و بەڵێنەکانتەوە دەستدرێژی بۆ سەر مەزنیی تۆ دەکەن و، گاڵتەیان بە بەرزیی شکۆمەندی و، مەزنیی خوایەتی و، میهرەبانیی پەروەردگاریی تۆ دێت.

ئەوەتا ئێمە تەقدیسێکی بێ سنوور و نەبڕاوەی دادگەری و جوانیی ڕەها و میهرەبانیی فراوانی تۆ دەکەین و، لەم ستەمە ناڕەوایەی بە دوور دەزانین و پاکی ڕادەگرین..

بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە باوەڕمان وایە کە هەزاران پێغەمبەری ئازیز و، چەندین پیاوچاك و ئەولیای لەژمارەبەدەر کە بانگی مرۆڤایەتی بۆ لای تۆ دەکەن، هەموو ئەوانە، بە "حق الیقین" و "عین الیقین" و "علم الیقین" گەنجینەکانی میهرەبانیی دواڕۆژ و چاکەکاریی‌یەکانی تۆ لە جیهانی هەمیشەییدا و، درەوشانەوەی ناوە جوانەکانت کە بە تەواوی لە خانەی بەختەوەریدا دەردەکەون، دەبینن و چاویان لێیەتی.

هەروەها باوەڕمان هەیە کە ئەم شایەتیدانەی ئەوان حەق و ڕاستە و، ئاماژە کردن و مژدەدانەکانیشیان هەموو ڕاستن و دێنەدی، چونکە ئەوان هەموویان باوەڕیان وایە ئەم ڕاستیی‌یە مەزنەی "حەشر" تیشکێکی مەزنی ناوی پیرۆزی "الحق"ی تۆیە، کە سەرچاوە و خۆری ڕووناکی هەموو ڕاستیی‌یەکانە. کەواتە ئەوان بە ئیزنی خۆت و لە بازنەی حەق و ڕاستیدا ڕێنمایی بەندەکانت دەکەن و هەمان حەقیقەت و ڕاستیی‌یان تێدەگەیەنن.

دەسا ئەی پەروەردگارم! بە خاتری دەرس دادانی ئەوان و لەبەر ڕێزی ڕێنماییەکانیان، ئیمانی تەواوەتی و ئەنجامی خێر و باش بە ئێمە و قوتابیانی نوور ببەخشە و، وامان لێ بکە شایانی شەفاعەتی ئەوان بین، ئامین).

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو بەڵگانەی ڕاستیی قورئان تەنانەت ڕاستیی هەموو کتێبە ئاسمانییەکان دەسەلمێنن..

هەموو ئەو موعجیزە و بەڵگانەش کە پێغەمبەرێتیی خۆشەویستی خوا ﷺ بگرە هی گشت پێغەمبەرانی تریش دەچەسپێنن..

هەموو ئەو بەڵگانە، لە هەمان کاتدا گرنگترین شتێکیش دەچەسپێنن کە ئەو کتێب و پێغەمبەرانە خەڵکیان بۆ لا بانگ دەکەن و گرنگترین لایەنی بانگەوازەکەیانە کە (هاتنەدیی قیامەت)ە.

هەروەك ئەوانە ئەمەیان چەسپاند..

بە هەمان جۆر، زۆربەی ئەو بەڵگانەش کە شایەتی "بوون" و "یەکتایی" خواوەندی "واجب الوجود"ن، شایەتیشن لەسەر خانەی بەختەوەری و جیهانی مانەوە و هەمیشەیی، کە جەمسەر و دەرخەری پەروەردگاری و خوایەتیی خوای گەورەن..

ئەو بەڵگانە - وەك لەو مەقامانەی کە لەمەولا دێن، ڕوون دەکرێنەوە - شایەتن لەسەر هاتنەدیی ئەودنیا و کردنەوەی دەرگاکانی. چونکە "بوون"ی خوای گەورە و سیفەتە مەزن و زۆربەی ناوە جوانەکانی و کاروبارە پڕ لە دانایی و وەسفە خاوێن و پیرۆزەکانی وەك: پەروەردگاری و، خوایەتی و، میهرەبانی و، چاودێری و، دانایی و، دادگەری، هەموویان بە ئەندازەی پلەی پێویستی و بۆ مەبەستی پاداشت و تۆڵەسەندنەوە، داخوازی بوونی "قیامەت" دەبن.

بەڵێ، مادەم خوای گەورە هەیە و تاك و تەنیایە و ئەزەلی و ئەبەدییە، ئەوا دەبێ ئەو شتەش کە خولگەی دەستەڵاتداریی خوایەتییەکەیەتی، کە دوارۆژە، ئەویش بێت..

هەروەها مادەم پەروەردگارێتیی ڕەهای خوای گەورە لەم بوونەوەرەدا، بە تایبەت لە زیندەوەراندا، دەردەکەوێت و پەروەردگارییەکی شکۆمەند و مەزن و دانا و میهرەبانی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوا دەبێ خانە و لانەیەك بۆ بەختەوەریی هەمیشەیی بێتە پێشەوە کە دەست بە ڕووی ئەو گومانانەوە بنێت کە پەروەردگارێتیی ڕەهای خواوەند بەوە لەکەدار دەکەن گوایا بەدیهێنراوانی خۆی بێ هیچ پاداشتێك بەرەڵا دەکات و لێیان ناپرسێتەوە. هەروەها دانایی خواوەند لە "بێ مەبەستی" و، میهرەبانییەکەشی لە تۆمەتی "غەدرکاری" بپارێزێت.

واتە ئەو خانەی بەختەوەرییە، بێ هیچ گومانێك هەیە و، دەبێ مرۆڤی تێبچێت.

هەروەها مادەم ئەم هەموو جۆرە نیعمەت و بەخشش و چاکە و ڕێز و چاودێری و میهرەبانییانە، لە بەرچاوی عەقڵاندا - گەر تروسکاییان لێ نەبڕابێت - ئاشکران و، لە بەردەم دڵانیشدا - گەر نەمردبێن - بە چاو دەبینرێن و، دەبن بە بەڵگە بە دەستمانەوە لەسەر بوونی پەروەردگارێکی میهرەبان لە پشت پەردەی ڕواڵەتی گەردوونەوە..

ئەوا دەبێ ژیانێکی نەمری بەردەوام بێتە کایەوە، تاکو ئەو نیعمەت بەخشینەی باسمان کرد لە گاڵتەجاڕی ڕزگار بکات و، مەودای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت و.. چاکەکارییەکانیش لە تۆمەتی هەڵخەڵەتاندن بپارێزرێن، تاکو حەقیقەتەکەیان دەربکەوێت و.. چاودێرییەکانیش لە چنگی بێ مەبەستی دەرباز بکات، تاکو بە تەواوی بێنەدی و.. میهرەبانیش لە دەستی ڕق و قین ڕزگار بکات، تا هەموو ڕووەکانی دەربکەون و.. لوتف و کەرەمی خواوەندیش لەوە دەرباز بکات کە بە ئیهانەکردن دابنرێن، تاکو ڕووەو بەندەکانی خوا بکەونەکار و بەسەریاندا بڕێژرێن.

بەڵێ، ئەو شتەی کە نیعمەت و چاکەی کردووە بە نیعمەت و چاکەی ڕاستەقینە، بریتی‌یە لە بوونی "ژیانێکی بەردەوامی هەمیشەیی" لە جیهانی مانەوە و نەمریدا.. بەڵێ، دەبێ ئەمە بێتەدی.

هەروەها مادەم قەڵەمی توانستی خوای گەورە لە وەرزی بەهار و لەسەر تەنها یەك لاپەڕەی تەسکی بچووکدا سەد هەزار کتێب بە چەشنێکی تێهەڵکێش دەنووسێت، بێ هیچ چەشنە هەڵە و ناتەواوی و ماندووبوونێك، وەك لە بەرچاودا ڕوون و ئاشکرایە..

هەر خاوەنی ئەو قەڵەمە، سەد هەزار جار بەڵێنی داوە کە:

(کتێبێکی ئاسانتر لەو کتێبە نووسراوەی بەهاری بەرچاوتان بە چەشنێکی هەمیشەیی و بەردەوام دەنووسم، لە شوێنێکی گەلێ فراوانتر و جوانتریش لە چاو ئەم شوێنە تەسك و تێکەڵ و پێکەڵەی بەهار.. ئەو کتێبەی کە دەینووسم هەرگیز لەناوناچێت و بە جۆرێك دەبێت کە بتوانن بە سەرسووڕمان و سەرسامی‌یەوە بیخوێننەوە)!

مادەم خواوەند لە هەموو فەرمانەکانیدا باسی ئەو کتێبە دەکات، ئەوا دەبێ - بێ هیچ گومانێك - سەرەتا و بناغەکانی ئەو کتێبە هەر ئێستا نووسرابن و، پەراوێزەکانیشی لەمەولا بە حەشر و نشوور و زیندووبوونەوە پڕ بکرێنەوە و، لاپەڕەی کردەوەکانی هەموانیشی تێدا بنووسرێنەوە..

هەروەها مادەم ئەم زەوی‌یە، لەو ڕووەوە کە زۆربەی بەدیهێنراوان و سەدان هەزار جۆری زیندەوەر و گیانلەبەرانی جۆراوجۆر و گۆڕاوی تێدایە، بووە بە ناوجەرگە و مەڵبەند و کورتە و پوختە و هۆی بەدیهێنانی گەردوون و، هەمیشە هاودەمە لەگەڵ ناوهێنانی ئاسمانەکاندا وەك ئەوەی کە لە فەرمانە ئاسمانی‌یەکانی هاوچەشنی: "ربُّ السَّمواتِ والأرضِ"دا ناوی هێنراوە..

هەروەها مادەم ئادەمیزاد لە هەموو لایەن و ڕووەکانی ئەم سەرزەوی‌یەی کە ئەم هەموو چییەتی و تایبەتکاری‌یانەی هەیە، فەرمانڕەوایە و، خاوەنی هەڵسوکەوتی سەربەخۆیە لە زۆربەی بەدیهێنراوانی ناو زەویدا و، زۆربەی زیندەوەرانیش بۆ خۆی ڕام و ژێربار دەکات و، زۆربەی بەدیهێنراوانی ناویشی وا لێ دەکات کە بەپێی پێوەر و ئارەزووەکانی و بە گوێرەی پێداویستی‌یە سروشتی‌یەکانی مرۆڤ هەڵسوکەوت بکەن و بە دەوریدا هەڵبسووڕێن و مرۆڤ ڕێکیان بخات و ئارایشتیان بدات و بیانخاتە پێش چاوان و، جۆرە سەرسووڕهێنەرەکانی بەدیهاتووانی سەر ڕووی زەویش وەها ڕێك بخات کە نەك تەنها سەرنجی جینني و مرۆڤ بەڵکو سەرنجی هەموو دانیشتووانی ئاسمانەکان و تێکڕای گەردوون و تەنانەت خاوەنی گەردوونیش ڕابکێشێت و، لەم ڕێیەوە - ئەم ئادەمیزادە - ڕێز و تەقدیری شایانی خۆی لەوانەوە دەست کەوت و، لەم ڕووەشەوە گرنگی‌یەکی مەزن و نرخێکی باڵای پەیدا کرد و، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەمەوە و بەو زانست و کارامەییەی کە هەیەتی، دەری خست مەبەست لە بەدیهێنانی بوونەوەراندا تەنها ئەوە و، هەر ئەویش ئەنجامی مەزن و بەری بەنرخی درەختی بوونەوەرانە..

ئەمەشت بەلاوە سەیر نەبێت! چونکە تەنها مرۆڤە کە بەرپرسی ئاوەدانکردنەوەی زەوی‌یە.

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ سنعەتە بێ وێنەکانی بەدیهێنەر بە چەشنێکی جوانی سەرنج ڕاکێش لەم دنیایەدا ڕێك دەخات و دەیانخاتە ڕوو، ئەوا سزای سەرپێچی و کافری‌یەکەی خراوەتە ئەودنیا و، مۆڵەت دراوە لەم دنیادا بژی، تاکو ئەم ئەرکەی سەرشانی بە چەشنێکی سەرکەوتووانە ڕابپەڕێنێت.

هەروەها مادەم ئەم ئادەمیزادەی کە ئەم چییەتی و تایبەتکارییانەی لە سروشتدا دروست کراوە و، لەگەڵ لاوازییە هەرە بەتین و توندەکەشیدا چەندین پێداویستیی بێ سنوور و، لەگەڵ کۆڵەواریی هەرە تەواویشیدا چەندین ئازاری لەژمارەبەدەری هەیە..

مادەم ئەم مرۆڤە پەروەردگارێکی ئەوەندە بەتوانای هەیە کە خاوەنی توانست و میهرەبانییەکی ڕەهای وایە ئەم زەوییە زەبەلاح و یەکجار مەزنە بکات بە گەنجینەیەکی گەورەی جۆرەهای ئەو کانزایانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیان دەبێت و، کۆگای ئازووقەی هەموو جۆرە خواردەمەنییە پێویستەکان و، بازاڕ و دوکانی ئەو سەروەت و سامانە جۆراوجۆرانەی کە حەزی لێیانە ..

مادەم ئەم خواوەندە بە چاوی عینایەت و میهرەبانییەوە بۆ مرۆڤ دەڕوانێت و، پەروەردەی دەکات و، داخوازییەکانی بۆ دەهێنێتەدی..

هەروەها مادەم پەروەردگاری مەزن - وەك لەم ڕاستییەوە دەردەکەوێت - مرۆڤی خۆشدەوێت و، خۆی لە لا خۆشەویست دەکات و، خۆیشی هەمیشەییە و چەندین جیهانی بەردەوام و هەتاهەتاییشی هەیە و، کاروبارەکانی بەپێی دادگەری و بە گوێرەی دانایی خۆی ئەنجام دەدات و، مەزنیی دەستەڵاتداری و هەمیشەیی فەرمانڕەوایی ئەم بەدیهێنەرە ئەزەلییە لەم دنیا تەسکەدا و لە تەمەنی هەرە کورتی مرۆڤ و تەمەنی ئەم زەوییە فانی و کاتییەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئەو ستەم و تاوانانەی مرۆڤ دەیانکات و ئەو ئینکاری و سەرپێچی و کوفرانەی بەرامبەر بە خواوەندی خۆی دەیاننوێنێت (ئەو خواوەندەی کە نیعمەتی بەسەردا باراندووە و بە میهرەبانی و شەفەقەتێکی تەواو پێیگەیاندووە) هەموو تاوانەکانی ئەم مرۆڤە، لەم دنیایەدا بێ تۆڵە دەمێننەوە، دیارە ئەمەش دژ و پێچەوانەی ئەو ڕێسا ڕێکەی ناو

گەردوونە و، پێچەوانەی دادگەری و هاوسەنگیی بێگەرد و تەواوی ناویەتی. چونکە ستەمکاری بێ ویژدان و بێ بەزەیی، ژیانی بەخۆشی دەباتەسەر، بـەڵام بابای ستەم لێکراوی بەدبەخت، ژیانی بە کولەمەرگی لـێ دەگوزەرێت..

بێ هیچ گومانێك ڕاستی و ماهییەتی ئەو دادگەرییە ڕەهایەی ئەو، کە شوێنەواری لە بوونەوەراندا دەبینرێت، هەرگیزاوهەرگیز ڕازی نابێت بەوەی ستەمکار و ستەم لێکراو، کە لـە مردنـدا یەکسـانن، زینـدوو نەکرێنـەوە و لـێپرسینەوەیان نەیەتە ڕێ..

هەروەهـا مـادەم خـوای گەورەی خاوەنی مولکی دنیـا و قیامـەت، لـەناو گەردووندا زەوی و، لەناو زەویشـدا مرۆڤـی هـەڵبژاردووە و، پایـە و ڕێزێکـی بەرز و بایەخ و گرنگییەکی باڵای داوەتێ.. لە نێوان مرۆڤیشدا پێغەمبەران و ئـەولیا و پیاوچاکـانی هـەڵبژاردووە، ئەوانـەی کـە لەگـەڵ مەبەسـتەکانی پەروەردگاردا گونجاون و، بە ئیمان و گوێڕایـەڵی خۆیـان لـە لا خۆشەویسـت کردووە و، خوای گەورەش ئەوانی هەڵبژاردووە بـە ئـەولیا و خۆشەویسـت و قسـە لەگەڵ کراوانـی خـۆی و، بـە موعجیزات و یارمـەتی لـە کاروباریانـدا ڕێزی لـێ ناون و بە زللە ئاسمانییەکانیش دوژمنانی ئەوانی تـەمێ کـردووە و، لە نێـوان ئـەو خۆشەویستانەشدا ئـەو کەسـەی هـەڵبژاردووە کـە پێشـەوا و مایـەی شـانازی و سـەربەرزییانە، کـە حـەزرەتی محەمـەدە ﷺ و، نیـوەی بـە کـەڵکی گـۆی زەوی و، پێـنج یـەکی بـە بایـەخی گـرۆی مرۆڤـی لـە مـاوەی چەندین سـەدەی دوور و درێژدا بـە نووری ئـەو ڕوونـاك کردووەتـەوە، بـە چەشـنێ کـە دەڵێی بوونـەوەران لەبـەر ڕێزنـان لـەو بـەدی هێـنراون، چونکـە بەهۆی ئەو خۆشەویستەوە و بە بۆنەی ئەو ئایینەی کـە هێنـای و ئـەو قورئانـەی بۆی نازڵ کرا، ئامانج و مەبەستی بەدیهێنان دەرکەوت و ئاشکرا بوو.

جـا هەرچـەندە ئـەم پێغەمبـەرە ﷺ شـایانی ئەوەیـە کـە بەرامبـەر خزمەتگوزاری‌یـە مـەزن و لـە ژمـارە و سـنووربەدەرەکانی بـە تەمـەنێکی درێژخایـەن و شایانی خۆی پاداشـت بدرێتـەوە، کـەچی تەمـەنێکی کـەمی شەست و سێ سالیی پڕ ئەشکەنجە و ئازاری پێ بڕا!

جا ئایا هەرگیز دەگونجێ و دەچێتـە عەقلـەوە، یـان هیـچ گریمـانێك لـەوەدا هەیە کە ئەو پێغەمبەرە و هاوڕێنـە و خۆشەویستانی ئـەو، زینـدوو نەکرێنـەوە و ئەو پێغەمبەرە هەر ئێستا بە ڕۆح زیندوو نەبێت و، هەر بـە تـەواوی تیـابچێت و بە نەمان کۆتایی پێ بێت؟

نەخێر.. هەزار هەزار جار نەخێر..

بەڵێ، گەردوون و هەموو ڕاستی‌یەکانی جیـهان، زیندووبوونـەوە و ژیـانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ لە خاوەنی گەردوون داوا دەکەن..

پەیامی "الآیة الکبری" کـە تیشـکی حەوتەمـە، بـە سـی و سێ یـەکدەنگیی مەزن، کە هەریەکەیان بە چەشنی سەختیی چیـای بـەرز و مـەزن بەڵگـەکانیان بەهێز و چەسپاوە، چەسـپاندوویەتی کە ئەم گـەردوونە تەنـها لـە دەسـتی یـەك کەسـەوە دەرچووە و دروست کـراوە و، تەنـها موڵکـی خوایـەکی تـاك و تەنیایە.

ئەو پەیامە بەو بەڵگانەی خۆی "تەوحید"ی دەرخست و بە ئاشکرا ئـەوەی گەیاند کە "تەوحید" جەمسـەری کـەماڵی خواوەنـدە و، ڕوونـی کـردەوە کـە بەهۆی "تاك و تەنیایی"یەوە هەموو گەردوون وەك چەند سەربازێکی ئامادە و لەسـەرپێ و فەرمانبـەرداری گوێڕایـەڵیان لـێ دێـت بۆ ئـەو خواوەنـدە تـاك و تەنیایە.

ئـەو پەیامـە ئەوەشـی ڕوون کردووەتـەوە کـە بـە هـاتنی قیامـەت کـەماڵاتی خواوەند دێنەدی و، دادگەریی ڕاستەقینەی ئەو زاڵ دەبێت و لە تۆمـەتی ستەم

ڕزگاری دەبێت و، دانستە گشتی‌یەکەشی لە گاڵتەجاڕی و بێ مەبەستی و هەرزەیی دەپارێزێت و، میهرەبانی‌یە فراوانەکەشی مەودای خۆی وەردەگرێت و لە ناو و ناتۆرەی "ئازاردان" دەرباز دەبێت و، بەرزی و توانستە ڕەهاکانیشی دەردەکەون و لە چنگی کۆڵەواری قوتار دەکرێن و، هەموو یەکێ لە سیفەتە بێگەردەکانی بە خاوێنی و مەزنی دەردەکەون و ئاشکرا دەبن.

کەواتە.. هەرگیزاوهەرگیز هیچ گومانێك لەوەدا نی‌یە کە قیامەت بەرپا دەبێت و، حەشر و نشوور دێتەکایەوە و، دەرگاکانی خانەی تۆڵە و پاداشت دەکرێنەوە. ئەمەش بەپێی داخوازیی ئەم هەشت بڕگانەی پێشوو کە بە "مادەم" دەستیان پێ کرد و، کە هەریەکەیان مەسەلەیەکی ناسك و سەرنجێکی پڕ لە واتای وردن و لە نێوان سەدان سەرنجی وردی "ئیمان بە خوا"دا هێنراون.

بۆ ئەوەش قیامەت بەرپا دەبێت، تاکو:

گرنگی و جەمسەربوونی زەوی و، پایە و ڕێزی مرۆڤ بێنەدی و، دادگەری و میهرەبانی و دەستەڵاتی بەدیهێنەر و پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی دەربکەون و، ئەولیا و خۆشەویستە ڕاستەقینە و تاسەمەندەکانی خواوەندی پەروەردگاری هەمیشەیی لە نەمان و تیاچوونی هەمیشەیی ڕزگاریان ببێت و، مرۆڤە مەزن و خۆشەویست و هەرە بەڕێزەکەیشیان پاداشتی کردەوەکانی و ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاری‌یە مەزنانەی خۆی ببینێت کە بوونەوەرانی منەتبار و ڕەزامەند کردووە..

هەروەها بۆ ئەوەش کە کەماڵ و تەواویی پادشای هەمیشەیی لە قسوور و ناتەواوی و، توانستەکەی لە کۆڵەواری و، داناییەکەیشی لە نەفامی و،

دادگەریەکەشی لە ستەم بپارێزن و بە پاکی و بێگەردی و خاوێنی ڕاگیر بکرێن.

بە پوختی:

مادەم خوا هەیە، ئەوا دواڕۆژ و قیامەت هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە!

* * *

ئنجا هەروەك ئەم سێ پایە ئیمانی‌یانەی پێشوو، بە هەموو بەڵگەکانیانەوە "حەشر" دەچەسپێنن و شایەتیی لەسەر دەدەن.. بە هەمان جۆر دوو پایەکانی تری ئیمانیش کە "ئیمان بە مەلائیکەت و قەدەر"ن، حەشر دەچەسپێنن و دەبن بە بەڵگە و شایەتی‌یەکی بەهێز لەسەر هاتنی جیهانی هەمیشەیی. ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

هەموو ئەو بەڵگە و بینین و گفتوگۆیانەی کە بەڵگەن لەسەر بوون و کار و فرمانی مەلائیکەتەکان، بەڵگەیشن لەسەر جیهانەکانی ڕۆح و غەیب و جیهانی هەمیشەیی و قیامەت و خانەی بەختەوەری و بەهەشت و دۆزەخ کە بە جینني و ئادەمیزاد ئاوەدان دەکرێنەوە..

چونکە "مەلائیکەت" بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە دەتوانن بڕۆنە ناو ئەو جیهانانە و بیانبینن. خۆ مەلائیکەتە نزیکەکانی دیوانی خواوەند - وەك حەزرەتی جیبریل، درووودی لەسەر بێت، کە لەگەڵ مرۆڤدا موقابەلە و گفتوگۆی کردووە - بە یەکدەنگ هەواڵی بوونی ئەو جیهانە ناوبراوانە و هاتوچۆیان تیایاندا، ڕادەگەیەنن.

هەروەك لە قسەی ئەوانەی کە لە ئەمریکاوە هاتوونەتەوە، دەزانین کیشوەری ئەمریکا هەیە، هەرچەندەش خۆمان نەماندیوە.. بە هەمان جۆر، ئەو شتانەش بێ گومان و جێی باوەڕن و لە هێزی تەواتوردان، کە

مەلائیکەتان ڕایاندەگەیەنن، کە چەند هەواڵێکی سەبارەت بە جیهانی هەمیشەیی و دوارۆژ و بەهەشت و دۆزەخن، ئێمە بەو جۆرە، باوەڕ بەو هەواڵانە دەکەین و دەیانسەلمێنین.

* * *

هەروەها ئەو بەڵگانەش کە "ئیمان بە قەدەر" دەچەسپێنن، وەك لە پەیامی قەدەر (وتەی بیست و شەشەم)دا باس کراون، لە هەمان کاتدا بەڵگەشن لەسەر حەشر و خستنە ڕووی لاپەڕەی کردەوەکان و کێشانەیان لە بەردەم تەرازووی هەرە مەزندا..

چونکە تۆمار کردنی چارەنووسی هەموو شتێك لەسەر لەوحەکانی ڕێسا و تەرازوو، هەروەها نووسینی ڕووداوەکانی ژیانی هەموو زیندەوەرێك لە هێزە پارێزەرەکانی و، لەناوك و تۆوەکانی و، گشت لەوحە میسالیەکانیدا و، تەرخان کردنی دەفتەری تۆماری کردەوە بۆ هەموو گیانلەبەرێك، بە تایبەت مرۆڤ و، هەڵگرتن و تۆمار کردنی ئەو کردەوانە لە چەندین لەوحی پارێزراودا..

هەموو ئەم ئەندازەیەی "قەدەر" کە بە چاو دەیانبینین و هەموو شتێك دەگرنەوە و تەقدیرێکی پڕ لە دانایی و تۆمار کردنێکی یەکجار ورد و نووسینێکی پارێزکاری بە ئەمانەتن..

هەموو ئەمانە، تەنها لەبەر دادگایەکی مەزن و بۆ تۆڵە و پاداشتی هەمیشەیی ڕوو دەدەن. دەنا هیچ کەڵك و سوودێك لەو تۆمارکردنە گشتی و نووسینەی کە وردترین شت دەنووسێت و دەیپارێزێت، وەرناگیرێت.

چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا کارێکی دژی حەق و ڕاستی ڕوو دەدات. واتە ئەگەر حەشر نەبەتەدی، ئەوا هەرچی واتای ڕاستیی کتێبی گەردوون

هەن، کە بە قەڵەمی قەدەر نووسراون، هەموویان دەکوژێنەوە و نامێنن! ئەوەش هەرگیز ناگونجێ و هیچ گریمانێك بۆ ڕوودانی نی‌یە و تابلێی کارێکی مەحاڵە و، وەك ئینکاری کردنی ئەم بوونەوەرانە وایە، تەنانەت لە ورێنەیەك زیاتر نی‌یە.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

هەموو بەڵگەکانی پێنج پایەکانی تری ئیمان، لە هەمان کاتدا بەڵگەشن لەسەر هاتنەدیی حەشر و نشوور و، بوونی دوارۆژ و کردنەوەی دەرگاکانی، تەنانەت داخوازی دەبن و شایەتیی لەسەر دەدەن.

لەبەر ئەوە، کارێکی تابلێی گونجاوە و گەلێ جێی خۆیەتی کە سێ‌یەکی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی ڕەوان، لە بارەی حەشرەوە دەدوێت، چونکە حەشر دارای چەندین بەڵگە و بناغەی وەهایە کە هەرگیز جێیان لەق نابێت و، قورئان ئەم پایە ئیمانی‌یە دەکات بە پشتگیر و بناغەی هەموو ڕاستی‌یەکانی تری و، ئەو ڕاستی‌یانە لەسەر ئەو بەردە بناغەییانە ڕادەگیر دەکات.

(پێشەکی‌یەکە تەواو بوو)

* * *

مەقامی دووهەمی وتەی سیازدەهەم:

# سەرنجێکی یەکتاناسی لە وشەی: (هُوَ)دا

باسمه سبحانه

﴿وان من شيء الاّ يسبح بحمده﴾

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

برا ئازیز و بەوەفاکانم!

بە جۆرێکی کتوپڕی و لە گەشتێکی بیرەکی و ئەندێشەیی و، لە کاتی موتالاّ کردنی لاپەڕەی "هەوا" تەنها لە لایەنە ماددیەکەیدا، سەرنجێکی جوانی "یەکتایی"م لە وشەی "هُوَ"ی: ﴿لا إله إلاّ هو﴾ و ﴿قل هو الله أحد﴾دا بینی. لەم سەرنجەوە بۆم دەرکەوت کە ڕێی "ئیمان" ڕێیەکی ئەوەندە ئاسانە کە پێویستە بگیرێتە بەر، بەلاّم ڕێی "گومڕایی" و "هاوەڵ بڕیاردان" هێندە مەحاڵ و گیروگرفتی تێدایە کە هیچ کەسێك ناتوانێت بیگرێتە بەر.

وا بە ئاماژەیەکی یەکجار کورت، ئەو سەرنجە جوان و درێژ و فراوانە ڕوون دەکەمەوە:

بەڵێ، دەکرێ مشتێك گڵ (خاك) ببێت بە جێی سەوزبوونی سەدان گوڵ و ڕووەك، گەر یەك لە دوای یەك تیایدا بڕوێنرێن. جا ئەگەر ئەم کارە بە "سروشت" و "هۆکارەکان" بسپێررێت، ئەوا دەبێ سەدان، بگرە بە ئەندازەی ژمارەی گوڵەکان، کارگەی بچووك لەو مشتە گڵەدا بن.. یان هەریەك لە گەردیلەکانی ئەو مشتە گڵە بینا و پێکهاتن و تایبەتکاریی ئەو گوڵە

جۆراوجۆرانە و ئەندام و کۆئەندامە زیندەکانیان بزانێت، واتە خاوەنی زانستێکی گشتگیر و توانستێکی ڕەهای چەشنی زانست و توانستی خوای گەورە بێت!

"هەوا"یش کە یەکێکە لە عەرشەکانی فەرمان و ویستی خوای گەورە، بە هەمان جۆرە..

چونکە هەموو بەشێك لە بەشەکانی "هەوا" و "سروە" و "با" تەنانەت ئەو هەوایەی کە لە بەشێکی کەمی هەناسەی مرۆڤدایە کاتێ وشەی: "هُـوَ"ی لە زار دەردەچێت، چەندەها کار و فرمانی لەژمارەبەدەری لە ئەستۆدایە و هەموویشیان ئەنجام دەدات.

جا ئەگەر ئەم کار و فرمانانە بە "سروشت" و "ڕێکەوت" و "هۆکارەکان"ی بسپێررێت، ئەوا دەبێ ئەو هەوایە یان چەندەها مەڵبەندی پەخش و وەرگرتنی بچووکی تێدا بێت بۆ هەرچی دەنگ و گفتوگۆی برووسکە و تەلەفۆن و ڕادیۆ و هەرچی جۆری دەنگی قسە و گفتوگۆ لەژمارەبەدەرەکانی دنیا هەن و، بیشتوانێت لە یەك کاتدا هەموو ئەو کار و فرمانانە جێبەجێ بکات..

یان ئەو کەمە هەوایەی کە لە وشەی "هُوَ" و گشت تەنۆلکە و بەشێك لە بەشەکانی و هەموو یەکێ لە گەردیلەکانیدا هەیە، بە ئەندازەی ژمارەی هەموو ئەوانەی کە لە تەلەفۆندا قسە دەکەن و برووسکە جۆراوجۆرەکان لێ دەدەن و بە ڕادیۆکان وتە و گوفتاریان بڵاو دەکەنەوە، بەو ئەندازەیە خاوەنی کەسێتیی مەعنەوی و توانا و قابیلییەت بن و، ئنجا زمان و لەهجەی یەك بە یەکیان بزانن و لە هەمان کاتیشدا ئەو زمان و لەهجانە فێری گەردیلەکانی تریش بکەن تاکو ئەو وتانە بڵاو بکەنەوە و بیانگەیەنن!!

چونکە بەشێکی ئەم حاڵەمان لە بەردەمدایە و بە چاو دەیبینین و، هەموو تەنۆلکە و بەشەکانی هەوا خاوەنی ئەو توانا و لێهاتن و قابیلییەتەن.

کەواتە نەك تەنها یەك دانە مەحاڵ، بەڵکو بە ئەندازەی ژمارەی گەردیلەکانی "هەوا" مەحاڵ و گیروگرفتی لەژمارەبەدەر لە ڕێی کوفری ماددیی‌یە سروشتیی‌یەکاندا هەیە!

بەڵام ئەگەر ئەم کارە بە دەستی بەدیهێنەری مەزن بسپێررێت، ئەوا ئەو هەوایە و هەموو گەردیلەکانی دەبن بە سەربازی گوێڕایەڵ و چاوەڕێی وەرگرتنی فەرمان..

ئیتر ئەو کاتە هەموو گەردیلەکانی هەوا، بە ئیزن و هێزی بەدیهێنەریان و، بە بۆنەی نیسبەتیان بۆ لای و پشت بەستنیان پێی و، بەهۆی درەوشانەوەی کتوپڕیی هەورە تریشقە ئاسا و یەك لە دوای یەکی توانستی ئەو بەدیهێنەرەیان و، بەوپەڕی ئاسانیی چەشنی ئەوەی کە یەك گەردیلەیان تەنها یەك دانە لە فرمانەکانی جێبەجێ بکات و، وەك ئاسانیی وتنی وشەی "هُوَ" و هاتوچۆی هەوا لەو وشەیەدا.. ئەو هەوایە و هەموو گەردیلەکانی، بەو ڕادە و ئەندازەیە سەرجەم کار و فرمانە هەمەکی و جۆراوجۆرە لەژمارەبەدەرەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

واتە ئەو کاتە "هەوا" دەبێت بە لاپەڕەیەکی فراوان بۆ نووسینە ڕێك و ناوازە و لەژمارەبەدەرەکانی قەڵەمی توانستی خوای گەورە و، گەردیلەکانیش دەبن بە نووکی ئەو قەڵەمە و، کاروفرمانی گەردیلەکانیش دەبن بە نوختەی نووسینەکانی قەڵەمی توانستی خواوەند. لەبەر ئەوە، ئەنجامدانی هەموو کارەکانیان بە ئەندازەی ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی تەنها یەك دانە گەردیلەیان ئاسان دەبێت.

ئەم ڕاستی‌یەم بە تەواوی و ڕوونی و بە "عین الیقین" چاو پێکەوت، کاتێ لە گەشتە فیکری‌یەکەمدا سەیر و موتالای جیهان و لاپەڕەی هەوام دەکرد و، بیرم لە ﴿لا إله إلاّ هو﴾ و ﴿قل هو الله أحد﴾ دەکردەوە.

هەروەها بە "علم الیقین" زانیم کە بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر "یەکتایی" خوای گەورە هەیە لەو نەختە هەوایەی کە تێکەڵی وشەی "هُــوَ" دەبێت، هەروەك لە واتا و ئامـاژەی وشەی "هُوَ"دا درەوشانەوەیەکی "تـەنیایی" خواوەند لەوپەڕی ڕووناکی‌دا و، بەڵگەیەکی "یەکتایی" لەوپـەڕی بەهێزی‌دا هەیە. چونکە نیشانەی: ئاماژەی ڕەها و نەزانراو لە ڕاناو(ضمیر)ی "هُــوَ"دا هەیە. واتە: ئایا ئەو "هُوَ"یە بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟

ئیتر ئەو کاتە تێگەیشتم کە بۆچی قورئانی پیرۆز و زیکرخوێنان لە مەقامی "یەکتاناسی"دا ئەم وشەیە دووپات دەکەنەوە.

بەڵێ، ئەگەر کەسێك بیەوێت یەك "خاڵ" لە شوێنێکی تایبەتیی پەڕەکاغەزێکی سپیدا دابنێت، دەتوانێت بەوپەڕی ئاسانی ئەم کارەی ئەنجام بدات..

بەڵام ئەگەر داوای لێ بکرێت لە یەك کاتدا چەندین "خاڵ" لە چەند جێیەکی جیا جیادا دابنێت، ئەوا کارەکە ئاڵۆزی و گیروگرفتی تێ دەکەوێت و بۆی ئەنجام نادرێت.

کەچی دەبینین زیندەوەرێکی بچووك لە تەنها یەك کاتدا کۆڵی قورسی چەندین کاروباری جیاجیا هەڵدەگرێت، کە دەبوو بەمە ڕێساکەی تێکەڵ و پێکەڵ ببوایە و، لەگەڵ هاتنەدەرەوەی چەندین وشەی زۆر لە یەك کاتدا و ڕۆیشتنیان بە یەکەوە بۆ ناو گوێکان، ئەو ڕێسایە پەرش و بڵاو و پەرتەوازە ببوایە..

بەڵام من بە "عین الیقین" و بە بەڵگەی وشەی "هُــوَ" کە بوو بە کلیل و قیبلەنمایەك بۆم، بینیم کە هەزاران خاڵ و پیت و وشەی جۆراوجۆر لەسەر هەموو بەشێك لە بەشەکانی هەوا - کە بە بیر گەشتی تێدا دەکەم - دادەنرێن، یاخود دەکرێ تیایاندا دابنرێن. تەنانەت دەگونجێ هەموو ئەمانە لە ئەستۆی تەنها یەك گەردیلە دابنرێن، بێ ئەوەی هیچ تێکەڵی و تێهەڵکێش بوون و ڕێسا تێکچوونێك ڕووبدات.

دەبێ ئەوەش بزانین کە جگە لەم کارانەی باسمان کردن، ئەم گەردیلەیەی هەوا چەندین کار و ئەرکی زۆری تریش لە هەمان کاتدا ئەنجام دەدات و هیچ کاریگەریی لێ تێك ناچێت و، چەندەها کۆڵی قورسی لەسەر شان دادەنرێت بێ ئەوەی هیچ جۆرە لاوازی و تەمبەڵییەك دەربیڕێت..

ئەوەتا هەمیشە ڕێسای خۆی دەپارێزێت و هەرگیز نابینین لە ئەنجامدانی کار و ئەرکە جۆراوجۆرەکانی سەرشانیدا کەمتەرخەمی بنوێنێت، چونکە هەزاران هەزار وشە و دەنگی جیاجیا و جۆراوجۆر دەڕۆنە ناو ئەو گەردیلانەوە و بە هەمان جۆریش لێیان دەچنە دەرەوە، بێ ئەوەی تێکەڵی یەکتر ببن و سەر لە یەکتر تێك بدەن. وەك بڵێی ئەو گەردیلانە خاوەنی چەندین گوێی بیسەری بچووکی بە ئەندازەی خۆیان بن و، گەلێ زمانی وردی بچووکیان ببێت کە لەگەڵ خۆیاندا لەبار و شیاو بن و، لەو ڕێیەوە ئەو وشانە بچنە ناو ئەو گوێیانەوە و لەو زمانە وردانەشەوە دەربچن.

سەرەڕای ئەم هەموو کاروبارە سەیرانەش، هەموو گەردیلەیەك و هەموو بەشێك لە بەشەکانی "هەوا" بەوپەڕی سەربەستی دەجووڵێن و، بە زمانی حاڵ و لە کاتی کەیف و شادیی (جەزبە و حاڵ)دا زیکری بەدیهێنەری خۆیان دەکەن و بە زمان و شایەتیدانی ئەو ڕاستییەی ئێستا باسمان کرد و پڕ بە دەم: ﴿لا إلە إلاّ هو﴾ و ﴿قل هو الله أحد﴾ دەڵێن.

خۆ کاتێ کە زریان و ڕەشەبای سەخت هەڵدەکات و، هەور نەعرەتەی لێ دەبێتەوە و، ئاسمانیش بە ڕووناکیی هەورە برووسکە دەدرەوشێتەوە.. ئا لەو کاتەدا ڕەوتی هەوا دەگۆڕێت و دەبێ بە چەندەها شەپۆلی تێکەڵوپێکەڵ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا و بە هیچ جۆرێك ڕێسای گەردیلەکان لە کاتی ئەنجامدانی کاروبارەکانیاندا تێك ناچێت و هیچ کارێك ڕێی جێبەجێ کردنی کارێکی تری لێ ناگرێت!!

ئەم ڕاستییەم بە "عین الیقین" بینی.

کەواتە دەبێ (گەر کاری هەوا بە سروشت و هۆکارەکان بسپێررێت) هەموو گەردیلەیەك و هەموو بەشێك لە بەشەکانی "هەوا" خاوەنی زانست و دانست و ویست و هێزی ڕەها بێت و، توانا و دەستەڵاتی تەواوی بەسەر گشت گەردیلەکاندا هەبێت، تاکو بتوانێت ئەو هەموو کار و فرمانە جۆراوجۆرانە بە تەواوی جێبەجێ بکات!!

خۆ دیارە ئەمەش بە ئەندازەی ژمارەی گەردیلەکان بەتاڵ و مەحاڵ و نەگونجاوە و، تەنانەت هیچ شەیتانێکیش شتی وای لە دەم دەرناچێت.

کەواتە شتێکی ئەوپەڕی ڕوون و ئاشکرا و بەڵگەنەویستە و، تەنانەت بە "حق الیقین" و "عین الیقین" و "علم الیقین" دەزانرێت کە:

ئەم لاپەڕەیەی "هەوا" لاپەڕەیەکی بگۆڕە و، بەدیهێنەر بەپێی زانستی ڕەها و بە قەڵەمی توانست و قەدەری خۆی، چیی بوێت تیایدا دەنووسێت و، بەوپەڕی داناییەوە قەڵەمی خۆی تێدا تاو دەدات.. هەوا لاپەڕەیەکە وەك لەوحێکی کوژانەوە و تیانووسین(لوح المحو والإثبات) وایە بۆ کاروبارە نووسراوەکانی ناو: "لوح المحفوظ" لەناو جیهانی پڕ لە ئاڵوگۆڕی دنیادا.

هەروەك "هـەوا" بـەم کاروبـارە سەرسـووڕهێنەرانەی بـاس کـران بەڵگەیـە لەسەر درەوشانەوەی "یەکتایی" خوای گەورە لە کاتی ئەنجامدانی تەنـها یـەك دانە ئەرکی سەرشـانیدا کـە گواستنەوەی دەنگەکانـە و، لـە هـەمان کاتیشـدا مەحاڵە لەژمارەبەدەرەکانی "ڕێی گومڕایی" ڕوون دەکاتەوە..

هـەروەك هــەوا ئـەم کارانــە ئـەنجام دەدات، لــە هـەمان کـاتدا چـەندین کاروبـاری لەوپـەڕی گرنگی و ڕێکوپێکیـدا و بێ هیـچ تێکـەڵ بـوون و لــێ تێکچوونێکیـش جێبەجێ دەکـات، وەك: گواستنەوەی مـاددە ناسـکەکانی چەشنی کارەبا و بکێش و پاڵنەر(الجاذبة والدافعــة) و ڕووناکی.. لـە هەمـان کاتیشــدا دەڕواتە ناو ڕووەك و گیاندارەکانیشەوە لە ڕێـی هەناسـەدانیانەوە و لەوێیش بەوپەڕی وردی و ڕێکوپێکی چەندین کاری سەبارەت بـە ژیـانی ئـەو ڕووەك و زیندەوەرانە جێبەجێ دەکات.. هـەروەها لـە هـەمان کـاتدا ئـەرکی پیتاندنی ڕووەك دەخاتە ئەستۆیەوە و.. چەندەها کـار و فرمـانی تـری بنـەڕەتیی وەك ئەمانە ئەنجام دەدات.

ئەمانە بە دڵنیاییەکی تەواوەتی دەیچەسپێنن کـە "هـەوا" عەرشـێکی مـەزنی وەهایە بە فـەرمان و ویسـتی مـەزنی خـوای گـەورە دەجووڵـێتەوە و، بـە "عـین الیقین" دەیچەسپێنێت کە هەرگیزاو هەرگیز هیچ گریمانێك لە کایەدا نییە بۆ ئـەوەی "ڕێکـەوتی کتوکوێر" و "هۆکـارە بەرەڵا" و "مـاددە کۆڵـەوار و بـێ گیـان و بێ ژیانـەکان" دەسـتیان لـەو نووسـینە بێ وێنەیـەی ئـەو لاپەڕەیـەی "هەوا" و لە ئەنجامدانی کارەکانیدا هەبێت..

بەمەی پێشـوو، تا ڕادەی "عین الیقین" قەناعەتی تەواوم پەیدا کرد و زانیـم کە: هەموو یەکێك لە گەردیلەکانی هەوا، بـە زمـانی حـاڵی خۆیـان، هـەردەم ﴿قل هو الله أحد﴾ و ﴿لا إله إلاّ هو﴾ دەڵێنەوە!

هەروەك بەم کلیلە - واتە کلیلی: "هُوَ" - ئەم هەموو کاروبارە سەیرانەم تەنها لە ڕووە ماددی‌یەکەی هەوادا بینی، تێکڕای توخمی هەوایش بە گشتی لە بەرچاومدا وەك وشەی "هُوَ"ی لێ هات و، بوو بە کلیلێك بۆ جیهانی مەعنا و میسال..

چونکە بۆم دەرکەوت کە جیهانی میسال[1] وەك کامێرایەکی یەکجار مەزن وایە، لە یەك کاتدا چەندەها وێنەی لەژمارەبەدەری هەرچی ڕووداوی دنیا هەیە دەگرێت، بێ ئەوەی ئەو وێنانە تێکەڵی یەکتر ببن، یان تێکبچن و بئاڵۆزێن. بە ڕادەیەك کە ئەم جیهانی میسالە چەندین دیمەنی مەزن و فراوانی دواڕۆژی بە ئەندازەی هەزاران دنیای تێدا کۆ بووەتەوە، کە چەندین بارودۆخی فانیی چەند بوونەوەرێکی "فانی" و بەرهەمی ژیانی کاتیی ئەوان لە چەندین دیمەن و تابلۆی نەمر و بەردەوام و لە بەردەم ئەهلی بەهەشت و بەختەوەریی هەمیشەیی و لە چەندەها پیشانگای هەتاهەتاییدا، پیشان دەدات. بەم کارەش ڕووداوەکانی دنیا و یادداشتە جوانەکانی ڕابوردوویان یاد دەخاتەوە.

بەڵگەی بێ گومانیش لەسەر بوونی "لوح المحفوظ" و جیهانی میسال و نموونەی بچووکی ئەم دوانە: هێزی پارێزکاری ناو کەللەسەری مرۆڤ و توانای ئەندێشەیەتی..

چونکە هەرچەند ئەم دوانە ئەوەندە بچووکن جێی تۆوە خەرتەلەیەکیش ناگرن، کەچی کارەکانیان بە تەواوی و بێ تێکەڵ بوون و لێ تێکچوون و، بەوپەڕی وردەکاری و ڕێکی جێبەجێ دەکەن، بە ڕادەیەك کە دەڵێی هەریەکەیان کتێبخانەیەکی پڕ لە زانیاری و بەڵگەنامەیان تێدایە.

---

(۱) لێرەدا بە کورتی باس کرا، چونکە بارودۆخی دەوروبەرمان دەرفەتم نادات لەگەڵ بەڵگە گومانبڕەکانیدا ڕوونی بکەمەوە. (دانەر)

ئەمەش بۆمان دەچەسپێنێت کە ئەم دوو هێزەی مرۆڤ، دوو نموونەی بچووکی "لوح المحفوظ" و "جیهانی میسال"ن.

بەم جۆرە و بە "علم الیقین" زانرا کە:

"هەوا" و "ئاو" بە تایبەت شلەی "مەنی"، کە دوو توخمی ئەوتۆن گەلێ زیاتر لە گڵ(خاك) دەبن بە بەڵگە لەسەر بوونی خوای گەورە (وەك لە سەرەتای ئەم بابەتەوە باس کرا).. زانرا کە ئەم دوانە دوو لاپەڕەی فراوانن قەڵەمی توانست و دانست نووسینێکی دانایانە و ڕەوانیان تێدا دەنووسن و.. ویست و، قەڵەمی قەدەر و، توانستی خواوەندیش تیایاندا دەگەڕێن و دێن و دەڕۆن.

ئیتر دەست تێوەردانی "ڕێکەوت" و "هێزی کتوکوێر" و "سروشت"ی کەڕ و "هۆکار"ە بەربادە بێ گیانەکان لەو نووسینە پڕ لە داناییەدا، کارێکی سەد لە سەد مەحاڵ و نەشیاو و نەگونجاوە.

(پاشماوەی ئەم باسە لە کاتی ئێستادا نەنووسرا)!

هەزار هەزار سڵاو بۆ هەموان

مەقامی دووهەمی وتەی حەڤدەهەم[1]:

## سکالا بەلایە

کاکی داماوی بێ چارەا واز لە سکالا و هاوار بهێنە و، پشت بە خوای گەورەی خۆت ببەستە..

چونکە سکالا - خۆی لە خۆیدا - بەلایەکی ئاوێتەی بەلایە و گوناهێکە لە دووتوێی گوناهباریدا.

* * *

ئەگەر بە بۆنەی ئەم بەلایەتەوە "بەلابەخش" بناسیت و بیدۆزیتەوە، ئەوا بەلاکەت لە ڕاستیدا دەبێت بە بەخششێکی مەزن و سەفایەکی یەکجار زۆر.

کەواتە واز لە سکالا بهێنە و، قازانجی شوکرانەبژێری دەستی خۆت بخە، چونکە زەردەخەنەی گوڵ لە شەوقی ڕووی: "بولبولی عاشقیەتی"!

* * *

ئەوەتا دنیاکەت - بە بێ خواناسی - سەرانسەر ئازارە و هەردەم ڕوو لە نەمانە.

---

(١) ئەم بڕگانەی مەقامی دووهەم لە شیعر دەچن، بەلام شیعر نین و مەبەستی هۆنینەوەیان تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو تەواوی هۆنینی ڕاستییەکانی، وای لێ کردووە شێوەیەکی هۆنراو بگرنە خۆیان. (دانەر)

ئێمەش لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ کوردی، بە وێنەی چاپە عەرەبییەکە، تەنها ناوەڕۆکمان ڕەچاو کردووە. (وەرگێڕ)

کەواتە وەرە لەم بەڵایەدا پشت بە خوا ببەستە..

بۆچی بەم جۆرە لە دەست بەڵایەکی بچووك هاوار دەکەیت، کە لە هەمان کاتدا پڕ بە دنیا کۆڵی بەڵات لەسەر شانە؟!

* * *

زەردەخەنەی "تەوەککول" لە ڕووی بەڵادا بنوێنە، با ئەویش بە پێکەنین بەرەو ڕووت بێتەوە..

چونکە هەتا ئەو لە پێکەنیندا بێت، ئەوا هێدی هێدی بچووك دەبێتەوە، تا بە تەواوی نامێنێت.

* * *

کاکی لەخۆبایی!

بزانە کە بەختەوەریی "دنیا" لەوەدایە وازی لێ بهێنرێت!

گەر باوەڕت بە خوا هەیە، ئەوا تەنها ئەوت بەسە، با واز لە هەموو دنیایش بهێنیت، چونکە ئەو کاتە هەموو شتێکت لەگەڵدا دەبێت.

* * *

خۆ ئەگەر لە خۆیشت ڕازی بیت، ئەوا تیادەچیت و، هەر کارێکیش بکەیت، هەموو شتێك لە دژت ڕادەوەستێت.

کەواتە لە هەردوو حاڵەکەدا - چار نی‌یە - دەبێ دەستی لێ هەڵبگریت.

* * *

وازهێنانیش لە دنیا بریتی‌یە لەوەی کە بزانیت دنیا موڵکی خوایە و، دەبێ بە ڕوخسەت و ناوی خۆیەوە بۆی بڕوانرێت.

ئەگەر بازرگانی‌یەکی قازانج بەخشت دەوێت، ئەوا لەوەدایە کە ئەم تەمەنە فانی و تیاچووەت بە تەمەنێکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی بگۆڕیتەوە.

* * *

خۆ ئەگەر هەوا و ئارەزووەکانی دەروونیشت دەوێت، ئەوا بزانە ئەو ئارەزووانە، لەناودەچن و بێ نرخ و لاوازن.

گەر چاو بە ئاسۆکانی دەرەوەی خۆیشتدا دەگێڕیت، ئەوا بزانە کە هەر هەموویان مۆری فەنایان لەسەر نەخشاوە.

* * *

کەواتە دنیا شایانی کڕین نی‌یە! چونکە کەرەسەکانی ناو ئەم بازارە تێکڕا ساختە و قەڵبن!

لەبەر ئەوە، تۆیش دەستی لێ دابشۆ و هیچی لێ مەکڕە و تەنها بە ناویدا گوزەر بکە. چونکە کەرەسەی ڕەسەن بۆ ماوەی دوای دنیا ئامادە کراوە!

مەقامی دووهەمی وتەی حەڤدەهەم:

## نامۆیانی سەرسامی

(لەسەر چلەپۆپەی درەختــی "شـاتوو"ی بـە پـت و پیرۆزدا سەعیدی کۆن ئەم ڕاستییانەی بە زمانی سەعیدی نوێ باس کرد)

لەم گفتوگۆیەدا ڕووی دەمی قسەم لە "ضیاء پاشا"[1] نییە، بەڵکو لەگەڵ هەموو شەیدایانی ئەورووپا دەدوێم.

قسەکەریش "دەروون"م نییە، بەڵکو "دڵ"مە کە قوتابیی قورئانە.

* * *

وتەکانی پێشوو هەموویان ڕاستین، نەکـەی سـەرت لـێ تێکبچێـت و سنووریان بشکێنیت.

لە ڕێ لامەدە و، گوێ بۆ بیری بیانی ڕامـەگرە، چونکـە ئـەو بیرەی ئـەوان گومڕاییە و پەشیمانیی لەدوایە.

* * *

ئایا نابینی کامەی لە هەموان زیاتر بیری فراوانـە و بینـایی تیژتـرە، هەمیشـە لە سەرگەردانیدا دەڵێ:

---

(١) ضیاء پاشا: شاعیرێکی تورکە لە نێوان سـاڵەکانی (١٨٢٥ز-١٨٨٠ز)دا ژیـاوە و، یەکێکە لە هەواخواهانی نوێکاری و. لە "کۆمەڵەی عوسمانییە نوێکان"دا بووە. پاشـان کۆچی کـردووە بۆ پاریس. دوو دیوانی هەیە: (زەفەرنامە) و (خەرابات). مرۆڤێکی گەلـێ زیـرەك بـووە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەرامبەر دانستی کارگێڕی خوای گەورە لـە گـەردووندا گەلـێ سـەرسام بووە. بڕوانە فەرهەنگی تورکیی: (Yeni Lugat). (وەرگێڕ)

ئاخ! وەها سەرم لێ شێواوە کە نازانم لە دەست کێ و لای کێ سکالای خۆم بکەم!

* * *

وا من قورئان دەخاتە گوفتار و، بێ هیچ دوو دڵی‌یەك دەڵێم:
سکالای خۆی لای خۆی دەکەم و، وەکو تۆ سەرگەردان نابم!

* * *

لەتاو "حەق" هانا بۆ لای "حەق" دەبەم و، سنووری خۆم ناشکێنم.
لە زەوی‌یەوە بانگ لە ئاسمان دەکەم و، وەك تۆ هەڵ نایەم.

* * *

هەموو بانگەوازێکی قورئانی پیرۆز لە ڕووناکی‌یەوەیە بۆ ڕووناکی، ئیتر من وەکو تۆ پەیمان ناشکێنم.

لە قورئانی پیرۆزدا دانایی ڕاستەقینە هەیە، کەواتە من ئەو دانایی‌یەی قورئان دەچەسپێنم و، هیچ بایەخێك بە فەلسەفەی پێچەوانەی قورئان نادەم!

گەنجینەکانی ڕاستی لە قورئانندان..
گیانی خۆمیان لە پێناودا بەخت دەکەم و، وەك تۆ نایانفرۆشم!

* * *

لە خەڵکەوە ڕووە و حەق چاودەگێڕم و، وەك تۆ ڕێ ون ناکەم!
بەسەر ڕێی درکاویدا دەفڕم و، وەکو تۆ پێی پێدا نانێم!
شوکرانەبژێریم بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە و، وەك تۆ سەرپێچی ناکەم!

* * *

"مردن" بە هاوڕێ دەزانم و، وەك تۆ لێی ناترسم!

بە ڕووی گەشاوە و سوورەوە دەچمە ناو "گۆڕ" و، وەکو تۆ لەرزم لێ نایەت!

* * *

من وەکو تۆ "گۆڕ" بە دەمی هەژدیها و پێخەفی سامناکی و دەرگای نەمان، نازانم! بەڵکو بە لای منەوە "گۆڕ" جێی بەیەك گەیشتنەوەی خۆشەویستانە.. کەواتە من وەك تۆ ڕقم لێی نییە و بێزار نیم!

* * *

لێی ناترسم و پێی دڵتەنگ نیم..
چونکە دەرگای میهرەبانی و، ڕووناکی و، ڕاستییە و..
بە ناوی خوا لەو دەرگایە دەدەم و ئاوڕ بۆ دواوە نادەمەوە و، سەرسامی نامگرێت!

* * *

ئیتر بە چاوی ڕوون و ڕووی گەشەوە تیایدا ڕادەکشێم و سوپاسی پەروەردگارم دەکەم و، تەنگانە و سامناکیی تێدا بەدی ناکەم و..
بەدەم زایەڵەی بانگی "اللّٰه أکبر"ی حەشرەوە هەڵدەستم و..
لە مەحشەری هەرە مەزن ناترسم و..
لەو مزگەوتە گەورەیەش دوا ناکەوم!

* * *

هەرگیزاو هەرگیز لە: لوتفی خوا و.. نووری قورئانی پیرۆز و.. ڕێژنەی ئیمان.. نائومێد نابم.
بەڵکو تێدە کۆشم و، ڕووەو عەرشی خوای میهرەبان دەفڕم و..
پشت بە خوا - وەك تۆ - سەرگەردان نابم!

### کۆتایی مەکتووبی شازدەهەم:

## بەختەوەرترین مرۆڤ کێیە؟!

مادەم دنیا فانییە و.. تەمەن کورتە و.. ئەرك و واجباتیش گەلێ زۆرن و.. ژیانی هەمیشەیی ئەودنیاش لێرە و لەم دنیایەدا بەدەست دەهێنرێت و هەوڵی بۆ دەدرێت و.. دنیاش بێ خاوەن نییە، چونکە ئەم میوانخانەیە پەروەردگارێکی دەست ڕەنگین و دانای هەیە و، سزا و پاداشتی خراپە و چاکەی لێ ون نابێت و، هیچ ئەرکێك ناخاتە ئەستۆی بەندەکانیەوە گەر لە توانایاندا نەبێت..

هەروەها مادەم ڕێی ڕاست و ڕێیەك ئازاری تێدا بێت وەکو یەك نین و.. هاوەڵان و پلە و پایەکانی دنیاش تا دەرگای گۆڕ زیاتر لەگەڵ مرۆڤدا نایەن..

ئەوا بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە:

لەبەر دنیا قیامەتی لەبیر ناچێت و.. ئەودنیای بۆ ئەم دنیا نادۆڕێنێت و.. ژیانی هەمیشەیی خۆیشی لەبەر ژیانێکی دنیایی ناشێوێنێت و.. تەمەنیشی بە شتێك پەیوەندیی بەوەوە نەبێ، بەفیڕۆ نادات و.. بە چەشنی گوێڕایەڵیی میوان بۆ میواندار، فەرمانبەرداری فەرمانەکانی خواوەند دەبێت، تاکو دەرگای گۆڕی بە دڵنیایی و ئارامی لێ بکرێتەوە و.. بە سەلام کردنەوە پێ بخاتە ناو خانەی بەختەوەری[1].

---

(١) لەسەر بناغەی ئەم هۆکارانە: نە گوێ بەو ستەمانە دەدەم کە هێنرانە ڕێی خودی خۆم و، نە ئاوڕیش لەو تەنگ پێ هەڵچنینە دەدەمەوە کە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەی داوم و، دەڵێم: شایانی بایەخ پێدان نین. بۆیە دەست ناخەمە ناو کاروباری دنیا. (دانەر)

## پرسیارێك و وەڵامەكەی:

# باشترین لاوانتان

پرسیاری حەوتەمتان:

ئایا "خيرُ شبابِكم مَنْ تَشَبَّهَ بكهولِكم، وشرُّ كهولِكم مَنْ تَشَبَّهَ بشبابِكم"[1] فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ؟ ئەگەر فەرموودەی ئەوە، مەبەستەكەی چی‌یە؟

وەڵام:

بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بیستوومە. مەبەستەكەشی ئەوەیە كە:

"باشترین لاوان ئەوانەن كە بە تەواوی لە خوای گەورە بێ ئاگا نین و لەم ڕووەوە پێیان زۆر لێ ڕانەكێشاوە، بەڵكو بە چەشنی پیران یادی مردن دەكەنەوە و، بۆ ئاوەدان كردنی دواڕۆژیان لێدەبڕێن و لە كۆت و زنجیری هەوا و ئارەزووی لاوان خۆیان ڕزگار دەكەن. خراپترین پیرانیشتان ئەوانەن كە لە خوای گەورە بێ ئاگان و بێ ئاگایی لاوی ئەوانیشی ڕاپێچ كردووە و، وەك مناڵ لاسایی هەوا و ئارەزوویان دەكەنەوە".

وێنە ڕاستەكەی ئەوەی كە لە بەشی دووهەمی تابلۆكەتدا بینیبووت، بریتی‌یە لەوەی كە:

لە پشتی سەرمەوە تابلۆیەكم هەڵواسیوە، دانایەكی ڕەوان و ڕێكی تێدایە، بەیانی و ئێوارە سەیری دەكەم و دەرسی لێ وەردەگرم.

---

(١) أخرجه أبو يعلى والطبراني في الكبير من حديث واثلة. قال العراقي في تخريج الإحياء ٦٢/٣ باسناد ضعيف. وأخرجه البيهقي في شعب الإيمان من حديث أنس ومن حديث ابن عباس. وأخرجه ابن عدي في الكامل من حديث ابن مسعود. وقال ابن الجوزي: لايصح. وقد رمز السيوطي لحسنه. بڕوانە: فيض القدير ٤٨٧/٣.

ئەمەش دەقی تابلۆکەیە:

(ئەگەر دۆستت دەوێت، خوای گەورەت بەسە بیگریت بە دۆست).

بەڵێ، ئەگەر ئەو دۆستت بێت، هەموو شتێك دەبێت بە دۆستت.

(ئەگەر یار و هاودەمت دەوێت، قورئانت بەسە بۆ هاودەمی).

چونکە ئەگەر لەگەڵ قورئاندا هاودەم بیت، ئەوا لەگەڵ پێغەمبەران و مەلائیکەتاندا دەژییت، کە باشترین یار و هاودەمن.

(ئەگەر سامانت دەوێت، ئەوا قەناعەت گەنجینەیەکی سەرروزیادە).

بەڵێ، مرۆڤی قەناعەتکار دەست پێوە دەگرێت، ئەو کەسەش دەست پێوە بگرێت پیت و بەرەکەتی دەست دەکەوێت.

(ئەگەر دوژمنت دەوێت، ئەوا نەفسی خۆتت بەسە).

چونکە بێ گومان ئەو کەسەی لە خۆی ڕازییە، دووچاری موسیبەت و تەنگانە و گیروگرفت دەبێت. بەڵام ئەو کەسەی لە نەفسی خۆی ڕازی نییە، هەمیشە حەوانەوە و شادی و میهرەبانیی دەست دەکەوێت.

(ئەگەر ئامۆژگاریشت دەوێت، ئەوا مردن باشترین ئامۆژگارە).

بەڵێ ڕاستە، ئەو کەسەی مردنی لە یاد بێت، لە خۆشویستنی دنیا ڕزگاری دەبێت و، بۆ دواڕۆژی خۆی لێدەبڕێت و تێدەکۆشێت.

# بۆ لاوی نەخۆش

ئەی ئەو کەسەی بەدەست نەخۆشی‌یەوە گیری خواردووە!

من بەش بە حاڵی خۆم و لە ڕێی تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆمەوە لەم ڕۆژگارەدا، دڵنیایی تەواوم پەیدا کردووە کە نەخۆشی بۆ هەندێ کەس چاکە و بەخششی خوای گەورەیە کە بە میهرەبانیی خۆی بۆیان دەنێرێت[1]!

لە ماوەی ئەم هەشت نۆ ساڵەدا چەند لاوێکی نەخۆش هاتن بۆ لام بۆ ئەوەی دوعایان بۆ بکەم - هەرچەندەش من شایستەی ئەوە نیم - منیش بۆم دەرکەوت کە ئەوانەیان ئازاریان زۆرترە، یادی ڕۆژی دواییان زیاترە و بێ ئاگایی "لاوی"یان تێدا نی‌یە و، تا ڕادەیەکیش لە ژێر کۆڵی قورسی نەخۆشیدا خۆیان لە ڕابواردن و حەز و ئارەزووی ئاژەڵانە دەپارێزن.

منیش یادم دەخستنەوە کە:

هەتا زیاتر ئارامگر بن لە بەردەم ئازاری نەخۆشیدا، ئەوا نەخۆشی‌یەکەیان بە دیاریی میهرەبانیی خوای گەورە دادەنرێت.

هەروەها پێم دەوتن:

کاکی خۆم!

من دژی ئەم ئازارەی تۆ نیم، هەر لەبەر ئەوەشە بەزەییم بە تۆدا نایەتەوە و بۆت ناپاڕێمەوە! بەڵام ئەوەندەت پێ دەڵێم کە:

---

(١) عن أبي هريرة رضي الله عنه أن النبي ﷺ قال: "مَن يرد الله به خيراً يُصِب منه". رواه البخاري ومالك. واتە: خوای گەورە نیازی خێری بە هەر کەسێك بێت دووچاری گیروگرفتی دەکات. (وەرگێڕ)

هەوڵ بدە بە شێوەیەکی جوان و ڕەنگین کاڵای ئارامگرتن بە بەرت بپۆشیت و لە بەردەم ئازاری نەخۆشیدا خۆت ڕابگریت هەتا چاك دەبیتەوە. چونکە بەدیهێنەری میهرەبان، هەر کاتێ ویستی لەسەری بێت و دوای ئەوەی نەخۆشی‌یەکەت ئەو کار و ئەرکەی پێی سپێرراوە لە تۆدا بە ئەنجامی گەیاند، چاکت دەکاتەوە و شیفات پێ دەبەخشێت.

هەروەها دەم وت:

هەندێ کەس لە هاوتەمەنانی تۆ، تەنها لەبەر ڕابواردنێکی بچووکی ساتێکی ئەم دنیایە، چوارچێوەی خانە و لانەی ژیانی هەتاهەتاییان دەڕووخێنن. ئەوانە لەبەر ڕۆچوونیان لە بێ ئاگاییدا و بەهۆی "بەلای تەندروستی‌یەوە" وازیان لە نوێژ و یادی مردن و ڕۆژی دوایی هێناوە، تەنانەت هەر یادی خواش ناکەنەوە!

بەڵام تۆ لە ڕوانگەی نەخۆشی‌یەکەتەوە، چاوت لەو گۆڕەیە کە خانووی تایبەتیی خۆتە و هەر دەبێ بڕۆیتە ناوی. هەروەها جێگاکانی تری دوای گۆڕیش دەبینیت..

ئیتر تۆ بەپێی داخوازیی ئەم بینین و چاوپێکەوتنە کارەکانت جێبەجێ دەکەیت.

کەواتە ئەم نەخۆشی‌یە بۆ تۆ تەندروستی‌یە و، تەندروستیش بۆ هەندێ کەس نەخۆشی‌یە!

لە بریسکەی بیست و هەشتەم:

# باسێکی ورد لەبارەی "نەفس"ەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێك لەسەرنجەکانی ئایەتی پیرۆزی:
﴿إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ﴾ (یوسف:٥٣).
هەروەها فەرموودەی پیرۆزی
"أَعْدَى عَدُوِّكَ نَفْسُكَ الَّتِي بَيْنَ جَنْبَيْكَ"(١).

بەڵێ، ئەو کەسەی کە دەروونی بەدخوازی پاکژنەکراوی خۆی خۆش بوێت و لێی ڕازی بێت، لە ڕاستیدا هیچ کەسێکی تری خۆش ناوێت. تەنانەت ئەگەر خۆشەویستی بەرامبەر کەسێکی تر دەرببڕێت، ئەوا لە ناخی دڵیەوە خۆشی ناوێت و، لەوانەیە تەنها لەبەر بەرژەوەندییەکانی و ئەو سوودەی لێیەوە چاوەڕێی دەکات، ئەو خۆشەویستییەی لە ڕوودا بنوێنێت!

(١) "أعدى أعدائك نفسك التي بين جنبيك". رواه البيهقي في الزهد بإسناد ضعيف وله شاهد من حديث أنس.. والمشهور على الألسنة: أعدى عدوك..إهـ (كشف الخفاء ١/١٤٣) قال العراقي في تخريج الإحياء (كتاب عجائب القلب): أخرجه البيهقي في كتاب الزهد من حديث ابن عباس، وفيه محمد بن عبد الرحمن بن غزوان أحد الوضاعين. إهـ وقال الزبيدي في شرح الإحياء ٧/٢٠٦ تعقيباً على العراقي: ووجدتُ بخط ابن حجر ما نصّه: وللحديث طرق أخرى غير هذه من حديث أنس. (وەرگێڕ – لە چاپە عەرەبییەکەی "اللمعات"ەوە)

ئەو مرۆڤـەی کـە ئەمە حالـیەتی، هەمیشـە لـە هـەوڵی ئەوەدایـە خـۆی لای خـەڵکی خۆشەویست بکـات و ڕەزامـەندیی ئـەوانی دەسـتگیر ببێـت. لـەم پێناوەشدا هیچ قسوور و ناتەواوی‌یەك بـۆ خـۆی دانـانێت، بەڵکو بـە چەشنی پارێزەرێکی دڵسـۆز بـۆ مەبەستی "پاکانە" بـەرگری لـە خـۆی دەکـات و، بـە چەندەها زیـادەڕەوی، تەنانـەت درۆ و دەلەسـەش، بـە شـان و بـاڵی خۆیـدا دەخوێنێـت، تـاکو لـە هـەموو نـەنگی و ناتەواوی‌یـەك پـاکی بکاتـەوە، هـەتا دەیگەیەنێتە ڕادەی تەقدیس کردن.

بـەڵکو بەوەشـەوە ڕاناوەستێ و لـەوەش زیـاتر پێـی لـێ ڕادەکێشـێت، تـا دەیگەیەنێتە ئەوەی ناوەرۆکی ئەم ئایەتەی تێدا بێتەدی کە دەفەرموێ:

﴿مَنِ اتَّخَذَ إِلَـهَهُ هَوَاهُ﴾ (الفرقان:٤٣).

ئیتر ئەو کاتە زلـلەی یەك لە دوای یەکی ئـەم ئایەتـە دەچێژێـت و، بەرامبـەر بـەو مـەدح و ستایشـەی کـە بـۆ خـۆی ڕەوای دەبینـی، خـەڵکی پشـتی لـێ هەڵدەکەن و.. بەرامبەر بەوەش کە خـۆی لای خـەڵك خۆشەویست دەکرد، ڕەزای لایان قورس دەبێت و، لە ئەنجامدا پێچەوانەی مەبەستەکانی خۆی دێنـە ڕێی!

ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە بـە بۆنـەی ڕیاکـاریی لـەو کردەوانـەدا کـە بـۆ دوارۆژ دەکرێن، ئیخلاسیش لەدەست دەدات و، لە بەردەم هەست و هـەوا و ئارەزووەکـانیدا، کـە پاشـەڕۆژ نـابینن و بیر لـە ئەنجامـەکان ناکەنـەوە و تەنـها حـەزیان لـە تـام و لـەزەتی کـاتیی ئێستایە، ئـەم لـە بەرامبەریانـەوە دەسـتەپاچە دەمێنێت. بەڵکو هەوا و ئارەزووە سەر لـێ شێوێنەکانی بۆ جۆرەهـا کـاری وا هانی دەدەن کـە لەبـەر لـەزەت وەرگرتنی لـە چێژێکی کـەمی یـەك سـەعاتی، ساڵێکی تەواو، بەڵکو لەوانەیە دە سـاڵی ڕەبـەقیش، لـە بەندیخانـەکاندا تەمـەن بباتە سەر، ئیتر بەو جۆرە سزای دادگەرانەی خۆی دەچێژێت..

هەموو ئەمانەی دێنە ڕێ، لە پێناوی دامرکاندنی گیانی تۆڵـە سـەندنەوە و، ئارەزووی لەخۆبایی‌بوون، کە خولەکێکیش ناخایەنێت.

ئەو مرۆڤە لەمەدا وەکو ئەو منالە نەفامە وایە کە نرخی ئەو جزمەی قورئـان نـازانێت کـە دەرسـی تێـدا دەخوێنێـت و، دەچـێ بـە پارچـە شـیرینی‌یەکی دەگۆڕێتەوە! ئەمیش کردەوە چاکەکانی، کە لە ئەڵماس بـەنرخترن، بە چـەند شتێکی بێ نرخی وەکـو شووشـە وردە دەگۆڕێتـەوە، کـە بریتین لـە هەسـت و هەوا و ئارەزووەکان و لەخۆ بایی‌بوون.

دیارە بەم کارەشی زیانێکی گەلـێ مـەزن دەکـات، لـە شتێکدا کـە دەبـوو قازانجی زۆر و باشی تێدا بکردایە!

اللّهم احفظنا من شرّ النفس والشيطان ومن شرّ الجن والإنس.

* * *

**لە مەسنەویی نووری:**

# بێدارە نوستووەکان!

من وتەی ئەو شاعیرەم تێدا هاتووەتەدی کە دەڵێ:

وعيني قد نامَتْ بليلِ شبيبَتي     ولَمْ تنتَبِهْ إلاّ بِصُبحِ مَشيبِ[1]

چونکە ئێستا بۆم دەرکەوت کە بێدارترینی کاتەکانی لاویم، قووڵترینی چینەکانی نووستنم بوون!

جا ئەو کەسانەی کە بەپێی نەریت و باوی شارستانێتی بە "ڕۆشنبیر" و "بێدار" دادەنرێن - بە چەشنی بێداریی ئەوسای من - وەکو ئەو کەسەوان کە لە خەونیدا لە خەو بێداربووەتەوە و خەونەکەی بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە! کەچی بەم بێداربوونەوەیەی - لە ڕاستیدا - لە چینی تەنك و ناسکی خەونەکەیەوە ڕۆشتووەتە ناو چینە چڕ و ئەستوورەکەی!

---

(١) واتە:

کاتێ چاوم نوست "لاوی"ی بوو بە شەو     سپێدەی "پیری" جا هەڵسا لە خەو

دوای گەڕانێکی زۆر بۆم ساغ نەبووەوە ئەم بەیتە شیعرە هی کێیە. بەڵام ڕێم لە دوو بەیتی تر کەوت کە لەم بەیتەوە نزیکن. یەکەمیان هی "أيمن بن محمد الغرناطي"یە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

تناومتُ في أطلال ليلي شبيبتي     فأدركني بالفجر صبح مشيبي

دووەمیان هي "ابن زمرك"ە و بەم دەقە هاتووە:

وكل مَن نام بليل الشباب     يوقظه الدهرُ بصبح المشيب.

بڕوانە: کتێبی (نفح الطيب في غصن الأندلس الرطيب) دانراوی (أحمد بن المقري التلمساني) چاپی "دار صادر، بيروت". دەقی یەکەمیان: ٤/٣٤٢، دووەمیان: ٤/٧٥٦. (وەرگێڕ)

ئیتر کەسێ کە ئاوا چەشنی مردوو خەوی قورسی لێ کەوتبێت، چۆن زیندووی خەوالوو بێدارەکاتەوە و دەتوانێت ئەو قسانەی کە لە پشتی پەردە دوو چەندانەکەی ئەو خەونەیەوە دەیانکات، بیاندات بە گوێی ئەواندا!

دەسا ئەی بێدارە نوستووەکان!

بە ناوی "چاوپۆشیی ئایینی" و "چاو لێکردنەوە" توخنی مەدەنیەکان مەکەون و، لاتان وا نەبێت بەم کارە خۆتان دەکەن بە پردێك لە نێوان ئێمە و ئەواندا و شیوەکەی نێوانمان پڕ دەکەنەوە!

نەخێر.. ماوەی نێوان ئیمانداران و کافران بێ سنوورە و، شیوەکەی نێوانیشمان هێندە قووڵە کە بە ئێوە پڕ نابێتەوە.

خۆ ئەگەر لەم هەوڵەتاندا هەر بەردەوام بن، ئەوا ئێوەش وەك ئەوانتان لێ دێت و گومڕا دەبن و، بە یەکجاری لە ڕێ دەترازێن و دووردەکەونەوە!

* * *

لە مەسنەویی نووری:

## پێش ئەوەی بخنکێیت بێداربەرەوە!

کاکی مرۆڤ!

بزانە کە سەیرترین شتێ بەدیهێنەری دانا لە تۆدا دایناوە، ئەوەیە کە:

هەندێ کاتی وا هەیە هەموو دنیا لە تۆدا جێی نابێتەوە و بە وێنەی بەندکراوێ کە خەریك بێ بخنکێت، بێزار دەبیت و دەڵێیت: "ئۆف"!

کەچی یەك دانە تۆوە خەرتەلە یان خانەیەکی زیندوو یان ختوورەیەك کە بە دڵتدا دێت یان وردیلەیەك، لە تۆدا جێیدەبێتەوە، بە ڕادەیەك کە تیایدا ون دەبیت و توندوتیژترین هەستەکانیشتی بۆ بەکاردەهێنیت!

ئەو بەدیهێنەرە دانایە چەند لایەنێکی ناسکی پێ بەخشیویت کە هەندێکیان دنیا هەڵدەلووشێت و تێر نابێت، هەندێکی تریشیان جێی گەردیلەیەکی تێدا نابێتەوە و گەندەموویەك هەڵناگرێ، بە چەشنی چاو کە جێی تەنانەت موویەکی تێدا نابێتەوە.

کەواتە وریابە و بە ئەسپایی بڕۆ..

نەکەی لە پارووییەك، یان وشەیەك، یان موویەك، یان گەندەموویەك، یان بریسکەیەك، یان نەختە گۆشتێك، یان بەرە ڕووەکێك، یان ماچێکدا بخنکێیت و نیانترینی لایەنە ناسکەکانیشت لەگەڵتدا بخنکێن! چونکە هەموو شتێ لایەنێکی بێ کۆتایی ئەوتۆی هەیە کە دەتوانێ لە خۆیدا نوقمت بکا و قووتت بدات.

سەیری ئاوێنەکەت بکە و بزانە چۆن ئاسمان و هەموو ئەستێرەکانی تێدا نوقم دەبێت و.. بۆ "بیر"ی خۆیشت بڕوانە کە ئەوەندەی تۆوە خەرتەلەیەکە، بزانە چۆن خواوەند زۆربەی ئەو شتانەی تێدا نووسیوە کە لە لاپەڕەی کردەوەکانی خۆت و درێژایی تەمەنتدان!

دەسا پاکی و بەرزی و بێ عەیبی بۆ ئەو بەدیهێنەرەی کە ئەوەندە بە توانایە و، ڕاگیرکەری هەموو شتێکی گەردوونە!

* * *

# نەخۆشیی لەبیرچوونەوە

ڕۆژێکیان یەکێك لە قوتابی‌یە لاوەکانی نـوورر کـە قورئـانی پیرۆزیـان لەبەرە، پێی وتم، وەك زۆر کەسی تریش کە دووچاری هەمان حاڵەت دەبن:
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەخۆشیی لەبیرچوونەوەم پەرە دەسێنێت، چی بکەم؟
وتم:
هـەتا دەتوانیـت بـە "نـەزەری حـەرام" مەڕوانـە. چونکـە وەك لـە ئیمـامی شافیعی‌یەوە - خوای لـێ ڕازی بێت - دە گێڕنەوە فەرموویەتی:
"ڕوانینی حەرام لەبیرچوونەوەی لـێ دەکەوێتەوە"[1].
بەڵێ، هەتا ڕوانینی حـەرام لـەناو موسـڵمانانـدا لـە زیـادبووندا بێـت، ئـەوا ئارەزووەکـانی دەروونیـان پـتر هـەڵدەچێت و، لەوەشـەوە ئیسـراف و زیادەڕەوی پەرە دەسێنێت، بە ڕادەیەك کە مرۆڤ ناچار دەبێت لە ماوەی یەك حەفتـەدا چـەندین جـار خـۆی بشـوات. دیـارە ئەمـەش - وەك لـە زانسـتی پزیشکیدا زانراوە - توانای لەبەرکردنی ئەو مرۆڤە بەرەو لاوازی دەبات.

---

(١) لەوانەیە مەبەست لەم شیعرەی ئیمامی شافیعی بێت کە دەفەرموێت:

شكوت إلى وكيع سوء حفظي فأرشدني إلى ترك المعاصي
وأخبرني بأن العلم نور ونور الله لا يُهدى لعاصي

بڕوانە:
ديوان الإمام الشافعي، ص٥٤، جمع محمد عفيف الزعبي. نشر دار النور - بيروت. (وەرگێڕ)

ئەو هۆیەش کە نەخۆشیی لەبیرچوونەوەی بەو چەشنە گشتی‌یە پەرە پێ داوە، زۆری و پەرەسەندنی ڕووتیی ئافرەتانە لەم سەردەمەدا، بە تایبەت لە ناوچە گەرمەسێرەکاندا. چونکە ئەم کارە بووە بەهۆی زۆربوونی ڕوانینی حەرام، کە ئیسراف و زیادەڕەوی بەرهەم دەهێنێت.

ئەمەش لە ڕادەیەکی وەهادایە کە هەموو کەسێك و، هەر کەسەش بە ڕادەی گیرۆدە بوونی بەو نەخۆشی‌یە، سکالای لەبیرچوونەوەی لێ دەبیستیت کە دووچاری بووە.

لەوانەیە تەئویلی لایەنێکی ئەو فەرموودە پیرۆزەی کە مەترسیی لابردنی قورئان لە سنگی خەڵکی ئاخر زەماندا ڕادەگەیەنێت، بە زیادبوونی ئەم نەخۆشی‌یە بێتەدی.

واتە: ئەم نەخۆشی‌یە پتر پەرە دەسێنێت هەتا ڕێ دەگرێت لەوەی قورئانی پیرۆز لەبەر بکرێت.

ئەو کاتەش تەئویلی فەرموودەکە دێتەدی.

ولا يعلمُ الغيبَ إلاّ الله.

له پاشبەندی قەستەمۆنی:
(نامەیەکی گرنگە)

# "تەقوا" و "کردەوەی چاك"

باسمه سبحانه
السلام عليكم ورحمة الله وبركاته أبداً دائماً

برا ئازیز و بەوەفاکانم!
لەم ڕۆژانەدا بیرم لە بناغەکانی "تەقوا" و "کردەوەی چاك" کردەوە، کە لە ڕوانگەی قورئانەوە دوای "ئیمان" بە دوو بناغەی یەکجار مەزن دادەنرێن.
"تەقوا" بریتی‌یە لە:
وازهێنان لە حەرام و دوورەپەرێزی لە گوناھـ و تاوان.
"کردەوەی چاك"یش بریتی‌یە لە:
جێبەجێ کردنی ئەو شتانەی لە لایەنی خوای گەورەوە فەرمان دراوە بەجێ بهێنرێن، بە مەبەستی دەستکەوتنی خێر و پاداشتی باش.
جا لەم سەردەمەدا، کە بە بۆنەی وروژاندنی حەز و خواستەکانی دەروونی بەدخواز و پەت بچڕاندنی ئارەزووکانەوە، کاولکاریی "ڕەوشتی و گیانی" پەرەیان سەندووە، "تەقوا" دەبێت بە بناغەیەکی گەلێ مەزن، تەنانەت بە بەردی هەموو بناغەیەك و، لە هەموو شتێك باشتر و مەزنتر دادەنرێت..
چونکە "تەقوا" – لە خۆیدا – دوورخستنەوەی خراپکارییە و وازهێنانە لە تاوانە گەورەکان.

ئەو دەستوورەش کە دەڵێت: "دوور خستنەوەی خراپکاری لە نزیك خستنەوەی شتی سوودمەند باشترە" دەستوورێکە لە هەموو کاتێکدا ڕەفتاری پێ دەکرێت.

ئنجا لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا ئەو تەوژمە وێرانکارانە لە پەرەسەندندان کە "گیان" و "ڕەوشتی مرۆڤ" تێکدەشکێنن، ئەوا "تەقوا" بووە بە بناغەیەکی گەلێ مەزن و بەربەستێکی یەکجار گەورە بۆ بەرهەڵست کردن لەم کاولکارییە سامناکە.

جا ئەو کەسەی کە فەرزەکانی بەجێ دەهێنێت و ناڕوات بە لای تاوانی گەورەدا، بە ئیزنی خوا، ڕزگاری دەبێت. چونکە بەجێهێنانی کردەوەیەکی خاوێن و بێگەرد، لە ناوەندی ئەم هەموو تاوانە گەورانەی دەوروبەردا، یەکجار دەگمەنە.

"کردەوەی چاك" با کەمیش بێت، لە نێوان ئەم مەرجە گران و بارودۆخە سەختەدا بە زۆر دادەنرێت. ئنجا هەر لەناو "تەقوا"دا "کردەوەی چاك"یش هەیە! چونکە وازهێنان لە حەرام واجبە، پاداشتی بەجێهێنانی واجبیش گەلێ لە هی سوننەتەکان زیاترە.

جا دوورەپەرێزی لە تەنها یەك دانە گوناهـ، لەگەڵ بەجێهێنانی کردەوەیەکی کەم، لەم چەشنە کاتانەدا کە تاوان و گوناهـ لە هەموو لایەکەوە هێرش بۆ مرۆڤ دەهێنن، وەك وازهێنان وایە لە سەدان گوناهـ (کە لەو تەنها گوناهەوە پەیدا دەبوون گەر بکرایە) و، وەك جێبەجێ کردنی سەدان واجب وایە.

ئەم خاڵە شایانی بایەخ پێدانە و، بە "نییەتی خاوێن و، تەقوا و، مەبەستی هەڵهاتن لە گوناهباری" نەبێت، بەدەست نایەت.

مرۆڤ لەم ڕووەوە دەتوانێت پاداشتی چەندین کردەوەی چاکی دەست بکەوێت کە تیایاندا ماندوو نەبووە.

گرنگترین ئەرکێ لەم کاتەدا دەکەوێتە ئەستۆی قوتابیانی نوور و خزمەتگوزارانی قورئانەوە، ئەوەیە کە:

"تەقوا" بکەن بە بناغەی هەموو کردارەکانیان و، لە بەردەم تەوژم و لێشاوی کاولکاریی سامناك و هێرشبەر و، لە بەرامبەر ئەو گوناهـ و تاوانانەی ئابلۆقەیان داون، بەپێی "تەقوا" هەنگاو بنێن، چونکە مرۆڤ لە هەموو خولەکێکی ئەم چەشنە ژیانە کۆمەڵایەتی‌یانەی ئێستادا ڕووبەڕووی سەدان گوناهـ دەبێتەوە.

خۆ بێ هیچ گومانێك تەنها تەقوایە لە ڕێی مرۆڤدا کە هێندە پاداشتی بۆ دەستەبەر بکات وەك ئەوەی سەدان کردەوەی چاکی بەجێ هێنابێت، چونکە بە بۆنەی "تەقوا"وە لەو سەدان حەرام و گوناهانە دوورەپەرێزی دەکات!

ئاشکرایە کە بیست کەس ناتوانن لە بیست ڕۆژدا کۆشکێك بنیات بنێن، کەچی یەك کەس دەتوانێت لە یەك ڕۆژدا بیڕووخێنێت!

لەبەر ئەوە، دەبێت لە بەرامبەر ئەو کەسەی کە سەرگەرمی کاولکاری‌یە "ڕەوشتی و گیانی"یەکانە، بیست کەس هەبن ئەو لایەنانە بنیات بنێن و ئاوەدانیان بکەنەوە.. کەچی ئێمە پێچەوانەی ئەمە دەبینین؛ ئەوەتا هەزاران کاولکار تەنها یەك بنیاتنەر و ئاوەدانکەریان لە بەرامبەرەوەیە، ئەویش "پەیامەکانی نوور"ە.

کەواتە بەرگری کردنی خزمەتگوزارانی قورئان، بە تەنها خۆیان، لە بەرامبەر ئەو کاولکاری‌یە سامناکانەوە، لە ڕاستیدا، کارێکی نائاسایيە. خۆ ئەگەر ئەو دوو هێزە بەرامبەرە لە یەك ئاستدا بوونایە، ئەوا شتی لەعادەت

بەدەری زیاتر و فتووحاتی گەلێ مەزنتر لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی "گیانی و ڕەوشتی"دا دەبینی.

با تەنها یەك نموونە لەسەر ئەمە بهێنینەوە:

گەورەترین بەردی بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە "بچووك ڕێزی گەورە بگرێت و، گەورەش بەزەیی بە بچووکدا بێتەوە". کەچی دەبینین ئەم بناغەیە لە زۆر لاوە درز و کەلێنی تێ کەوتووە. تەنانەت ئێستا لە ئەنجامی تێکچوونی ئەم بناغەیە، چەندەها هەواڵی یەکجار دڵتەزێن و ڕووداوی تەواو ناهەموار بەرامبەر باوکان و دایکان، دەبیستین.

بەڵام بە فەزڵی خوای گەورە، پەیامە قورئانییەکان بڕۆنە هەر جێگایەك، بەرەنگاری کاولکاری دەبنەوە و نایەڵن ئەم بناغە کۆمەڵایەتییە بڕووخێت، بەڵکو هەوڵی چاککردنەوەشی دەدەن.

هەروەك بە ڕووخانی بەربەستەکەی "زولقەرنەین" یەئجووج و مەئجووج دەست دەدەنە خراپکاری لە ڕووی زەویدا، بە هەمان جۆر لە ئەنجامی جێ لەق بوونی بەربەستی مەزنی قورئانیشدا کە شەریعەتی خاوێن و بێگەردی حەزرەتی محەممەدە ﷺ خراپکاریی گەلێ زیاتر لەوەی یەئجووج و مەئجووج لە وشکایی و دەریاکانی سەر ڕووی زەویدا بڵاو بووەتەوە، کە بە تاریکایی تۆقاندن و ئاژاوە چواردەوری جیهانی داگرتووە و، چەندەها ستەم و ئیلحادی لەڕادەبەدەریش سەرانسەری ژیان و ڕەوشتی مرۆڤیان داپۆشیوە.

کەواتە جیهادی مەعنەویی قوتابیانی نوور کە بەرەنگاریی لافاوی ئەم تەوژمە ڕامالەر و سەختەی پێ دەکەن، بە ئیزنی خوا، بە جیهادێکی ئەوتۆ بۆیان دەنووسرێت کە پاداشتی گەورە و زۆریان دەست بخات، چونکە ترووسکاییەك لە جیهادی هاوەڵە بەڕێزەکان، کە لەسەر کردەوەی کەم پاداشتی زۆریان دەدرێتەوە، تێکەڵی جیهادی ئەمان بووە.

دەسا برا ئازیزەکانم!

گەورەترین هێزی ئێمە، لەم کاتە پڕ لە تەنگانە و لە بەردەم ئەم ڕووداوە مەزنانەدا، دوای هێزی "ئیخلاس"، بریتییە لە هێزی "بەشداری کردن لەو کردارانەدا کە بە نیازی پاداشتی دواڕۆژ ئەنجام دەدرێن"!

چونکە بەم بەشدارییە، هەموو یەکێکی ئێوە چەندین کردەوەی چاك لە دەفتەری چاکەکارییەکانی برایانیدا دەنووسێت، هەروەك بە زمانیشی هێز و یارمەتی و پشتگیری بۆ قەڵا و سەنگەر و سپێرەکانی "تەقوا" دەنێرێت، بە تایبەت ئەم برا هەزارەی خۆتان کە لە هەموو لایەکەوە هێرشی سەخت و ناثامانی لەسەرە، چونکە لەم سێ مانگە پیرۆز و ڕۆژە بەبەرەکەتانەدا زۆر پێویستی بە یارمەتیی ئێوەیە.

ئەمەش لە ئێوە بە دوور نازانم، چونکە ئێوە شایانی ئەم هەوڵەن و، پاڵەوانی وەفادارن و، بەزەییتان بە حاڵی ئەم برایەتاندا دێتەوە.

وا من بە هەموو جەستە و زمانم و لە قووڵایی و ناخی دڵمەوە داوای ئەم یارمەتیدانە مەعنەوییەتان لێ دەکەم و، لە لایەنی خۆیشمەوە لە دوعا و چاکەکارییە مەعنەوییەکانمدا قوتابیان هاوبەش دەکەم، تەنانەت هەندێ جار لە ماوەی یەك ڕۆژدا سەد جار زیاتر بە ناوی "قوتابیانی نوور" ناوتان دەهێنم و دوعاتان بۆ دەکەم، بە مەرجی دەستبەردار نەبوون لە "ئیمان" و "وەفا" کە دەستووری بەشدارییە لە کردەوەکانی سەر بە دواڕۆژدا.

سەعیدی نوورسی

* * *

لە پاشبەندی قەستەمۆنی:

## لاپەڕەیەکی ژیان

بەسەرهات و مێژووی ژیانم زۆر کەس دەیزانن:

◆ ئەوەبوو دوای ئەوەی کە "عومەر پاشا" هەوڵێکی یەکجار زۆری لەگەڵ دام بڕۆمە ماڵیان، چونکە ڕێزێکی زۆری لە زانست و زانایان دەگرت، دوو ساڵ لە ماڵی خوالێخۆشبوو عومەر پاشای ناوبراودا لە "بەدلیس" مامەوە..

ئەم پیاوە شەش کچی هەبوو؛ سیانی بچووك و سیانی گەورە. جا هەرچەندە من ماوەی دوو ساڵ لەو ماڵەدا ژیام، کەچی کچە گەورەکانیم نەدەناسین، چونکە بۆم نەدەڕوانین تا بیانناسم و لێکیان جیا بکەمەوە.

جارێکیان زانایەك بوو بە میوانم و، لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئەو کچانەی ناسی و لە یەکی جیا کردنەوە!

ئەوانەی لە دەوروبەرمدا بوون، سەریان سووڕدەما لەوەی کە چۆن من نایان ناسم.. پرسی‌یان:

بۆچی سەیریان ناکەیت؟

پێم وتن:

"پارێزگاری کردنی عیززەت و سەربەرزیی زانست نایەڵێت سەیر بکەم"!

* * *

◆ لە یەکێکی ئەو فیستیڤاڵانەی کە چل ساڵ پێش ئێستا لە ئەستەمبووڵ ساز کرا، حەشاماتێکی زۆر ئامادە بوون و، لەم بەر و ئەوبەری ئەو کەنداوەی کە ئەستەمبووڵ دەکات بە دوو بەشەوە ئافرەتانی ئەستەمبووڵ و، ئافرەتە ڕۆم و ئەرمەنییە پۆشتە و ڕووتەکان، ڕیزیان بەستبوو.

منیش لەگەڵ کاك تاها و کاك ئیلیاسدا (کە هەردووکیان ئەندامی پەرلەمان بوون) سواری بەلەمێك بووین، تاکو بمانگەیەنێتە جێی ئاهەنگ گێڕان لە کۆتایی کەنداوەکەدا.

بەلەمەکە بە بەردەمی ئەو ئافرەتانەدا دەڕۆیشت..

منیش ئاگاداری ئەوە نەبووم کە مەلا تاها و حاجی ئیلیاس زووتر قسەیان کردووە بە یەك کە بە نۆرە سەیرم بکەن و، تاقیم بکەنەوە و، بزانن بۆ ئافرەتەکان دەڕوانم یان نا؟

دوای سەعاتێکی تەواوی گەشتی ناو ئاو بەو بەلەمە و بەناو ئەو ئافرەتانەدا، خۆیان دانیان پیادا نا و وتیان:

سەرمان لە تۆ سووڕماوە.. خۆ بە هیچ جۆرێ سەیرت نەکردن!

وتم:

"من ئەو تام و چێژە کاتی و بێ نرخ و ئاوێتەی ئازارانەم ناوێت.. چونکە ئەنجامەکانیان ئازار و حەسرەتە"!

---

تێبینی:

دانەر دوای ئەم باسە، بەشێکی (وتەی سی و دووهەم)ی هێناوە بە ناونیشانی: (هۆ و نهێنیی بەدبەختیی گومڕایان و بەختەوەریی ئیمانداران). ئێمەش، لەبەر ئەوەی لە (ڕابەری خۆشکان)دا ئەو باسەمان بڵاو کردەوە، بە پێویستمان نەزانی لێرەشدا بڵاوی بکەینەوە. تکایە با خوێنەری بەڕێز لەوێ بیخوێنێتەوە. (وەرگێڕ)

لە بریسکەی چواردەهەم:

## هەندێ لە نهێنییەکانی:

## ﴿بسم الله الرحـــمن الرحيم﴾

(لە نێوان هەزاران نهێنیی ﴿بسم الله الرحـــمن الرحيم﴾دا
ئەم مەقامە شەشیان باس دەکات)

وریاکردنەوەیەك:

نوورێکی درەخشان کە لە ئاسۆی: ﴿بسم الله الرحـــمن الرحيـــم﴾ هەڵهاتبوو، دووراودوور بۆ عـــەقڵی خامۆشـم دەرکـەوت. ویسـتم لـە شێوەی یادخستنەوە و تێبینیدا بۆ خۆمی تۆمار بکـەم و، هـەوڵم دا ئـەو نوورە درەخشانە وەك نێچیر بگرم و بیخەمە چنگەوە و، بە نهێنییـەکانی خۆی، کە نزیکی سی دانە دەبن، شوورایەکی بە دەوردا بگێڕم تاکو بـە ئاسانی دەستنیشان بکرێـت و بنووسـرێت. بـەڵام بـە داخـەوە ئێسـتاکە سـەرکەوتنم بـە تـەواوی لـەم کـارەدا بەدەسـت نـەهێنا. لەبـەر ئـەوە، نهێنییەکانی لێرەدا کەم بوونەوە و تەنها لە شەش دانەدا مانەوە.

گوفتاری ئـەم مەقامـە، بـە تایبـەتی و ڕاسـتەوخۆ ئاراسـتەی دەروونـی خـۆم کـراوە، چونکـە کاتێ کـە لـەم مەقامـەدا دەڵێـم: "ئـەی مـرۆڤ"! مەبەسـتم دەروونی خۆمە.

جا هەرچەند ئەم وانەیە تایبەتە بە خۆمەوە، دەیشی‌خەمە پێش چاوی ڕاستبینی براپانی وردەکارمەوە، تاکو ببێت بە "مەقامی دووهەمی بریسکەی چواردەهەم". ئومێدەوارم سوودبەخش بێت بۆ هەرکەسێك کە پەیوەندیی ڕۆحیی لەگەڵمدا هەیە و دەروونی لە هی من وریا و بێدارترە.

جا ئەم وانەیە زیاتر ڕوو لە "دڵ" دەکات تاکو "ژیری".. بۆ چێژی "ڕۆحی" زیاتر دەڕوانێت تاکو بەڵگەی "مەنتیقی".

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿قالَتْ يا أَيها الْمَلَؤُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كتابٌ كريمٌ ۞ إِنه مِنْ سُلَيْمانَ وإِنَّهُ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيمِ﴾ (النمل:٢٩-٣٠)

وا لەم مەقامەدا چەند نهێنی‌یەك باس دەکەین:

□ نهێنیی یەکەم:

لە کاتی بیرکردنەوەمدا لە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ یەکێك لە نوورەکانیم بەم جۆرەی خوارەوە بینی:

سێ نیشانەی ڕوون و ئاشکرای پەروەردگارێتیی خوای گەورە بە سەروسیمای بوونەوەران و، ڕووی زەوی و، ڕوخساری مرۆڤەوە هەن. ئەم نیشانە ئاشکرایانەش هێندە لەناو یەکتردان و تێهەڵکێشی یەکترین، کە هەریەکەیان نموونەیەکی ئەوانی ترە.

*نیشانەی یەکەم:* نیشانەی "ئولووهییەت"ە..

ئەو نیشانە گەورە و درەخشانەی: هاوکاری و، پشتگیری و، بەدەم یەکەوە هاتن و، دەست لەملانێ‌یەی کە لە هەموو بەشێکی گشت گەردووندا هەیە. بە چەشنێ کە: ﴿بسم الله﴾ ڕووی تێدەکات.

*نیشانەی دووهەم*: نیشانەی "ڕەحمانی‌یەت"ە..

ئەو نیشانە مەزنە ئاشکرایەی: لەیەکچوون و، پێکەوە گونجان و، ڕێکی و، نەرمونیانی و، میهرەبانی‌یە، کە لە پەروەردە کردنی ڕووەك و زیندەوەراندا هەیە. بە چەشنێ کە: ﴿بسم الله الرحمن﴾ ڕووی تێدەکات.

*پاشان نیشانەی سێهەم*: نیشانەی "ڕەحیمییەت"ە..

ئەو نیشانە بڵند و ڕوونەی کە لە: نەرمونیانیی میهرەبانیی خوا و، وردەکاریی شەفەقەتی و، تیشکەکانی بەزەییەکەیەوە دەردەکەوێت، کە بە سەروسیمای چییەتیی گشتیی مرۆڤەوە کێشراوە و ڕەنگی داڕێژراوە. بە چەشنێ کە ناوی "الرحیم"ی: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ ڕووی لێیەتی و بۆی دەڕوانێت.

واتە ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ ناونیشانێکی بەرز و خاوێنی سێ نیشانەیە لە نیشانەکانی تەنیایی(الأحدیة)ی خوای گەورە. بە ڕادەیەك کە بووە بە دێڕێکی نوورانیی ناو کتێبی بوونەوەر و، خەتێکی ڕووناك لەسەر لاپەڕەی جیهاندا دەکێشێت و، دەستاوێزێکی ئەستوور و مەحکەمی نێوان بەدیهێنەر و بەدیهێنراوانی خوایە.

ئەمەش مانای وایە کە مادەم ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ لە عەرشی هەرە مەزنەوە نازڵ بووە، ئەوا سەرێکی پەیوەستە بە مرۆڤەوە کە بەرووبوومی بوونەوەران و نوسخەی بچووکی جیهانە. کەواتە زەوی بە عەرشی مەزنەوە دەبەستێت و دەبێت بە ڕێیەکی تەخت و ئاسان بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەو عەرشی کەماڵاتی سەربکەوێت و بەرز ببێتەوە.

☐ نهێنیی دووهەم:

قورئانی پیرۆز هەمیشە لە نێوان باسی دەرکەوتنی یەکتایی(واحیدییەت)دا دەرکەوتنی تەنیایی(ئەحەدییەت)یش ڕوون دەکاتەوە، تاکو نەهێڵێت عەقڵان

لە ناوەندی ئەو واحیدییەتە ئاشکرایەی ناو بوونەوەرە لەژمارەبەدەرەکاندا، نوقم و سەرگەردان بن.

با بە نموونەیەك ئەمە ڕوون بکەینەوە:

خۆر(الشمس) بە ڕووناکییەکەی خۆی دەوراندەوری چەندەها شتی لەژمارەبەدەری داوە. جا بۆ ڕەچاوکردنی "خودی خۆر" لە کۆی گشتیی هەموو ڕووناکییەکانیدا پێویست بە تەسەووڕێکی گەلێ فراوان و ڕوانینێکی یەکجار گشتی دەبێت. لەبەر ئەوە، خۆر بەهۆی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ڕووناکییەکەیەوە لە هەموو شتێکی بریسکەداردا، خۆی دەردەخات.

واتە: هەموو شتێکی بریسکەدار بەپێی توانای خۆی، درەوشانەوەی خۆیی خۆر و تایبەتمەندییەکانی وەك: ڕووناکی و، گەرمیی، دەردەخات. ئەمەش بۆ ئەوەی "خودی خۆر" لە بیر نەبرێتەوە.

جا هەروەك هەموو شتێکی بریسکەدار بەپێی توانای خۆی، خۆر و هەموو سیفەتەکانی خۆر دەردەخات.. هەموو یەکێکیش لە سیفەتەکانی خۆر، وەك: گەرمی و ڕووناکی و حەوت ڕەنگەکانی، هەموو ئەو شتانە دەگرنەوە کە لە بەرامبەریانەوەن.

جا لەبەر ئەوەی نموونە هێنانەوە قڕەوبڕەی تێدا نییە، وا بۆ نموونە - ولله المثلُ الأعلى - دەڵێین:

خواوەندی تەنیا و صەمەد، بە هەموو ناوە جوانەکانی، درەوشانەوەی لە هەموو شتێکدا هەیە و تیایدا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە زیندەوەراندا و، بە تایبەتتریش لە ئاوێنەی ماهییەتی مرۆڤدا. هەروەها هەموو یەکێك لەو ناوە جوانانەی خواوەند کە پەیوەندییان بە بوونەوەرانەوە هەیە، لە ڕووی "وەحدەت" و "واحیدییەت"ەوە دەوراندەوری هەموو بوونەوەرانیان داوە.

بـەم چەشـنە، قورئـانی پـیرۆز مـۆری "ئەحەدییـەت" لـە دووتوێـی "واحیدییـەت"دا دەخاتە پێش چـاوی مـرۆڤ، تـاكو "ژیری‌یـەكان" لـەناو فراوانیی "واحیدییـەت"دا نوقـم نـەبن و، "دڵان"یش سەرسام نـەبن و، زاتـی خاوێن و پیرۆزی خوای گەورەیان لە بیر نەچێتەوە.

جا: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ دەبێت بە بەڵگە لەسەر سێ گرێ(عُقدة)ی گرنگی ئەو مۆرە جوداكەرەوەیە و ڕوونی دەكاتەوە.

☐ نهێنیی سێهەم:

شتێكی بەڵگەنەویست، بەڵكو بینراوە كە:

تەنـها میـهرەبانیی خـواوەنـدە بوونـەوەرە لـە ژمـارە و سـنوور بـەدەرەكانی خستە كەیف و شادی‌یەوە و.. هەمان میهرەبانیش بوو كـە ئەم بوونەوەرانـەی ڕووناك كـردەوە و لـە تـاریكی دەری هێنـان بـەرەو ڕوونـاكیی بردن و.. هـەر هەمان میهرەبانی بوو ئەم بوونـەوەرە لـە ڕادەبەدەر موحتاجانـەی لـە باوەشـی خۆیـدا گـۆش و پـەروەردە كـرد.. هـەر ئـەو میهرەبانی‌یـەش بـوو گشـت بوونـەوەرانی لـە هـەموو شـوێنێكەوە ڕێنمـایی كـرد و بـەرەو لای مـرۆڤ خستنیەڕێ و ژێربار و ڕامی كردن بۆی، تەنانەت وای لە بوونەوەران كرد بـۆ یارمەتی و هاوكـاریی مرۆڤ بڕۆن و بڕوانـن، بـە وێنـەی ڕوانینـی بەشـەكانی درەخت بۆ بەروبوومەكەی.. هەروەها میـهرەبانیی خـوای گەورەشـە كـە ئـەم بۆشاییە فراوانەی ئاسمانی ئاوەدان كردووەتەوە و، ئەم جیهانە بـۆش و بەتاڵـەی ڕازاندووەتـەوە.. هـەمان میهرەبانیشـە كە وای لـەم مرۆڤـە فانی‌یـە كـردووە دەستنیشـانكراوی مانـەوە و نـەمری بێـت و، كردوویـەتی بـە شایسـتەی گفتوگۆی پەروەردگاری جیـهانیان و، "پایـە"ی بلنـدی "پشتگیریی خـوای گەورە"ی پێ بەخشیوە.

ئەی مرۆڤ! مادەم "میهرەبانی" سیفەتێکی خۆشەویستە و تا ئەم ڕادەیەش هێز و کێش و یارمەتی و فریاگوزاریی هەیە، ئەوا بە وتنی: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ دەست بەو ڕاستییەوە بگرە و، لە سامناکیی بێزاریی ڕەها و، ئازاری چەندەها پێداویستیی بێ کۆتایی خۆت ڕزگار بکە و، لە خوای خاوەنی عەرشی بەرزی و پادشای میهرەبان خۆت نزیك بخەرەوە و، بەهۆی ڕووناکی‌یەکان و شەفاعەتی ئەو میهرەبانی‌یەوە ببە بە کەسێکی ئەمینی شایستەی گفتوگۆی ئەو میهرەبانی‌یە و دۆستی ڕاستی ئەو.

بەڵێ، جەم کردنی بوونەوەران لە دەوری مرۆڤ و لە ناوەند داناییەکی دەستنیشان کراودا و، هاندانی هەریەکە لە بوونەوەران بۆ ئەوەی پێداویستی‌یە هەمیشە زیادبووەکانی مرۆڤ نەهێڵن، دەبێ لە یەکێکی ئەم دوو حاڵەتەوە سەری هەڵدابێت:

یان ئەوەیە هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی بوونەوەران مرۆڤ دەناسێت و پێی دەزانێت و گوێڕایەڵیەتی و بۆ خزمەتکردنی تێدەکۆشێت. واتە: یان ئەوەیە ئەم مرۆڤەی کە بە ئاشکرا لە کۆڵەواری و بێ دەستەڵاتی‌یەکی ڕەهادا نوقم بووە، خاوەنی توانا و دەستەڵاتێکی ڕەهایە!! (ئەمەش وەك دیارە، سەرباری ئەو مەحاڵە لەژمارەبەدەرانەی کە تیایدایە، لە بیرکردنەوەی عەقڵیشەوە گەلێ دوورە)..

یان ئەوەیە ئەو بوونەوەرانە مرۆڤ ناناسن، بەڵکو ئەوان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە یەکێك هەیە، ئەم مرۆڤە دەناسێت و بەزەیی پێدا دێتەوە و بە حاڵی دەزانێت! ئەو کەسەش بەدیهێنەری میهرەبانە.

دەسا ئەی مرۆڤ! بەرەو هۆش و ژیریی خۆت بگەڕێرەوە! ئایا دەگونجێ ئەم پەروەردگارە میهرەبانە نەتبینێت و ئاگای لێت نەبێت، کە هەر ئەوە گشت بوونەوەرانی بۆ یارمەتی و نەهێشتنی پێداویستی‌یەکانت ناردووە؟

جا مادەم خواوەند بە تۆ دەزانێت و لەم زانینەش ئاگادارت دەکاتەوە، بەوەی کە بەزەیی پێتدا دێتەوە، ئەوا تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە کە تێبکۆشیت بۆ ناسینی و، هەوڵ بدەیت بە ڕێزنان لە فەرمانەکانی، ئەو خواناسینەتی بۆ ئاشکرا بکەیت.

بەوپەڕی دڵنیایی و بێ گومانییەوە بزانە کە: تەنها ڕاستیی ئەم میهرەبانییەی خوای گەورەیە - کە میهرەبانییەکە دانایی و، چاودێری و، زانست و، توانستیش دەگرێتەوە - ئەم بوونەوەرانەی بۆ تۆ ڕام کردووە و خستوونیەتە ژێر فەرمانی ویستی تۆی بەدیهێنراوی لاواز و، بچووك و، دەستەوسان و، هەژار و، فانی!

میهرەبانییەك تا ئەم ڕادەیە مەزن و بەم ئەندازەیەش فراوان بێت، بێ گومان داوای شوکرانەبژێرییەکی گشتی و بێگەرد و ڕێزگوزارییەکی بێ خڵتە و خاوێنت لێ دەکات. بیشزانە جگە لە ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ هیچ شتێکی تر نییە ئەم شوکرانەبژێرییە گشتی و ڕێزگوزارییە بێگەردەت بۆ دەرببڕێت. کەواتە هەردەم دووپاتی بکەرەوە و بیکە بە هۆکارێك بۆ گەیشتنت بەو میهرەبانییە فراوانە و، تکاکارت لە خزمەت بەخشندەی میهرەباندا.

لە ڕاستیدا بوون و ئاشکرایی "میهرەبانی" لە بوونەوەردا گەلێ ئاشکراترە لە خۆری ناوجەرگەی ئاسمان.

هەروەك نەخشێکی جوان بەوە دروست دەبێت کە تانوپۆی تاڵەکانی لە چەقی نەخشەکەوە بۆ دەوروبەری و لە دەوروبەریشیەوە بۆ ناوچەقی نەخشەکە، هەموویان بە ڕێکی تەنراین و هۆنرابنەوە.. بە هەمان جۆر، یەك بە یەکی تاڵە تیشکەکانی ئەو نوورەی کە لە هەزار و یەك ناوی جوانی خوای گەورەوە تیشك دەدەن و دەدرەوشێنەوە و، تا دەگەنە ئەم بوونەوەرە زۆر و

فراوانانە هاتوون و کشاون و درێژبوونەتەوە، بەوپەڕی جوانی و لە چوارچێوەی میهرەبانی‌یەکی گشتیدا، مۆرێکی ڕوونی "ڕەحیمیەت"و، نەخشێکی قەشەنگی "شەفەقەت و میهرەبانی" و، دروشمێکی یەکجار ناوازەی ئەوتۆ پیشانی "ژیران" دەدەن کە گەلێ ئاشکراترە لە ڕوونی و ئاشکرایی خۆر لە پێش "چاوان"دا!

بەڵێ، ئەو کەسەی کە خۆر و مانگ و هەموو توخم و کانزا و ڕووەك و زیندەوەران بە تیشکی هەزار و یەك ناوی خۆی ڕێکدەخات و، بە چەشنی تانوپۆ و تاڵە نوورانی‌یەکانی نەخشونیگارێکی ناوازە لەگەڵ یەکتردا دەیانگونجێنێت و، هەموویان بۆ خزمەتگوزاریی ژیان دەخاتەکار و، بەو شەفەقەتە بەلەزەتە شیرینەش کە لە دایکانی ڕووەك و زیندەوەراندا بۆ بێچووەکانیان دایناوە، شەفەقەت و میهرەبانیی خۆی بەرامبەر هەموو بوونەوەران دەرخستووە..

ئەو کەسەی کە بە ڕامکردن و ژێربارخستنی زیندەوەران بۆ ژیانی مرۆڤ، بریسکەدارترین درەوشانەوەکانی میهرەبانی و جوانترین نەخشونیگاری خۆی ئاشکرا کردووە و، بەمەش پایە و ڕێز و گرنگیی مرۆڤی بە لای خۆیەوە، پیشان داوە..

ئەو کەسەی لەگەڵ بەدیهێنراوانیدا ئاوایە، تەنها ئەو خواوەندە بەتوانا و میهرەبانەیە کە ئەم میهرەبانی‌یە فراوانەی خۆی کردووە بە تکاوەرگیراوی دەرگانەی دەوڵەمەندیی ڕەهای خۆی. بە چەشنێ کە زیندەوەران و مرۆڤی یەکجار هەزار تکای پێ دەکەن و پێی دەپاڕێنەوە.

ئەی مرۆڤ!

ئەگەر بە ڕاستی مرۆڤیت، ئەوا هەمیشە بڵێ: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ تاکو ئەو تکاکار و شەفاعەتخوازەت دەست بکەوێت.

شتێکی بەڵگەنەویست، بەڵکو بینراوە کە تەنها "میهرەبانی"یە هەموو تیرە و جۆرەکانی ڕووەك و زیندەوەران - هەرچەندەش جۆراوجۆر و جیاوازن و لە چوارسەد هەزار تیرە و جۆر زیاترن - پێدەگەیەنێت و پەروەردەیان دەکات.. هەر ئەو "میهرەبانی‌یە"شە کە لە باشترین کات و بە تەواوترین ڕێسا و لەبارترین چاودێری و، بە بێ لێتێکچوون و لەبیرچوونەوە، کاروباری هەموویان ڕێکدەخات، بە ڕادەیەك کە مۆری "ئەحەدییەت"ی بەم پەروەردەکردن و ڕێکخستنەی لە سەروسیما و ڕوخساری ڕووی زەوی داوە.

بەڵێ، بوونی ئەو میهرەبانی‌یە، بە وێنەی بوونی بوونەوەرانی ڕووی زەوی، بێ گومان و چەسپاوە. هەروەك بەڵگەکانی هاتنەدیی ئەو میهرەبانی‌یەش بە ئەندازەی ژمارەی ئەو بوونەوەرانەیە.

هەروەك نیشانەی "ئەحەدییەت" و مۆری "میهرەبانی" بەسەر ڕووی زەوی‌یەوە دەبینین، بە هەمان جۆر مۆری "میهرەبانی"ش بە سەروسیمای ماهییەتی مەعنەویی مرۆڤەوە دەبینین. ڕوونیی ئەم مۆرە هەرگیز لە ڕوونیی ئەوەی کە بەسەر ڕووی زەوی و ڕووی بوونەوەرانەوەیە، کەمتر نی‌یە. تەنانەت نیشانەی ئەم میهرەبانی‌یە ئەوەندە گشتی و فراوانە دەڵێی تیشکۆیەکە ڕووناکیی درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەی تێدا کۆ دەبێتەوە.

ئەی مرۆڤ! ئایا دەگونجێ ئەو کەسەی کە ئەم سیما و ڕوخسارە مەعنەوی‌یەی پێ بەخشیویت و، نیشانەی "میهرەبانی" و نووری "ئەحەدییەت"یشی لەو ڕوخسارە مەعنەوی‌یەت داوە، وازت لێ بهێنێت و گوێت نەداتێ و چاودێریی جموجووڵ و کردارەکانت نەکات؟ ئایا دەگونجێ بێ هیچ ئامانج و سوودێك ڕووی بوونەوەران بۆ لای تۆ وەربچەرخێنێت؟

یان درەختی مەزنی بوونەوەران بکات بە درەختێکی زڕی بێ کەڵك و، بەروبوومەکەشی دابڕزێنێت؟ یان هەرگیز ڕێی تێدەچێت "میهرەبانی"یەکەی کە وەك ڕۆژ ئاشکرایە و هیچ دوودڵی و گومانێك هەڵناگرێت و، "دانایی"یەکەی کە بە چەشنی نوور ڕووناکە، وا لێ بکات ئینکاری بکرێن؟

نەخێر.. نەخێر. هەرگیز شتی وا ناگونجێ و خواوەند زۆر لەوە گەورەترە.

ئەی مرۆڤ! بزانە میعراج(پلیکانە)ێك هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤی پێدا سەربکەوێت تا دەگاتە عەرشی ئەو میهرەبانییە. ئەو میعراجەش: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ە.

خۆ ئەگەر دەتەوێت ڕادەی گرنگی و مەزنی و پایە و پلەی ئەو میعراجە بزانیت، ئەوا سەیری سەرەتای سەد و چواردە سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز و، هەموو کتێبێکی بەنرخ و، گشت کارێکی باش بکە!

تەنانەت ئەو فەرمایشتەی ئیمامی شافیعی و موجتەهیدانی هاوچەشنی - خوایان لێ ڕازی بێت - کە فەرموویانە: (هەرچەند ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ یەك ئایەتە لە قورئاندا، بەڵام سەد و چواردە جار نازڵ بووە) ئەم فەرمایشتە، بەڵگەیەکی مەزنە لەسەر گەورەیی و ڕێز و پایەبڵندیی: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾.

□ نهێنیی چوارەم:

هەموو کەسێ کە بڵێت: ﴿إِیّاكَ نعبدُ﴾ بە تەواوی دەرکی درەوشانەوەی "واحیدییەت" لە بەدیهێنراوە لەژمارەبەدەرەکاندا ناکات، لەبەر ئەوەی کە بیری مرۆڤ لەو زۆرییەدا ون دەبێت و سەری لێ تێکدەچێت..

چونکە بۆ ڕەچاوکردنی زاتی تەنیای خوای گەورە لە ڕێی تێکڕای بوونەوەرانەوە کاتێ بە ﴿إِیاكَ نعبدُ وإِیاكَ نستعین﴾ گوفتاری لەگەڵ

دەکرێت، بۆ ڕەچاو کردنی ئەمە، پێویست بە دڵێکی هێندە مەزن دەبێت کە جێی هەموو زەویی تێدا ببێتەوە، لەبەر ئەمە و لەسەر بناغەی ئەم نهێنی‌یە وردە، خوای گەورە نیشانە و مۆری "ئەحەدییەت" بە ئاشکرا لە هەموو "بەشێك"دا دەردەخات، هەروەك لە نێوان "ڕەحمانی‌یەت"دا لە هەموو "جۆرەکانی"دا پیشانی دا.

ئەمەش بۆ ئەوەی کە سەرنج تەنها بۆ لای زاتی خوای گەورەی "ئەحەد" ڕابکێشرێت و، بۆ ئەوەش کە هەموو کەسێك - لە هەر پلەیەکدا بێت - بتوانێت لە کاتی وتنی ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾دا، بێ هیچ تەکەللوف و قورسی وزەحمەتێك، ڕاستەوخۆ ڕوو لە زاتی خاوێن و بەرزی خوای گەورە بکات.

لەبەر ڕوونکردنەوەی ئەم نهێنی‌یەیە کە دەبینیت قورئانی پیرۆز کاتێ باسی نیشانەکانی خوای گەورە لە ئاسۆکان و فراوانترین بازنەدا دەکات، یەکسەر باسی بچووکترین بازنەی بوونەوەران و بچووکترین شتی جوزئیشیان دەکات، تاکو مۆری "ئەحەدییەت" بە ئاشکرا لە هەموو شتێکدا دەربخات.

نموونەی ئەمە:

کاتێ قورئانی پیرۆز نیشانەکانی خواوەند لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەویدا ڕوون دەکاتەوە، یەکسەر نیشانەکانیشی لە بەدیهێنانی مرۆڤدا و ڕوونکردنەوەی وردەکاریی ئەو نیعمەتانەی لە دەنگیدا و ناوازەیی ئەو داناییانەش لە ڕەنگ و ڕوخساریدا، ڕوون دەکاتەوە. تاکو "بیر"ی مرۆڤ لەناو ئاسۆ فراوان و زۆرەکاندا پەرتەوازە و، "دڵ"یشی نوقمی ناو زۆری‌یەکی بێ کۆتایی نەبێت و، "گیان"یشی، بێ بوونی هیچ هۆیەك لە نێواندا، ڕاستەوخۆ بە پەرستراوی ڕاستەقینەی خۆی شاد ببێت.

ئەم ئایەتەی خوارەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی ئیعجازبەخش، ئەم ڕاستی‌یەی پێشوو ڕوون دەکاتەوە:

﴿ومن آياتِهِ خَلقُ السموات وَالأرضِ وَاختلافُ ألسـنتِكُم وألوانِكُم﴾ (الروم: ٢٢).

پاشان هەرچەندە نیشانە و مۆرەکانی "وەحدانییەت" بە ئەندازەیەکی گەلێ زۆر و بێ کۆتایی لە بەدیهێنراواندا، هەر لە فراوانترین نیشانە و مۆری هەمەکی‌یەوە تا دەگاتە بچووکترین نیشانە و مۆری هەندەکی، لە چەندین بازنەی تێهەڵکێش و چەندین پلە و جۆری جیاجیا و زۆر و زەبەندەدا، دانراون..

هەرچەند ئەم نیشانە و مۆرانەی "وەحدانییەت" ئاوا ڕوون و ئاشکران، کەچی هێشتا ڕوونی‌یەکەی لە نێوان چەندین بەدیهێنراوی زۆر و زەبەندەدایە و، کاتێ دەوترێت ﴿إيّاكَ نعبد﴾ مافی تەواوی خۆیان نادرێتێ..

لەبەر ئەوە، پێویست دەکات مۆری "ئەحەدییەت"یش لە دووتوێی مۆری "وەحدانییەت"دا ببێت بۆ ئەوەی ڕێ بۆ "دڵ" بکاتەوە تاکو بە گەیشتنی بە زاتی بێ چەندوچۆنی پاك و پیرۆزی خوای گەورە، شاد و شەرەفمەند ببێت، بێ ئەوەی زۆریی بوونەوەرانی بیر بخاتەوە.

پاشان بۆ مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی چاوان و دڵان بەرەو مۆری "ئەحەدییەت"، نەخشێکی ناوازەی تابلێی سەرنج ڕاکێش و.. نوورێکی درەخشانی لەوپەڕی ڕووناکیدا و.. شیرینی‌یەکی بەتام لەوپەڕی چێژ و لەزەتدا و.. جوانی‌یەکی خۆشویستراو لەوپەڕی دڵگیریدا و.. ڕاستی‌یەکی ڕەگداکوتاو لەوپەڕی بەهێزیدا.. لەسەر ئەو نیشانەی "ئەحەدییەت"ە دانراوە، کە ئەویش نیشانەی بەزەیی و مۆری میهرەبانی‌یە.

بەڵێ، تەنها هێزی ئەو بەزەیی‌یەیە کە سەرنجی خاوەن هەستان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دەستیان دەگرێت و دەیانگەیەنێت بە مۆر و نیشانەی "ئەحەدییەت" و، وایان لێ دەکات زاتی پیرۆزی خوای تەنیا ڕەچاو بکەن، بە

چەشنێ کە مرۆڤ بە گفتوگۆی ڕاستەقینەی ﴿إياكَ نعبدُ وإياكَ نستعين﴾ شەرەفمەند و بەهرەوەر دەکات.

بەم جۆرە بۆمان ڕوون بووەوە کە مادەم ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ پێرستی "فاتیحە" و پوختەیەکی کورتی "قورئانی پیرۆز"ە، ئەوا بووە بە ناونیشان و تەرجومانێك بۆ ئەم نهێنییە مەزنەی کە باس کرا..

جا ئەو کەسەی کە دەتوانێت ئەم ناونیشانەی دەست بکەوێت، دەشتوانێت بە ناو چینەکانی بەزەیی و میهرەبانیدا بگەڕێت و، ئەو کەسەش ئەم تەرجومانە دەخاتە گفت، ئەوا لە نهێنییەکانی میهرەبانیش تێدەگات و دەیانزانێت و، نوورەکانی میهرەبانی و بەزەییش دەبینێت.

☐ نهێنیی پێنجەم:

فەرموودەیەکی پیرۆز دەفەرموێ:

"إن الله خلق آدم على صورة الرحمن"[1]. أو كما قالﷺ.

هەندێ لە شوێنکەوتووانی تەریقەتە سۆفییەکان بە چەشنێکی سەیر ئەم فەرموودە پیرۆزەیان لێك داوەتەوە کە بۆ بیروباوەڕی ئیمانی ناشێت و لەگەڵیدا ناگونجێ. تەنانەت هەندێ لە ئەهلی عیشق گەیاندوویانەتە ئەوەی کە تەماشای سیمای مەعنەویی مرۆڤ بە شێوەیەك بکەن کە وەك شێوەی خوای گەورەی ڕەحمان وابێت!

جا لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەهلی عیشق لە بارێکی بێ ئاگاییدان و نوقمی دەریای عیشقن و شتانیان لێ دەئاڵۆزێت، ئەوا لەوانەیە لەو شتانەدا کە بە

(١) "خلق الله عز وجل آدم على صورته.." حديث صحيح أخرجه البخاري برقم ٦٢٢٧ ومسلم برقم ٢٨٤١ وأحمد ٢/٣١٥ وابن خزيمة في التوحيد ص٢٩. أما حديث "إن الله خلق آدم على صورة الرحمن" فقد عزاه الحافظ في الفتح ٥/١٨٣ لابن أبي عاصم في السنة والطبراني من حديث ابن عمر رضي الله عنهما، وقال الحافظ باسناد رجاله ثقات. (وەرگێڕ – لە چاپە عەرەبییەکەی "اللمعات"ەوە).

پێچەوانەی حەقیقەتەوە وەری دەگرن بەهانەیان وەربگیرێت. بەڵام کەسانی وریا و بەئاگا و بێدار، بە تەواوی دەست بە ڕووی ئەو چەشنە واتایانەوە دەنێن کە پێچەوانەی بناغەکانی ئیمانن و، وەریان ناگرن. خۆ ئەگەر هەر کەسێك پێیان ڕازی بێت، ئەوا هەڵەی کردووە و لە ڕاستی لایداوە.

بەڵێ، ئەو کەسەی کاروباری گەردوون ڕێکدەخات و وەك ئەوەی گەردوون خانوویەك، یان کۆشکێك بێت، ئاوا بە ئاسانی بەسەر کاروباریدا زاڵ و فەرمانڕەوایە..

ئەو کەسەی کە ئەستێرە و تەن و قەبارەکانی ئاسمان بەوپەڕی دانایی و ئاسانی و بە چەشنی گەردیلەکان دەجووڵێنێت..

ئەو کەسەی کە گەردیلەکان فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن و ملکەچی دەبن..

بەڵێ، ئەو کەسەی کە هەموو ئەم کارانە ئەنجام دەدات، تەنها خواوەندی مەزنی پاك و پیرۆزە.

جا هەرچەندە زاتی پیرۆز و بێ چەند و چۆنی ئەو خواوەندە گەورەیە: بەرز و بڵند و پاك و پیرۆزە لەوەی کە هاوبەشی بێت، چونکە بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێ: ﴿لیسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وهُوَ السَّميعُ الْبَصِيرُ﴾ (الشوری:١١) نە هاوبەشی هەیە، نە هاوتا و، نە دژ و، نە هاوشێوە و، هاوچەشن. بەڵام کاروبارە پڕ لە دانایی و سیفەتە مەزن و ناوە جوانەکانی، بە چاویلکەی نهێنیەکانی نموونە هێنانەوە (ضرب الأمثال) سەیر دەکرێن کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوون کراوەتەوە: ﴿ولَهُ المَثَلُ الأعْلى في السموات والأرضِ وهوَ العزيزُ الحكيم﴾ (الروم:٢٧). واتە "نموونە هێنانەوە" لە کاتی باسکردنی کاروبارە پڕ لە داناییەکانی خوای گەورەدا، بواری پێ دراوە و، کارێکە ڕوو دەدات.

ئەم فەرمودە مەزنە چەندین مەبەستی مەزنی زۆری تێدایە..

یەکێك لەوانە ئەوەیە کە:

"مرۆڤ" بە شێوەیەکی هێندە ناوازە دروست کراوە کە ناوی جوانی "الرحمن"ی خوای گەورە بە تەواوی لە خۆیدا دەربخات.

بەڵێ، بەپێی ئەوەی لە نهێنیەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە، ئەوا:

هەروەك ناوی: "الرحمن" لە تیشکەکانی دەرکەوتنی هەزار و یەك ناوی جوانی خوای گەورە بەسەر ڕووی گەردوونەوە دەدرەوشێتەوە..

هەروەها وەك ناوی: "الرحمن" بە چەندین درەوشانەوەی لەژمارەبەدەری پەروەردگاریی ڕەهای خوای گەورە، بەسەر ڕوخساری زەوییەوە پیشان دەدرێت..

بە هەمان جۆریش، خوای گەورە درەوشانەوەی هەرە تەواوی ناوی "الرحمن" لە شێوە و وێنە(صورة)ی گشتیی مرۆڤدا، بە پێوانەیەکی بچووکتر دەردەخات، بە چەشنی ئەوەی کە لە سیمای "زەوی" و "گەردوون"دا بە تەرازوویەکی فراوانتر و گەورەتر پیشانی دەدات.

هەر لەم فەرموودە پیرۆزەدا ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی کە:

مرۆڤ و زیندەوەران ئەوەندە ڕواڵەتیان تێدایە و هەموویشیان دەبن بە بەڵگە لەسەر خواوەندی: "الرحمن الرحیم" کە وەك ئاوێنەی تیشك بەخشی درەوشانەوەکانی خوای گەورە وان. چونکە هەروەك وێنەی خۆر لە ئاوێنەدا دەردەکەوێت و بەمەش دەبێت بە بەڵگە لەسەر بوونی خۆر، مرۆڤیش بە هەمان جۆر، دەبێت بە بەڵگەیەکی ڕوون و بێ گومان لەسەر بوونی خوای گەورە..

جا هەروەك دەتوانرێت بەو ئاوێنەیە بوترێ: "ئەوە خۆرە" بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕادەی ڕوونی و بەڵگەبوونی لەسەر خۆر بکرێت، دەشتوانرێت بوترێ

- وەك لە فەرمووده‌کەدا وترا -: مرۆڤ وێنەی "الرحمن"ی تێدایە، تاکو ئاماژە بکرێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە ڕوونی بەڵگەیە لەسەر ناوی: "الرحمن" و موناسەبەتێکی تەواوەتی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵدا هەیە.

شوێنکەوتە میانەڕەوەکانی ڕێبازی "وحدة الوجود" لەسەر بناغەی ئەم بەڵگەیە و، وەك ناونیشانێك بۆ تەواویی موناسەبەتی نێوان خوا و بەندە، وتوویانە: "لا موجود إلاّ هو".

اللهمَّ یا رحمنُ یا رحیم!

بحق: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ ارحمنا کما یلیق برحمتك، وفهمنا أسرار ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ کما یلیق برحیمیتك. آمین.

☐ نهێنیی شەشەم:

ئەی ئەو مرۆڤەی کە لە ناوەندی دەستەوسانییەکی بێ کۆتایی و هەژارییەکی بێ سنووردا دەتلێتەوە!

ئەگەر دەتەوێت تێبگەیت لەوەی کە چۆن "میهرەبانی" گەورەترین هۆکار و ئومێدبەخشترین شەفاعەتخوازە، ئەوا بزانە:

"میهرەبانی" بەهێزترین هۆیە بۆ گەیشتن و شادبوون بە خزمەت پادشایەکی مەزن و شکۆمەندی ئەوتۆ کە ئەستێرە و گەردیلەکان، وەکو یەك، بەوپەڕی تەواوی و ڕێکوپێکی سەربازی گوێڕایەڵی ئەون..

ئەو پادشا شکۆمەندەی کە پەروەردگاری جیهانیانە و هیچ پێویستییەکی بە هیچ کام لە بەدیهێنراوانی نییە و، بەسەر هەموویاندا بالادەستە و، پێویستیی بە هیچ لایەکی بوونەوەران نییە. بەڵکو هەموو شتێك لە بەردەم مەزنیی ئەودا بچووکیی خۆی دەنوێنێت و سەری بۆ توانستی ئەو دانەواندووە و، ملی بۆ عیزەت و سام و شکۆی ئەو کەچ کردووە.

کەواتە ئەی مرۆڤ!

"میهرەبانی" بۆ دیوان و حوزووری ئەو دەوڵەمەندە ڕەهایە تۆ بەرز دەکاتەوە و، دەتکات بە خۆشەویستی ئەو پادشا هەمیشەییە مەزنە. تەنانەت بۆ پلەی مەزنی گفتوگۆ لەگەڵ کردنی ئەو دەتبات و دەتکات بە خۆشەویست و بەندەیەکی بەڕێزی لای ئەو.

بەڵام هەروەك تۆ ناگەیتە خۆر، چونکە لێی دووریت، تەنانەت هەر ناشتوانیت بە هیچ جۆرێك نزیکی بکەویتەوە و، لە ڕێی ئاوێنەیەکەوە ڕووناکی و درەخشانی و وێنەی خۆیت دەداتێ..

ئێمەش بە وێنەی ئەمە، هەرچەند لە زاتی خاوێنی خوای گەورەوە گەلێ دوورین، بەڵام نووری "میهرەبانی"یەکەی، ئەومان لێ نزیك دەخاتەوە.

ئەی مرۆڤ!

کەسێك ئەم میهرەبانییەی دەست بکەوێت، گەنجینەیەکی مەزنی نەبڕاوەی پڕ لە نووری دەست کەوتووە. بێشزانە ڕێی گەیشتن بەم گەنجینە مەزنە ئەوەیە کە:

درەخشانترین نموونەی میهرەبانی و، باشترین نوێنەری ئەو میهرەبانییە و، ڕەوانبێژترین زمانێك باسی بکات و، بەڕێزترین بانگەوازکار بۆ لای، تەنیا ئەو کەسەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا بە: ﴿رَحْـمـةً للعالمين﴾ (الأنبياء:١٠٧) واتە: "میهرەبانیی جیهانیان" ناو براوە، کە پێغەمبەری خۆشەویستمانە ﷺ..

جا باشترین ڕێ بۆ گەیشتن و دەستکەوتنی ئەو گەنجینە هەمیشەییە: شوێنکەوتنی سوننەتی پیرۆزی ئەوە.

بەڵام ئایا چۆن و لە ڕێی چ هۆکارێکەوە مرۆڤ بەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ شاد ببێت؟

ئەو هۆکارە سڵاوات لەسەردانیەتی!

بەڵێ، سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ واتای میهرەبانی دەگەیەنێت، چونكە سڵاوات بریتی‌یە لە دوعای ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ ئەو ڕەحمەت و میهرەبانی‌یە بەرجەستە و زیندووە و، هۆكارێكە بۆ گەیشتن و شادبوون بەو "میهرەبانیی جیهانیان"ە.

دەسا ئەی مرۆڤ! سڵاواتدان لە دیداری ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ بكە بەهۆی پێ گەیشتن و پێ شادبوونی. پاشان دەستی پێوە بگرە تاكو بتگەیەنێتە میهرەبانیی خواوەندی "ڕەحمان و ڕەحیم".

خۆ كاتێ كە هەموو نەتەوەی ئیسلام دوعا دەكەن و، سڵاوات لەسەر ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ دەدەن، بە ڕوونی مەودای ئەم میهرەبانی‌یە و، ڕادەی گرنگیی و فراوانیی ئەم دیاری‌یە خواییە، دەچەسپێنن.

بە كورتی:

گەنجینەوان و، بەڕێزترین بانگەوازكاری دەرگانەی گەنجینەی میهرەبانیی خواوەند، زاتی ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەیە ﷺ..

هەروەك بەنرخترین كلیلی ئەو گەنجینەیەش: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ە و..

بناغەی ئەو شتەش كە دەیكاتەوە: سڵاواتدانە لەسەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ.

اللّهُمَّ بِحَقِّ: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ صَلِّ عَلى مَنْ أَرْسَلْتَهُ رَحْمَةً لِلعالمين كَما يَليقُ بِرَحْمَتِكَ وَبِحُرْمَتِهِ، وَعَلى آلِهِ وَأَصْحابِهِ أَجْمَعينَ.

وَارْحَمْنا رَحْمَةً تُغنينَا بِهَا عَنْ رَحْمَةِ مَنْ سِواكَ مِنْ خَلْقِكَ. آمين.

﴿سبحانَكَ لا علمَ لنا إلاّ ما علّمتنا، إنّك أنت العليم الحكيم﴾.

# پوختەیەک لە ژیانی دانەر

* ناوی "بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی"یە.
* لە نێوان چیا بڵندەکان و لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگای "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.
* لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.
* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە خواپەرستی و پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی منداڵەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە منداڵەکانی نەداوە!
* دایکی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و، باوکیشی لە ساڵەکانی بیستی سەدەی پێشوودا کۆچی دواییان کردووە و، لە گۆڕستانی گوندی نوورس نێژراون.
* چوارەم منداڵی خانەوادەکەیانە کە یەك لە دوای یەك ئەمانەن: (دوڕڕییە، خانم، عەبدوڵڵا، سەعید، محەممەد، عەبدولمەجید، مەرجان).
* لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بڕوانامەی زانایی لە زانستە ئیسلامی‌یەکاندا بەدەست هێناوە.
* بە هەوڵ و تەقالای خۆی شارەزایی لە زانستەکانی ڕۆژگاردا، وەك: کیمیا فیزیا، بایۆلۆجی، جیۆلۆجی، بیرکاری، گەردووناسی، جوگرافیا، هتد.. پەیدا کردووە.

* لەبەر زیرەکیی ناوازە و لە ڕادەبەدەری، نازناوی (سەعیدی مەشهوور) پاشان (بەدیعوززەمان)ی لە لایەن زانایانەوە پێ دراوە.
* یەکەم کەسە هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی زانکۆ لە کوردستاندا و، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و، خوێندنی وانەی زانستەکانی سەردەم شان بە شانی زانستە ئایینییەکان.
* گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و مەزنترین زانایە کە لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەناو نەتەوەی کورددا هاتووەتە دنیاوە و، ناوبانگی جیهانیی بۆ دروست بووە و، لە ڕووبەرێکی فراوانی سەر زەویدا سوود لە بەرهەمەکانی وەردەگیرێت.
* تاکە کەسایەتی بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی مستەفا کەمال و دامودەزگا چەوسێنەرەکانی و سی و پێنج ساڵی بەندی و زیندانی تاکە کەسی و ڕەهەندەیی و دەست بەسەری و دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.
* زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی لە ژێر ناونیشانی (سەرجەمی پەیامەکانی نوور)دا نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.
* وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بۆ (زمانی عەرەبی) لە لایەن مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی)یەوە تەواو بووە و، لە دە دانە بەرگی قەشەنگدا و لە هەردوو شاری ئەستەمبووڵ و قاهیرە چەند چاپێکی یەك لە دوای یەکیان تا ئێستا لێ بڵاوکراوەتەوە.
* بەشێکی زۆریشیان لە لایەن خوشکی نۆموسڵمان: ماری وێڵد (شوکران واحیدە)ەوە کراون بە (زمانی ئینگلیزی) و، تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەیان بە چاپی جوان و مۆدێرن بەو زمانە لێ بڵاو کراوەتەوە.

*بە (زمانی کوردی)ش تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەی بە شێوەیەکی نایاب لێ چاپکراوە، جگە لە سی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ.

* ئەم پەیامانە بۆ چل و حەوت زمانی نەتەوەکانی جیهان وەرگێڕراون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا بەردەوامە، وەك زمانەکانی:

ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئۆردی، فارسی، ئیتالی، کۆجاراتی، مەلایا، ڕۆمانی، چینی، بولگاری، پورتوگالی، ئەلبانی، بۆسنی، ئیسپانی، مەقەدۆنی.. هەروەها گەلێ زمانی تریش.

* تا ئێستا زیاتر لە پازدە کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیریی لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و، دەیان کتێب و، سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بڕوانامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە، کە هەندێکیان لە کوردستاندا بووە.

* دواهەمین کۆنگرەی جیهانی لەسەر مامۆستا بەدیعوززەمان لە شاری ئەستەمبووڵ لە بەرواری (٣-٥/١٠/٢٠١٠ز)دا ساز کرا و، چەندین کەسایەتیی زانستی لە (چل و چوار) وڵاتەوە بەشدارییان تێدا کرد کە توێژەرانی (سی وسێ) وڵات لەوانە سەد و پێنج دانە توێژینەوەی زانستییان پێشکەش کرد.

* لە "باشووری کوردستان"یشدا، هەتا ئێستا سێ سیمینار تایبەت کراوە بە مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی، لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، سۆران).

هەروەك تا ئێستا سێ مزگەوت بە ناویەوە ناونراوە لە شارەکانی (سلێمانی، سۆران، کەرکووك)، جگە لە هەندێ گوندی کوردستان.

* * *

# پێرستی بابەتەکان

بابەت | لاپەڕە


وتەی یەکەم: ڕوونکردنەوەی ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾ .............. ٥

چۆن دوارۆژمان ڕزگار بکەین؟ .............................. ١١

دیمەنێك لەسەر شاشەیەکی مەعنەوی ........................ ١٨

ئاشووبی فیتنەسازی ئافرەتان ............................... ٢٥

وتووێژێك لەگەڵ کۆمەڵێك لاودا ............................ ٢٩

گەورەترین کێشە ........................................ ٣٦

چەند نامەیەك بۆ بەندکراوان: ............................. ٤١

(نامەی یەکەم) ڕوونی دەکاتەوە کە: لە چ ڕێگایەکەوە "لاوان"
دەتوانن لە بەرامبەر هێرشی هەوا و ئارەزووەکاندا،
کە لەم سەردەمەدا ورووژێنراون، بەرگری لە خۆیان
بکەن و، بە پەروەردەی قورئانی پیرۆز پەروەردە بین .......... ٤١

(نامەی دووهەم) ڕوونکردنەوەی سێ دانە خاڵی دڵدەرەوە و
ڕووناکیبەخش بۆ بەندکراوان و ئەوانەی کە چاودێرییان
دەکەن و یارمەتییان دەدەن .............................. ٤٧

(نامەی سێهەم) ڕوونی دەکاتەوە کە جێبەجێ کـردنی فەرمانی
ئایەتی پیرۆزی ﴿وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾ باشـترین ڕێگا چـارەی
کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانە ........................ ٥٠
(نامەی چوارەم) ڕوونی دەکاتـەوە کـە لـە ڕاستیدا دەتـوانرێت
ماوەی مانەوە لە بەنـدیخانـەدا بکرێت بـە مـاوەی بەخۆدا
چوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و پەند وەرگرتن ........ ٥٣
قورئانی پیرۆز دالـدە و شیفایە ........................ ٥٥
"ئیمان" دڵدانەوەیە ........................ ٦٠
بێداربوونەوەی (دڵ) ........................ ٦٧
زانستەکان بەدیهێنەرمان پێ دەناسێنن ........................ ٧٧
پێویستیی (ئیمان بە ڕۆژی دوایی) ........................ ٨٧
* بۆ ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ........................ ٨٩
* شایەتیدانی سەرجەم پایەکانی ئیمان لەسەر ڕۆژی دوایی ........ ٩٤
سەربخێکی "یەکتاناسی" لە وشەی: (هُوَ)دا ........................ ١١١
سکاڵا بەڵایە ........................ ١٢١
نامۆیانی سەرسامی ........................ ١٢٤
بەختەوەرترین مرۆڤ کێیە؟ ........................ ١٢٧
باشترین (لاو) کێیە؟ ........................ ١٢٨
بۆ لاوی نەخۆش ........................ ١٣٠
باسێکی ورد لەبارەی "نەفس"ەوە ........................ ١٣٢
بێدارە نوستووەکان! ........................ ١٣٥
پێش ئەوەی بخنکێیت بێدار بەرەوە ........................ ١٣٧
نەخۆشیی لەبیرچوونەوە ........................ ١٣٩
نامەیەکی گرنگ: "تەقوا" و "کردەوەی چاك" ........................ ١٤١
لاپەڕەیەکی ژیان ........................ ١٤٦

هەندێ لە نهێنییەکانی ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم﴾ : .................. ١٤٨
* نهێنیی یەکەم:
چەند نیشانەیەکی پەروەردگارێتیی خوای گەورە بە سەروسیمای
بوونەوەران و، ڕووی زەوی و، ڕوخساری مرۆڤەوە .................. ١٤٩
* نهێنیی دووهەم:
قورئانی پیرۆز هەردەم درەوشانەوەی "یەکتایی" لە نێوان
درەوشانەوەی "تەنیایی"دا ڕوون دەکاتەوە .................. ١٥٠
* نهێنیی سێهەم:
تەنها "میهرەبانی"ی خواوەندە کە شادیی بە بوونەوەران بەخشیوە .................. ١٥٢
* نهێنیی چوارەم:
ڕاکێشانی سەرنجی مرۆڤ بۆ لای پاکیی خوای گەورە .................. ١٥٧
* نهێنیی پێنجەم:
لێکدانەوەی فەرموودەی : "إنَّ اللهَ خلقَ آدمَ على صورة الرحمن" .................. ١٦٠
* نهێنیی شەشەم:
باشترین ڕێی بەهرەوەربوون لە میهرەبانیی خوای گەورە .................. ١٦٣
پوختەیەك لە ژیانی دانەر .................. ١٦٦

* * *